دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

هەینی ١٥ی بانەمەڕ ١٣٩١ _ ٤ ی مای ٢٠١٢ | ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان | ژمارە: ٥٨٢ | نرخ: ١٥٠ تمەن

## ئێران پێشێلکەری ئازادیی چاپەمەنییە

لە بەرەبەری ٣ی مای ڕۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنی، کۆمیتەی پشتیوانی لە ڕۆژنامەنووسان «CPJ»' لە ڕاپۆرتی نوێی خۆیدا ئێران، سووریە و کۆریای باکووری بە هۆکاری ناسەقامگیریی ژێئۆپۆلیتیک و ناوکیی ناوچە ناساندوە وناویان لە سەرووی ڕیزبەندی ئەو وڵاتانەیە کە ئازادیی چاپەمەنی پێشێل دەکەن.

## بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ئازادیی ڕاگەیاندنەوە



بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ئازادیی ڕاگەیاندنەوە، جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا مایکل پووزنێر، داوای ئازاد کردنی هەموو ڕۆژنامەنووسە زیندانییەکان لە ئێراندا دەکا.
ناوبراو دەڵێ ڕێز لە هەموو ڕۆژنامەنووسان، وێبلاگنووسان و هاووڵاتییە ئازاکان دەگرین کە لە پێناو ئاگادار کردنەوەی کۆمەڵگە گیانی خۆیان تووشی مەترسی دەکەن و داوا لەو وڵاتە دەکەین دەرفەتێکی لەبار بۆ ڕاگەیەنە سەربەخۆکان بخوڵقێنێ.

### سەرەڕای هەڕەشە و دژایەتییەکان، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان،

# ڕۆژی جیهانیی کرێکاران بەدەر لە ئیرادەی کۆماری ئیسلامی بەڕێوەچوو



لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی لە چەند ڕۆژ پێشترەوە، چالاکانی کرێکاری و مەدەنی لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعات بانگ کرابوون و هەڕەشەیان لێ کرابوو، ڕۆژی جیهانیی کرێکاران بەدەر لە ئیرادەی کۆماری ئیسلامی بەڕێوەچوو. ئەگەرچی ئەمساڵ یەکەمی مانگی مای کەوتبووە ١٢ی بانەمەڕ، بەڵام هەر لە ڕۆژی ١١ی مانگی بانەمەڕدا، ڕێوڕەسمی تایبەتی بە داکۆکی لە ویست و داخوازیەکانی کرێکاران و هاوپێوەندی لەگەڵ ئەو چینە بەڕێوەچوو.

لە شاری سنە هێزە ئەمنییەتییەکان هەڵیانکوتایە سەر کۆبوونەوەی بەرینی کرێکاران، بەڵام نەیانتوانی بڵاوەیان پێ بکەن. لە شارەکانی پاوە، نەغەدە، کامیاران و سەقزیش بەم بۆنەیەوە ڕێپێوان و کۆبوونەوەی تایبەتی سەرەڕای هەڕەشە و دژایەتیکردنی هێزە سەرکوتکەرەکان بەڕێوەچوو.

بەیاننامەی لانیکەمی حەقدەستەکان، داوای حەقدەستی زیاتر، یەکسانیی ژن و پیاو، یەکیەتیی کرێکاران و خوێندکاران، مەحکوومکردنی چەوساندنەوە و کاری منداڵان و تیرۆر و تۆقاندن، ناوەرۆکی درووشمەکان و بڕیارنامەکانی، ئەو کۆبوونەوە و ڕێوڕەسمانەی پێک هێنابوو.

## سێ ئێرانی لە میسر بە تاوانی هەوڵدان بۆ تیرۆری باڵوێزی عەرەبستان دەسبەسەر کران



ڕاوێژکارێکی باڵوێزخانەی عەرەبستان لە قاهیرە دەڵێ ئێران لە هەوڵی ئەوە دابووە باڵوێزی عەرەبستان لە قاهیرە تیرۆر بکا.

ڕۆژنامە میسرییەکان ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕ لە زمانی ڕاوێژکاری باڵوێزخانەی عەرەبستانەوە بڵاویان کردەوە کە لە پێوەندیی لەگەڵ تیرۆری باڵوێزی عەرەبستاندا ٣ ئێرانی دەسبەسەر کراون کە گومانی جێبەجێ کردنی ئەو پیلانەیان لە سەرە.

هەروەها هەواڵدەریی فەرانسە ڕایگەیاندوە هێزە ئەمنیەتییەکانی میسر سێ مانگ لەوە پێش پیلانی تیرۆری باڵوێزی عەرەبستانیان پووچەڵ کردۆتەوە.

شایانی باسە کە کاربەدەستانی عەرەبستان و میسر تا ئێستا لەم بارەیەوە سیاسەتی بێدەنگی کردنیان هەڵبژاردوە، بەڵام ڕامین مێهمانپەرست وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕۆژی سێشەممە بە توندی حاشای لەوە کرد کە ئێران بەرنامەیەکی وای بووبێ.

بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە لە کاتێک دایە کە کۆماری ئیسلامی پێشتریش بە پیلان دارشتن بۆ تیرۆری باڵوێزی عەرەبستان لە ئامریکا تاوانبار کرابوو.

## بڕیاڕی نوێی ئەمریکا لە دژی پێشێلکەرانی گەمارۆکان دژی ئێران و سووریە



باراک ئۆباما، ڕۆژی ١٢ ی بانەمەڕ بە بڕیارێکی نوێ ئێزنی بە وەزارەتی خەزێنەداری وڵاتەکەی دا تا لە دژی هەموو ئەو کەس و کۆمپانیا بیانیانە هەڵوێست بگرێ کە هەوڵ دەدەن گەمارۆکانی ئەمریکا لە دژی ئێران و سووریە پێشێل بکەن.

دەیوید کۆهن، جێگری وەزیری خەزێنەداری ئەمریکا بۆ کاروباری دژەتیرۆریزم و زانیاریی دارایی لەو بارەیەوە دەڵی لەوەبەدوا هەر کەس و لایەنێک بیەوێ بە زیانی خەڵکی ئێران و سووریە گەمارۆکانی ئەمریکا پێشێل بکا، بەرپرسایەتیی ئەو کارە لە ئەستۆی خۆیانە.

وەزارەتی خەزێنەداریی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندوە کە ئەو بڕیارەی سەرۆک کۆماری ئەمریکا دەستی وەزارەتی خەزێنەداریی ئەو وڵاتە ئاوەڵا دەکا تا ئەو کەس و بنیاتە بیانیانەی هەوڵ دەدەن گەمارۆکانی ئەمریکا لە دژی ئێران و سووریە دەور لێ بدەنەوە، سزا بدا و نەهێڵێ دەستیان بە بازاڕە ماڵی و تیجارییەکانی ئەمریکا ڕابگا.



ڕێپێوانی هێمنانەی چەند هەزار کەسیی خەڵکی بۆکان بۆ بەردەم فەرمانداریی شار

( بڕوانە لاپەڕی ٣ )

پەیاممان

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی یەکەمی مانگی مای ڕۆژی جیهانیی کرێکارانەوە

**کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان و ئێران!**

ڕۆژی یەکەمی مانگی مای وەبیرهێنەرەوەی خەباتی بەردەوامی چینێکی نێو کۆمەڵگەیە کە ڕۆڵی سەرەکیی لە بەرهەمهێنان دا هەیە. بۆ پیرۆزڕاگرتنی خەباتی کرێکاران بۆ گەیشتن بە ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژی جیهانیی کرێکار ناودێر کرا. کرێکارانی جیهان و لە نێو ئەواندا کرێکارانی ئێران ئەم ڕۆژە بەرز ڕادەگرن و نارەزایەتی و داخوازەکانی خۆیان بەتایبەت لەم ڕۆژەدا بە دەنگی بەرز ڕادەگەیەنن.

ئەمساڵ لە بارودۆخێکدا ڕۆژی جیهانیی کرێکاران بەڕێوە دەچێ کە بە میلیۆنان کرێکاری کورد و ئێرانی لە هەلومەرجێکی دژواردا ژیان بەسەر دەبەن و ناڕەزایەتییەکانی خۆیان وەک ساڵانی ڕابردوو بە شێوەی جۆراوجۆر دەردەبڕن. لە هەمان کاتدا ژمارەیەکی زۆر لە چالاکانی سەندیکا و ڕێکخراوە کرێکارییەکانی دیکە لە ڕۆژی جیهانیی کرێکاردا لە زیندان دان.

کرێکاران وەک بەشێکی گرنگ و سەرەکیی توانا و هێزی مرۆیی کۆمەڵگەی ئینسانی کە توانایی بەرهەمهێنان و پێکهێنانیان هەیە، لە توێژە گرینگ و کاریگەرەکانی هەر کۆمەڵگەیەکن. ئەم تایبەتمەندییە هەوڵی کرێکاران بۆ هێنانەگۆڕی داخوازەکانیان و گەیشتن بە مافە ڕەواکانیان بەدواوەیە کە دەبێتە هۆی ئەوە بزووتنەوەیەکی زیندوو و یەکسانیخواز بەناوی بزووتنەوەی کرێکاری لە بەستێنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا پێک بێ و تا ئێستاش لە ژیان و خەباتی خۆیدا بەردەوام بێ. بزووتنەوەی کرێکاری بە ڕابردوویەکی خەباتکارانە لە چوارچێوەی بزووتنەوە سیاسی_ کۆمەڵایەتییە مەزنەکاندا پۆلێن دەکرێ و ئێستاش وەک بەشێکی گرینگ لە خەباتی مەدەنیی خەڵکی کوردستان بە حیساب دێ. ئەم بزووتنەوەیە لە ساڵانی سەرەتای دەیەی ١٣٧٠ دا خۆی ڕێک خست و لە ماوەیەکی کورتدا توانی بە پێکهێنانی سەندیکا، یەکیەتی و ڕێکخراوە سەربەخۆ سینفی و کرێکارییەکان پەرە بستێنێ و لە بەشێک لە کارخانە و کارگەکاندا ببێ بە زمانحاڵی توێژی کرێکار و داخوازییەکانی جینی کرێکار لە زمانی کرێکارانەوە دەربڕێ. ڕێبەرانی بە کردەوەی بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان لە ماوەیەکی کورتخایەندا کارگەکانیان کرد بە سەنگەری سەرەکیی خەبات. کوردستان ئەمجارەش وەک یەکەمین و دوایین سەنگەری خۆڕاگری و خەبات وەک هەمیشە پێشەنگی ئەم بوارەی خەبات بووە.

ل ٣

ڕۆژنامەنووسی

چەند لایەنێک لە کاریگەریی ئەنتەرنێت لەسەر ڕاگەیاندن و پێوەندییە گشتییەکان
٤

سیاسی

ئامانجدار کردنی یارانەکان، خاڵی هەرە لاوازی دەسەڵات
٥

وتووێژ

جەعفەر ئیبراهیم: ئەگەر قەیرانی عێراق چارەسەر نەکرا، هەرێمی کوردستان ناکەین بە قوربانی
٦

نەتەوەیی

کاریگەریی مێدیا لەسەر دروستبوونی ڕای گشتی و گەشەی هزری نەتەوەیی
٧

کۆمەڵایەتی

بە سیاسی_ ئەمنییەتی کردنی پرسە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان
٨

# سەردانی چەند پارلمانتاری کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات



شاندێک لە ئەندام پارلمانەکانی پارلمانی کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان کرد.

پێشنیوەڕۆی پێنج شەممە، ٧ی بانەمەڕ بەڕێزان ئاسۆ کەریم، د.عومەر نوورەددینی و عەلی حوسین، پارلمانتارانی پارلمانی کوردستان سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێک لە رێبەریی حیزبی دیموکرات بە سەرۆکایەتیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب پێشوازییان لێ کرا.

لە دیداریکی چەند سەعاتەدا، ئەم دوو لایەنە کۆمەڵێک پرسی سیاسی و نەتەوەییان هێنایە بەرباس و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لە سەر کرد. چۆنیەتیی کار وتێکۆشانی پارلمانی کوردستان و بەراوەردی ئەو پارلمانە لە گەڵ پارلمانی وڵاتانی دیکە، پێوەندییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە گەڵ حکوومەتی بەغدا و گرفت و کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان، بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە و دوورە دیمەنی ئاڵوگۆڕەکان، رۆڵ و بەشداریی ژنان لە پارلمانی کوردستان و کۆمەڵێک پرس و بابەتی دیکە لەم دیدارە دا خرانە بەر سەرنج و باسیان لە سەر کرا و هەیئەتی میوان و هەیئەتی خانەخوێ خۆشحاڵیی خۆیان لەم دیدارە و لە ئاڵوگۆڕی بیرورا لە بارەی پرسە نەتەوەییەکان و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ناوچە دەربڕی

# سەردانی هەیئەتێکی یەکگرتووی ئیسلامی لە دەفتەری سیاسیی حدک

هەیئەتێکی لقی کۆیەی یەکگرتووی ئیسلامی سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد.



بەیانیی رۆژی دووشەممە، ١١ ی بانەمەڕ هەیئەتێکی لقی کۆیەی یەکگرتووی ئیسلامی بە سەرپەرستیی کاوە مەمەند، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتەوە پێشوازییان لێ کرا.

لەو سەردانەدا دوو لایەن وێڕای خستنەبەر باس و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە سەر پرسە هەستیارەکانی ئێستای عێڕاق، کوردستان و ناوچە لە سەر بەردەوامیی پێوەندیی دۆستانەی حیزبی دێموکرات و یەکگرتووی ئیسلامی پێیان داگرتەوە

# کۆبوونەوەی هاوبەشی کومیتەکانی حدک و ی. ن. ک لە سویس

کوردستان کورد نیوز: کومیتەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە وڵاتی سویس بۆ تاوتوێکردنی چەند پرسێکی کوردستانی لەگەڵ یەکتر کۆبوونەوە.

رۆژی شەممە، ١١ ی بانەمەڕ لە شاری بێرن ، پێتەختی وڵاتی سویس، کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمیتەی یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان بۆ باس لە سەر چەند پرسێکی وەک تاوتوێ کردنی بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و هەروەها بارودۆخی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، چۆنیەتیی پێوەندیی نێوان کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمیتەی یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان لە وڵاتی سویس کۆبوونەوە.

لەو دیدارەدا وێڕای باس لە سەر کۆمەڵە بابەتێکی پێوەندیدار بەو پرسانە لەبارەی چالاکتر بوونی هێزە کوردستانییەکان لە سویس و پتەوکردنی پێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکان ریزە پێشنیارێکی ٦ خاڵی قسەیان لە سەر کرا و لە سەریان ساغ بوونەوە کە بریتی بوون لە:

– لێژنەیەک دابندرێ بە هاوکاریی هەموو حیزبە کوردستانییەکان بۆ پێکهێنانی لۆبی کوردی لە وڵاتی سویس
– کار بکرێ بۆ ئەوەی هەموو هێزە کورد و کوردستانییەکان بە یەکەوە بۆنە نەتەوەییەکان بەڕێوە ببەن
– لە رۆژی فێستیڤاڵی کولتووریی نەتەوەکان ژنانی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی یەکیەتیی بە یەکەوە بەشداریی چالاکانەیان هەبێ و لە لایەن کۆمیتەی هەر دوولاوە پشتیوانییان لێ بکرێ
– هەوڵ بدرێ لە گەڵ حکوومەتی کانتۆنەکان پێوەندی بگیرێ بۆ هاوکاری کردنیان لە مەر کردنەوەی قوتابخانەی کوردی بۆ منداڵە کوردەکان،
– کار بکرێ بۆ دانانی ناوەندێکی کولتووریی کوردی بۆ سەرجەم کوردانی دانیشتووی وڵاتی سویس
– دامەزراندنی پلاتفۆرمێکی کوردی لەو وڵاتە بە هاوکاریی هەموو کوردستانیان بە بێ جیاوازی .

شایەنی باسە کە هەیئەتی کۆمیتەی سویسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی یاسین مەولوودی، بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو دیدارەدا بەشداری باسەکان بوو.



# بەڕێوەچوونی یادی ١١٤ ی رۆژنامەنووسیی کوردی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک

کوردستان و کورد نیوز: کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان لە بیرەوەریی ١١٤ ساڵەی دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی و رۆژی رۆژنامەنووسیی کوردی دا کۆڕیادێکی بەڕێوە برد.



لە سەرەتای ئەو کۆڕیادەدا کە بەیانیی رۆژی یەکشەممە، ٣ی بانەمەڕ و بەبەشداریی دەیان کەس لە کادرەکانی راگەیاندنی حیزبی دیموکڕات و کۆمەڵێک لە میوان و نووسەرانی باشووری کوردستان و هەروەها ژمارەیەک لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بەڕێوە چوو، کوێستان فتووحی، بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب وێڕای پیرۆزبایی ئەو رۆژە لە سەرجەم نووسەران و رۆژنامەنووسانی کوردستان مەبەستی پێک هاتنی ئەو کۆڕەی شی کردەوە.

پاشان پەیامی ناوەندی راگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەیە لە لایەن عەبدوڵڵا بەهرامی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی تەلەڤزیۆنی کوردکاناڵ خوێندرایەوە.

یەکەم کۆڕگێڕی ئەو یادە مستەفا مەعرووفی، مامۆستای زانکۆ و یەکێک لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو کە باسەکەی لە ژێر ناوی رۆژنامەنووسیی کوردی و پرسی زمان پێشکیش کرد.

ئارام برایم خاس کادری راگەیاندنی حیزبی دیموکرات، یەکێکی دیکە لە کۆڕگێرانی ئەو پانێلە بوو کە باسێکی لە ژێر ناوی «کاریگەریی میدیا لە سەر دروستبوونی رای گشتی و گەشەی هزری نەتەوەیی» دا پێشکیش کرد.

دوایین کۆڕگێڕی ئەو کۆڕیادە، مەحموود شەریفی، ئەندامێکی دیکەی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی «کوردستان» بوو، کە باسەکەی بۆ تیشک خستنە سەر رۆژنامەنووسیی ئەلەکترۆنی تەرخان کردبوو.

لە بەشێکی دیکەی ئەو کۆڕیادەدا دەقی لەوحی رێزلێنانی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب بە بۆنەی تێکۆشانی نەسرەوتووانەی هاوڕێی پێشمەرگە مام عەلی گوڵی لە پێناو دڵسۆزیی بێخەوش و بێ برانەوەی بە رۆژنامەی «کوردستان» و بڵاوکردنەوەی خۆبەخشانەی ئەو رۆژنامەیە، لە لایەن رەحمان سەلیمی خوێندرایەوە و دواتر مام عەلی گوڵی لەوحی رێزلێنانەکەی لە دەستی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە وەرگرت.

دوایین بەشی ئەو کۆڕیادە بۆ سەرنج و بۆچوونی چەند کەس لە بەشدارانی کۆڕیادەکە تەرخان کرا.

# بەشداریی کۆمیتەی ئۆتریشی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە جێژنی سەری ساڵی کوردە ئێزەدییەکان



هەیئەتێکی کۆمیتەی ئۆتریشی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەشداریان لە جێژنی سەری ساڵی ئیزەدییەکان

لەو وڵاتەدا کرد.

لەو جێژنەدا کە کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی ئۆتریش بەڕەسمی لە لایەن کۆمەڵەی کوردە ئێزەدییەکانەوە بانگهێشت کرابوو، پەیامی کۆمیتەی حیزب بەو بۆنەیەوە لە لایەن کاک محەممەدی فەقێ عەلی پێشکەش کرا و دەقی پەیامەکە مێژوو و شێوەی ژیانی کوردە ئێزەدییەکانی لە خۆ گرتبوو کە کە لە لایەن بەشدارانەوە پێشوازی زۆری لێ کرا .

شایانی باسە کە کۆمیتەی ئۆتریشی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی محەممەدی فەقێ عەلی بەرپرسی بەشی تەشکیلات و پەرۆش قادری نوێنەرایەتیی کۆمیتەی حیزب لە شاری لینز لەو جێژنەدا بەشدار بوون.

# بەشداریی هەیئەتێکی کومیتەی ئۆرێبروی حدک لە سێمیناری بەڕێز عومەر شێخ مووس

ئێوارەی رۆی شەممە ١٤ی مارس ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هاوڕێ لە گەڵ کەریم بابەکری، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە شاری ئۆریبرۆ بەشداری سمینارێکی سیاسی بوون کە لەلایەن رەوندی کوردی ئەوشارە لە ژێر ناوی ‹› ئایندە و پێگەی کورد لە ئاڵوگۆڕەکانی سوریەدا››، بۆ سیاسەتمداری کورد کاک عومەر شێخ موس، پێک هاتبوو.

کاک عومەر شێخ موس لەو کۆبوونەوەیەدا زۆر بەوردی ئاماژەی بە هەلومەرجی ئێستای سووریە، نەقش و رۆڵی کوردەکان لەو ئاڵوگۆڕانە کرد و ئاماژەی بەوە کرد کە گەیشتنی کورد بە ئامانجە رەواکانیان لە گرەوی یەکگرتووی و یەکبوونی هێزە سیاسی و چین وتوێژەکانی کۆمەڵگای کوردی لەو بەشە لە کوردستانە.

پێویست بە ئاماژەیە کە لە کۆتایی سمینارەکە دا هاوڕێیانی حیزبی لە نزیکەوە چاویان بە بەڕیز شیخ مووس کەوت و چەپکە گوڵی ڕێز لینانی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری ئۆرێبرویان پێشکەش کرد.



# فستیڤاڵی رۆشنبیریی سۆران لە یادی ١١٤ ی ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردیدا

رۆژی یەکشەممە، ٣ی بانەمەڕ لە یادی ١١٤ ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردی و رۆژی جیهانیی کتێب بە دروشمی «پێکەوە بۆ سەربەخۆیی و ئایەندەیەکی گەشتر» لە هۆڵی بۆنەکانی سۆران بە ئامادە بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە رووناکبیران و رۆژنامەنووسانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، کوردانی قەفقاز، و چەند رووناکبیرێکی کورد لە کانادا و ئورووپا و دەزگا و ناوەندە حکوومی و ناحکوومییەکانی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی حیزب و رێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستان «فستیڤاڵی رۆشنبیریی سۆران» دەستی بە کارەکانی کرد.

ئەو فستیڤاڵە رۆشنبیرییە سەرەتای کارەکانی خۆی بە خوێندنەوەی وتاری کردنەوەی لێژنەی باڵای فستیڤاڵ، پەیامی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و یەکیەتیی نووسەرانی کورد دەست پێ کرد.

هاوکات لە چوارچێوەی رێوڕەسمی کردنەوەی فستیڤاڵەکەدا بەرنامەیەکی هونەری و گۆرانی لە لایەن تیپی مۆسیقای هونەرە جوانەکانی رەواندز و کۆمەڵەی وێژەی کوردی لە رەواندز بە بەشداریی چەند هونەرمەندێک پێشکێش کرا.

هەر لە چوارچێوەی ئەم فستیڤاڵەدا سێ پیشانگا لە بواری کتێب، شێوەکاری و شوێنەواردا کرایەوە لە پانێلی یەکەمی ئەم فستیڤاڵەدا، «رۆژنامەگەری کوردی لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا» لە لایەن کاکشار ئورەمار؛ «ئێتیکێتی رۆژنامەگەریی» لەلایەن ژیار گوڵ ؛ «رۆڵی ژنان لە رۆژنامەگەری کوردی دا» لە لایەن مزگین بینگوڵ ؛ «رۆژنامەگەری و شارستانییەت» لەلایەن سەرۆ قادر و «رۆژنامەگەری سریانی» لە لایەن زادوق ئادەم وەوە پێشکیش کران.



ئەو فستیڤاڵە لە رۆژی دووهەمی خۆیدا بەو بابەتانە درێژەی پێ درا.

«ڕەوشی میدیای کوردی لە قەفقاز و فیدراسیۆنی ڕووسیە» لە لایەن کنیاز ئیبڕاهیم لە قەزاقستان، «ئاخاوتن و نووسین لە میدیادا»، لە لایەن د. جەعفەر شێخولئیسلامی؛ «ڕەوشی میدیای کوردی لە ئورووپا»، لەلایەن گۆنای ئاسلان؛ «کاریگەریی ئەنتەرنێت لەسەر راگەیاندن و پێوەندییە گشتییەکان» لە لایەن قادر وریا؛ «رۆڵی رادیو لە نێو میدیای کوردیدا» لەلایەن دوکتور ئیبراهیم مەحموود لە رۆژئاوای کوردستان چەند باسێکی سەرەکیی رۆژی دووهەمی فستیڤاڵی رۆشنبیریی سۆران بوون.

کردنەوەی پێشانگای شوێنەوار و فۆلکلۆر و کۆنسێرتی هونەرمەندان گوڵستان پەروەر، عەزیز شارۆخ و حەمە ڕەئوف کەرکوکی برگەکانی دیکەی دووهەم رۆژی فستیڤاڵەکە بوون.

لە رۆژی سێهەمی فستیڤاڵیش دا، فەلەکەدین کاکەیی، د. بەدرخان سندی، شێرزاد حەسەن و عەزیزی نێعمەتی، هەرکام بە باسێک لەبارەی کتێب و نووسینی بەشدارییان کرد.

شایانی باسە کە هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان جەلیل گادانی، قادر وریا، حەسەن رەستگار و حوسێن مەدەنی لەو فستیڤاڵەدا بەشدار بوون.

# دژایەتیی فەرمانداری مەهاباد لەگەڵ بەڕێوەچوونی رێوڕەسمی رۆژی کرێکار

لەگەڵ نزیک بوونەوە لە ١ی مانگی مای، رۆژی جیهانیی کرێکار، سکرتێری جێبەجێکاری ماڵی کرێکار لە مەهاباد رایگەیاند کە فەرمانداری مەهاباد پێشی بە بەڕێوەچوونی بەرنامەکانی رۆژی کرێکار لەو شارە گرتوە کە لە لایەن ئەم دامەزراوەیەوە بەرنامەرێژی بۆ کراوە.

سەعید مستەفانژاد لە وتووێژ لەگەڵ «ئیلنا»، هەواڵدەریی کاری ئێران وێڕای ئاماژە بەوەی کە هەر لە دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧ وە کرێکاران بۆخۆیان سەرپەرستیی بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی حەوتووی کرێکاریان وە ئەستۆ گرتوە، ئاشکرای کرد کە فەرمانداری مەهاباد گوتوویەتی بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی حەوتووی کرێکار لەسەر شانی وەزارەتی کارە و ئەم وەزارەتە دەبێ بەڕێوەی ببا و هەر بۆیەش ئیزنی ئەوە بە ماڵی کرێکار نادا لەو رۆژەدا بۆنە و رێوڕەسمیان هەبێ.

ناوبراو وێڕای سەرنجدان بەوە کە ماڵی کرێکاری مەهاباد بۆ بەڕێوەبردنی ئەم رێوڕەسمە داواکارییەکی ئاراستەی فەرمانداری کردوە گوتی کە بەداخەوە فەرمانداری ئەم شارە لەبابەت داوای کرێکاران و بەڕێوەچوونی رێوڕەسمەکانی تایبەت بە حەوتووی کرێکارەوە وەڵامی «نا»ی بەوان داوەتەوە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد بە توندی پێشی بە بەڕێوەچوونی رێوڕەسمی رۆژی کرێکار گرتوە و ئەمساڵیش داواکاریی ماڵی کرێکاری بۆ بەڕێوەبردنی رێوڕەسمەکانی تایبەت بەو رۆژە بێ وەڵام هێشتەوە.

# کەمپەینی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ: ٧٤ کۆڵبەر لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوژراون

کەمپەینی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە ئێران ڕۆژی هەینی ٧ی بانەمەڕ ڕایگەیاند کە کوژرانی ٧٤ کەس و بریندار بوونی ٧٦ کەس لە کاسبکارانی کوردی تۆمار کردوە کە بە کۆڵبەر ناسراون و لە سنوورەکانی ڕۆژئاوای ئێران دراونەتە بەر دەسرێژی هێزە ئینتیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی.

بە وتەی کەمپەینی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە ئێران، ئەو ئامارە لە مانگی ڕەشەمەی ١٣٩٠ تا وەکوو بانەمەڕی ١٣٩١ و دوای دەستپێکردنی بەرنامەی داخرانی سنوورەکان تۆمار کراوە.

بە پێی ڕاپۆرتی ڕادیۆ فەردا، لە ڕاپۆرتەکەی کەمپەینی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە ئێراندا ڕاشکاوانە هاتوە کە لە ٧٤ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد کە گیانیان لە دەست داوە، ٧٠ کەس لەوان لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە تەقەیان لێ کراوە و کوژراون و ٤ کەسەکەی دیکەش بە هۆی تەقینەوەی مین، کەوتوونە ژێر ڕنووی بەفر، و سەرما لێدان گیانی خۆیان لە دەست داوە.

ئەو ڕاپۆرتە هەروا باسی لەوە کردوە کە لە نێوان ٧٦ کاسبکار کە بریندار بوون، ٨ کەسیان بە هۆی تەقینەوەی مین و ئەوانی دیکە لە لایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە بریندار کراون. ئەو ئامارە تەنیا ناوی کەسانێک لە خۆ دەگرێ کە کەمپەین توانیویەتی شوناس و زانیارییەکانی پەروەندەی ئەوان بە شێوەیەکی سەربەخۆ یان لە لایەن سەرچاوەکانی جێی باوەڕی ئەو ناوچانەوە پشتڕاست بکاتەوە و ئەگەری ئەوە هەیە ژمارەی ئەو کەسانە زۆر زیاتر لەوە بێ، بەڵام بە هۆی تەریک کەوتنەوەی جوغرافیایی و ئابووریی کۆڵبەران، وێدەچێ ژمارەی هەمووی ئەو کەسانە لەو ڕاپۆرتەدا نەهاتبێ.

کەمپەینی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە ئێران داوای لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردوە بە خێرایی لەبارەی کوژرانی کۆڵبەران لە لایەن هێزە ئەمنیەتیەکانەوە لە پارێزگاکانی ورمێ، کوردستان و کرماشان وەڵامی کردەوەی هێزەکانی بداتەوە و لەوبارەوە ڕوونکردنەوەی هەبێ.

ئەو ناوەندەی بەرگریکاری مافەکانی مرۆڤ هەروەها گوتوویەتی کە دەوڵەتی ئێران دەبێ بەدواداچوونی ڕێوشوێنی ئەمنیەتیی سنوورەکانی و پەرەسەندنی ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتری کەڵکوەرگرتن لە توندوتیژی بکا و سیاسەت گەلێکی ڕوون بۆ ڕاگیرانی کوشتنی کاسبکاران دابنێ.

کەمپەینی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە ئێران دەڵێ کە کەڵکوەرگرتن لە چەک لە دژی ئەو کەسانە کە بێکارن و چەکیان پێ نییە، هیچ پاساوێک هەڵ ناگرێ و ئەوە بە مانای پێشێل کردنی قانوونە نێونەتەوەییەکانە.

هادی قائمی، وتەبێژی کەمپەینی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ، هەر لەو بارەیەوە دەڵێ کە دەوڵەتی ئێران لە جێدا هەژاری سزا دەدا و هێرش بۆ سەر کۆڵبەران کە لە هەژارترین ناوچەکانی ئێران نیشتەجێن، کەڵکوەرگرتن لە توندوتیژیی لە دژی خەڵکانێکە کە بە هۆی بارودۆخی نالەباری ئابووری ڕوو دەکەنە ئەم جۆرە کارانە.

وتەبێژی کەمپەینی مافی مرۆڤ دەڵێ کە سەرەڕای ئەوە، کوشتنی ئاژەڵی کاسبکارانیش، جۆرێک لە سزادانی ئەو کەسانە بە بێ تێپەڕکردنی ڕەوتی دادگایی کردنە.

هادی قائمی هەروەها دەڵێ ژمارەی زۆری ئەو کۆڵبەرانە کە کوژراون پیشان دەدا کە دەوڵەت پێویستە بە خێرایی سیاسەتەکانی خۆی بگۆڕێ و کۆمەڵگای نێونەتەوەییش بەردەوام دەبێ سەرنجی ئەم بابەتە بدا.

درێژەی:

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی یەکەمی مانگی مای ڕۆژی جیهانیی کرێکاران

خەباتی بێوچانی کرێکارانی کوردستان خۆی دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە بزووتنەوەی کرێکاری وەک بزووتنەوەیەکی چالاک و زیندووی لێ هاتوە و لە ڕاستای بەرەوپێشبردنی خەباتدا خاوەنی گەلاڵە و پرۆژەی تایبەت بە خۆیەتی و بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ و مافخوازانە لە بەرامبەر سیاسەتە چەوسێنەرانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ڕاوەستاوە. پێکهێنانی بە سەدان سەندیکا، ڕێکخراوە، شووڕا و یەکیەتیی سەربەخۆی کرێکاری کە وەک ئاڵتێرناتیڤی مایە پووچی ڕێکخراوە بەناو کرێکارییەکانی وەک «خانەی کارگر» کە بە شێوەیەکی دەستکرد لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دروست بووە، نیشاندەری زیندوویەتیی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتی ـ سیاسییەیە کە شانبە شانی بزووتنەوەی کرێکاریی سەرتاسەری لە ئێراندا دەچێتە پێش و یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکی و ڕاوەستاوەکانی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێرانە.

**کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان و ئێران!**

لەم نێوەدا کۆماری ئیسلامی بۆ بەلاڕێ دا بردن و چەواشە کردنی بزووتنەوەی کرێکاری لە ڕێبازە ڕاستەقینەکەی خۆی لە هیچ چەشنە هەوڵ و تێکۆشانێک نەپرینگاوەتەوە. کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەی یاسا و ڕێسا جیهانییەکان، بە پەسند کردنی یاسای کاری ١٣٦٧ لە «کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندی نیزام»دا و و بەگوێرەی مادەی ١٣١، کە کرێکارانی ناچار کردوە تەنیا لە ئەنجومەنە سینفی یەکان یا شوورا ئیسلامییەکان دا ببنە ئەندام، مافی پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆی لێ ئەستاندوونەوە و پێشی دامەزرانی سەندیکای لێ گرتوون. بەڵام گرنگیی ئەو بزووتنەوەیە و زیرەکی و لێهاتوویی ڕێبەرە پراگماتیستەکانی کاتێک دەردەکەوێ کە بزانین بزووتنەوەی کرێکارییش وەک گشت بزووتنەوە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی نێوخۆی وڵات بەهێزی توێژی کرێکاری ئێران و کوردستان پشتگەرمە و سەرەڕای گشت گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی، توانیویەتی داخوازە ڕەواکانی خۆی لە ئاستی ئێران دا بەرز بکاتەوە و تەنانەت بە گوێی دنیاشی بگەیەنێ.

بارودۆخی نالەباری ئابووریی ئێران، ڕانەگەیشتنی دەوڵەتی ناوەندی بە کوردستان و نەبوونی پرۆژەی سەنعەتی و پێکنەهێنانی دەرفەتی کار بۆ هێزی کاری لاوی کوردستان، داهاتی کەمی کرێکاران کە زۆربەیان لەژێر هێڵی هەژاریدان، نەبوونی دابین کردنی بیمە، ماوەی زۆری کاری ڕۆژانە، نەبوونی ئەمنییەتی گیانی بۆ کرێکاران لە کاتی کارکردن دا، گرێبەستی ئیمزای کاغەزی سپی، تەعتیلی و داخرانی کارگە و کارخانەکان بە بێ هۆکار و دەرکردنی بە دەیان و بە سەدان کرێکار کە هیچ چەشنە پشتگیرییەکی کاری و ئابوورییان نییە، دیاردەی کرێکارانی وەرزی کە لە هەموو مافێکی سەرەتایی کرێکاری بێ بەرین، گرفتە کارییەکانی ژنان و هەروەها گوشارەکانی کۆماری ئیسلامییش وەک زیندان، تیرۆر، ترساندن و تۆقاندنی چالاکانی کرێکاری، کاری ئەم بزووتنەوەیەی دژوار کردوە و لەمپەرگەلێکی زۆری لە بەردەم ئەم بزووتنەوەیەدا داناوە. بەڵام دیسانیش بزووتنەوەی کرێکاری حەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگرە کە وەک بەشێک لە خەباتی مەدەنیی خەڵکی کوردستان دەکرێ و دەشبێ لە ڕێی جۆراوجۆر و کاریگەرەوە کانالیزە بکرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە یەکێک لە کۆڵەکەکانی خەباتی خۆی لەسەر بنەمای دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دامەزراندوە، لە کۆنەوە لایەنگری مافی کرێکاران و زەحمەتکێشان و نەهێشتنی ستەم لەسەر ئەم توێژە چەوساوەیە بەتایبەت لەکوردستان بووە. لە ڕوانگەی حیزبی ئێمەوە سەرەڕای ئەم ستەمانەی لە ئاستی ئێراندا لەم چینە دەکرێ، کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان بەهۆی سیاسەتی تێکەڵ بە هەڵاواردنی ئابووریی حکوومەتی ناوەندی لە کوردستاندا لەگەڵ زەبروزەنگێکی زیاتر ڕووبەڕوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەیەوە وێڕای ڕێزدانان بۆ تێکۆشان و خەباتی چالاکانی کرێکاری لەپێناوی دابینکردنی مافە ئینسانییەکانی ئەم چینە چەوساوەیەدا، پشتیوانیی خۆی لە بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران و کوردستان لە دژی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی ڕادەگەیەنێ.

پیرۆز بێ یەکەمی مانگی مای ڕۆژی هاوپێوەندیی جیهانیی کرێکاران

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٠١٢/٥/١**
**١٣٩١/٢/١٢**

# مەرگی ناوەختی کوڕی پێشمەرگەیەکی حدک

کوڕی پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕووداوێکی دڵتەزێن گیانی لە دەست دا.

بەیانیی ڕۆژی شەممە، ٩ ی جۆزەردان شوانە سوڵتانی، کوڕی کاک محەممەد سوڵتانی، ناسراو بە « گازۆڵی»، پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نزیک کەمپی ئازادی « لەسەر ڕێگای کۆیە تەقتەق» وەبەر ماشێن کەوت و دوای چەند سەعات بەربەرەکانێ لەگەڵ مەرگ گیانی لە دەست دا.

شوانە کوڕی بنەماڵەی پێشمەرگەیەکی تێکۆشەر بوو کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە لە خزمەت نەتەوەکەی و لە پێناو ئاواتی گەلەکەیدا تێ دەکۆشێ.

تەرمی جوانەمەرگ شوانە سوڵتانی ئێوارەی ڕۆژی شەممە و لە نێو ئاپۆرای ئازیزان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا و لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکرات لە کۆیە بە خاک سپێردرا و هەر بەو بۆنەیەوە ڕۆژی یەکشەممە، ١٠ ی بانەمەڕ ڕێوڕەسمێکی پرسە و ماتەمینی بە بەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی بنەماڵەکانیان و خەڵکی کۆیە لە ساڵۆنی ڕێوڕەسمەکانی حیزب داندرا. لەم ڕێوڕەسمەدا مستەفا مەولوودی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب، لەسەر ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە و مەرگی شوانە، قسەی بۆ بەشداران کرد.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان





بەو بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی هاوڕێ محەممەد گازۆڵی دەکا و خۆی بە شەریکە خەم و ماتەمی ئەو بنەماڵەیە دەزانێ.

# ڕاگەیەندراوی پشتیوانی لە ژنانی چالاکی بۆکان

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا پشتیوانیی خۆی لە ژنانی چالاکی شاری بۆکان سەبارەت بە پێداگرییان لە بەدواداچوونی پەروەندەی ڕفاندن و کوژرانی سومەییە فەیزوڵڵاپوور ڕاگەیاند.

لەو ڕاگەیەندراوەدا وێڕای ئاماژە بە ڕووداوی ڕفاندن و دەستدرێژی کردنە سەر سومەییە و کوشتنی لە لایەن چەند کەسێکی سەر بە ڕێژیمەوە هاتوە کە بەرپرسایەتیی کوشتنی کیژێکی قوتابی بێتاوان لەشاری بۆکان لە لایەن دەست و پێوەندەکانی ڕێژیمەوە لە هەنگاوی یەکەم دا دەکەوێتە سەر شانی کاربەدەستانی حکوومەتی، بەڵام بە پێچەوانەوە بە هۆی ئەوەی کە تاوانبارانی ئەو ڕووداوە لە خودی مۆرەکانی ڕژێمن و خزمەتی دام و دەزگاکانی ڕێژیم دەکەن و ژیانی ئاسایی خەڵکی شاریان تێک داوە، تا ئێستا هیچ سزایەکیان بۆ لەبەر چاو نەگیراوە بێ سەروشوێن کردن و پاشان کوشتنی کیژێکی بێ تاوان لەلایەن مۆرەکانی ڕێژیمەوە پەڵەیەکی دیکەی ڕەشە بەناوچاوانی ڕێژیمی دەسەڵاتداری ئێران.

لەو بەیاننامەیەدا هاتوە کە لە حاڵێکدا ژنانی بۆکانی جارێکی دیکە جەختیان لەسەر داوا ڕەواکەی خۆیان کردۆتەوەو ئاماژەیان بەوەداوە کە تا ئەو کەسانە سزا نەدرێن هەموو ڕۆژانی هەینی بە نیشانەی دەربڕینی نارەزایەتی دێنە سەر شەقام، یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانیش دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ دەنگی ژنانی چالاکی بۆکانی و پشتیوانییان لێ دەکا

# هەڕەشەی ژنانی چالاکی بۆکان لە کاربەدەستان بۆ ئەنجام دانی سەرلەنوێی خۆپیشاندان

سەرەڕای خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕینی هەزاران کەس لە خەڵکی بۆکان لە ڕۆژی هەینی ١ی بانەمەڕ، دژ بە کوژرانی کچە خوێندکار سومەیە فەیزوڵڵاپوور، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران تا ئێستا نەک وڵامیان بە داخوازی خەڵکی ناڕازی نەداوەتەوە بەڵکو بەردەوام خەریکی پووشبەسەر کردنی ئەم تاوانە و داڵدەدانی تاوانبارانن.

لەم بارەوە ژنانی چالاکی شاری بۆکان کە خۆپیشاندانەکەی پێشوویان ڕێکخستبوو، کاربەدەستان وشیار دەکەنەوە کە ئەگەر هەروا بێ هەڵوێست بن ئەوا ئەوان سەرلەنوێ نارەزایەتیەکانیان دەست پێ دەکەنەوە.

لە بەشێک لە ڕاگەیەندراوەکەی ئەو ژنە چالاکانەدا هاتوە کە: ئێمە هەموومان بە یەکەوە لە خۆپیشاندانەکەی ڕۆژی هەینی، یەکی بانەمەڕدا بە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازی پێوەندییگرتن نەمانهێشت دەنگمان لە چوارچێوەی بەرتەسک و کپ کراوی شاردا خامۆش بێ و سەرەڕای هەموو کۆنترۆڵەکان توانیمان سەرنجی ئازادیخوازانی دەرەوەی سنوورەکان و ڕاگەیاندنەکان بۆ ئەم ڕووداوانە ڕابکێشین. جێگای شانازییە کە ئاوا بە خێرایی لە بەرامبەر ئەو جینایەتە دا کە ئەمنییەتی گیانی ڕۆڵەکانمان دەخاتە مەترسی ، بە یەکگرتوویەوە ڕاوەستاین.

ژنانی چالاکی بۆکان لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەندراوەکەیاندا دەڵێن لە حاڵێکدا کە دەسگیری و سزا دانی ئەو کەسانەی نائەمنی دەخولقێنن لە خواستە ئەسڵییەکانی ئێمەیە. بەڵام مەئموورە دەوڵەتییەکان بە ئازاد هێشتنەوەی سەرۆکی باندەکان و سزا دانی کەسانی دەرەجە چەندۆم ئەویش لە بەر چاوی خەڵک و ژنان و منداڵان و جەوانان، دەیانەوێت مەسەلەکە کۆتایی پێ بێنن..

ئێمە جارێکی دیکە لە ڕێگای ئەم بەیاننامەیەوە ڕادەگەیەنین کە خوازیاری دادگای ئاشکرای تاوانبارەکانین و نامانەوێت لە فەزای شێواوی ئەم مەسەلەیە کەڵک وەربگیرێت بۆ بەڕێوەبردنی حوکمی نائینسانی و ئێعدامی بەر چاوی خەڵک کە خۆی یەکێک لە ڕەوشە نائینسانییەکانە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ جینایەت و هەرگیز تاوانەکان کەم ناکاتەوە بەڵکو کوشتن و توند و تیژی ئاسانتر پیشان دەدات و فەزای تۆقان و نائەمنی ئێستا زیاتر دەکات.

لە کۆتایی ئەو ڕاگەیەندراوەدا داوا کراوە کە هەر کەس و هەر لاوێک کە لە سەر نارەزایی دەربڕینی ڕۆژی هەینی ١ی گوڵان دەسگیر کرابێت بە خێرایی ئازاد بکرێت.

ژنانی بۆکان گوتوویانە لە ئەگەری وەڵام وەرنەگرتندا هەم ڕۆژی چوارشەممە و هەم ئێوارەی ڕۆژی هەینی لە شوێنە دیاری کراوەکانی پێشوودا و هەموو ڕۆژانی هەینی بۆ خۆمان و بۆ خەڵکی وەزاڵە هاتوی بۆکان بە ڕەسمی دەناسین بۆ دەربڕینی نارەزایەتی دووبارە کۆ دەبینەوە.

# بەڕێوەچوونی سمیناری تێکنۆلۆژیای زانیاری، لێکۆڵینەوە و گەشە سەندن لە لایەن کۆمیسیۆنی فێرکردنی حدک



کۆمیسیۆنی فێر کردن و لێکۆڵینەوەی حدک ڕۆژی دووشەممە ١١ی بانەمەڕ، کۆڕێک لە ژێر ناوی « تێکنۆلۆژیای زانیاری، لێکۆڵینەوەو گەشە سەندن» بۆ ئارەش لۆڕستانی پێک هێنا.

لەو کۆبوونەوەیەدا، ئارەش لۆرستانی باسێکی لە بارەی لایەنە جیاوازەکانی گەشەی سیاسی لە سەدەی ٢١، بە کەڵکوەرگرتن لە لێکۆڵینەوە و تێکنۆلۆژیای زانیاری هێنایە ئاراوە و بەستێنە مەنتقی و زانستییەکانی گەشەی سیاسیی خستە بەر لێکدانەوە و هەروەها شیوازەکانی بە کار هێنانی لە قۆناغی پێشکەوتووی زانیاریی-لێکۆڵینەوەیی بە پێی جۆری پێویستیی سیستمی دەسەڵاتدار شرۆڤە کرد.

ئارەش لۆڕستانی لە درێژەی باسەکەی دا ڕۆڵی حیزبە سیاسییەکانی لەم پێوەندییەدا بە گرینگ زانی.

ناوبراو گوتیشی حیزبە سیاسیەکان دەبێ بە پێکهێنانی کۆمیتەی تێکنۆلۆژیای زانیاری، لێکۆڵینەوەو گەشە سەندن، ئۆرگانە کارییەکانی خۆیان نوێ بکەنەوە تاوەکوو بتوانن لە چوارچێوەی پێشکەوتنی سیاسی ئەمڕۆکەدا ڕۆڵی خۆی بگێڕێ و وەک عونسورێکی پاسیڤی لێ نەیە.

شایانی باسە ئەو کۆبوونەوەیە بە پرسیار و وڵامی بەشداران کۆتایی پێ هات.

# چەند لایەنێک لە کاریگەریی ئەنتەرنێت لە سەر ڕاگەیاندن و پێوەندییە گشتییەکان

قادر وریا

**ئاماژە: لە ڕۆژانی ٢٢-٢٤ی ئاوریلی ئەمساڵ، فستیڤاڵێکی ڕۆشنبیری بە بۆنەی یادی ١١٤ ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە شاری سۆران بەڕێوە چوو. ئەم باسەم کە بۆ ئەم فستیڤاڵە ئامادە کردبوو، لە ڕۆژی دووهەمی فستیڤاڵ دا، پێشکەش کرد.**

سەردەمی ئێستا بە سەردەمی پێوەندییەکان ناودێر کراوە. مەبەست لە پێوەندی، ئەو کەرەستە و ئامرازانەیە کە پێوەندیی مرۆڤەکان بە هۆی ئەوانەوە پێک دێ و سەرجەم دیاردە فیکرییەکان و کەرەستەی ڕاگواستن و پاراستنی ئەوان لە شوێن و زەمەن دا و لە سەر ئەم بناغەیە، پەرە دەستێنێ.

دیارە لەم پێناسەیەدا، نەهەموو پێوەندییەک مەبەستە و نە هەموو کەرەستەیەک. مەبەستی من «پێوەندیی ڕاستەوخۆ و کەسی» نییە. هەروەها مەبەستم پێوەندیی ناڕاستەوخۆ و «غیرە شخصی» نییە. چونکە لە یەکەمیان دا پێوەندی لە نێوان پەیامنێر و پەیام وەرگردا بە بێ «واسطە»، دروست دەبێ. لە دووهەمیشیان دا، «واسطە» یا پردێک هەیە کە پێوەندییەکە دروست دەکا،بەڵام پەیامنێر (بەرێکەری پەیام) و پەیام وەرگر، یەکتر ناناسن. مەبەستی من « پێوەندیی گشتی» یە.

پێوەندیی گشتی، پێوەندییەکی ناڕاستەوخۆیە کە لە ڕێگای تەلەڤیزیۆن ، ڕادیۆ، چاپەمەنیی پڕ تیراژ و ڕاگەیەنە گشتییەکانی دیکەوە پێک دێ. واتە لەم ڕێگایەوە پێوەندییەکی گشتی لە نێوان هەزاران کەس دا دروست دەبێ، ئەگەرچی یەکتریش ناناسن. لەم جۆرە پێوەندییانەدا، ئەم سنووورە زەمەنی و شوێنی یە کە لە پێوەندییە ڕاستەوخۆ و کەسییەکاندا هەبووە و هەیە، بەدی ناکرێ.

**گشتگیربوونی ئەنتەرنێت**

لە کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی ٢١ دا، جیهانی پێوەندییەکان شایەدی گۆڕانێکی گەورە بوو. گشتگیر بوونی ئەنتەرنێت، هۆکارێکی بنەرەتیی ئەم گۆڕانە مەزنە لە جیهانی پێوەندییەکان دا بوو.

ئەنتەرنێت وەک تۆڕێکی جیهانی بۆ ئاڵوگۆری زانیاری، جگە لەوەی کۆمەڵێک هاسانکاریی خستە بەردەست سەرجەم ڕاگەیەنەکانی دیکە، جۆرێکی نوێ لە ڕۆژنامەنووسیی داهێنا، کە بریتی بوو لە ڕۆژنامەنووسیی سایبێر. ساڵی١٩٩٢ یەکەمین ڕۆژنامەی ئۆنلاین لە تۆری جیهانیی ئەنتێرنێت دا سەری هەڵدا کە «شیکاگۆ ئۆنلاین» بوو. ڕۆژنامەنووسیی سایبێر لەگەڵ خۆی دا کۆمەڵێک گۆڕانی هێنا، هەم لە فۆرم و هەم لە ناوەڕۆک دا. ئازادیی کردەوەی بەڕۆژنامەنووسان دا و دەرەتانی بەشداریی بەردەنگ لەم جۆرە ڕۆژنامەنووسییەی دا پێک هێنا.

لە ڕۆژنامەنووسیی سایبێردا، ژمارەیەکی کەم بۆ ژمارەیەکی زۆر بابەت بەرهەم ناهێنن، بەڵکوو ژمارەیەکی زۆر بۆ ژمارەیەکی زۆر بابەت بەرهەم دێنن. ئەمە گرینگترین گۆڕان و گرینگترین جیاوازی لە نێوان ڕۆژنامەنووسیی سایبێر و ڕاگەیەنێکی وەک تەلەڤیزیۆن یا ڕۆژنامەیەکی کاغەزی دایە. لە فەزای سایبێردا، هەرتاکێک بۆ خۆی سەرنووسەرێکە. ئەم ڕاستییە بەتایبەتی لە وێبلاگەکان دا، خۆی دەردەخا.

ئەگەر بمەوێ دیارترین تایبەتمەندیی ڕۆژنامەنووسیی سایبێر باس بکەم، ئەو تایبەتمەندییە بریتییە لە «دەسەڵاتدان بە بەردەنگ». ئەم تێکنۆلۆژییە، بووە بە هۆی ئەوە بەردەنگەکان کۆنترۆڵێکی زیاتریان بەسەر بڵاوکردنەوەی زانیاری دا هەبێ و لەسەر هەڵوێستی ڕاگەیەنەکان، شوێن دابنێن.

**هۆیەکانی پەرەگرتنی ڕۆژنامەنووسیی سایبێر:**

هۆگری بە ڕاگەیەنە سایبێرییەکان دەگەڕێتەوە بۆ هێندێک هۆ و هەروەها ئەو تایبەتمەندییە بێ وێنانە کە ئەو جۆرە ڕاگەیەنانە هەیانە. لێرەدا ئاماژە بە هێندێکیان دەکەم:

*١_ ڕەها بوون لە زەمەن و شوێن (نەبەسترانەوە لە چوارچێوەی زەمەن و شوێن دا)*

ڕاگەیەنی سایبێری، شتێک بە ناوی زەمەن و مەکان ناناسێ. خوێنەری ڕاگەیەنێکی سایبێری، هەر کە چووە بەرامبەر لۆپ تابەکەی یا ڕووبەڕووی شاشەی کامپیۆتێرەکەی دانیشت، دەچێتە نێو جیهانی سایبێر. ئەمەش یانی دەستراگەیشتنی ڕاستەوخۆ و خێرا بە زانیارییەکان. گرنگ نییە لێرە کاتژمێر ٨ی بەیانییە و لەوسەری دنیا نیوەشەو، مەودای زەمەنی و مەودای جوگرافی، لەدەستراگەیشتن بە زانیاری دا ڕۆڵ نابینێ.

ئەوساتەی زانیارییەک دەچێتە نێو جیهانی سایبێر، لە هەرکوێیەکی جیهان بێ و هەرکاتێکی شەو و ڕۆژ بێ، دەستت پێی ڕادەگا. وەک ڕۆژنامەی کاغەزییش نییە، بەفر و باران و توفان و خراپ بوونی ڕێگاوبان و درەنگ هەستان و وەڕێکەوتنی فڕۆکە و پاپۆر وشەمەنەفەر، کاریگەریی لە سەر درەنگ یا زوو گەیشتنیان بە خوێنەردا هەبێ.

*٢_ دەستراگەیشتن بە هایپێرتێکست hypertext ، ئەدەبیاتی جیهانیی واژەکان(، زانیاریی زیاتر لە دەقەکە)*

زۆر جار لە کاتی خوێندنەوەی دەقێکی ئەنتەرنێتیدا دەبینین هێندێک وشە لەوانی دیکە دەرەوەشاوەترن یان بە ڕەنگێکی دیکە بە تایبەتی بە شینێکی کاڵ نووسراون، کە لە سەریان کلیک دەکەین، کۆمەڵێک زانیاری و لینکمان لە بارەی ئەو وشەیە دەدەنێ. بەم جۆرە هەر واژەیەکی لەم چەشنە لە دەرەوەی دەقەکە چەندین زانیاریی پێوەندیدار بەومان پێ دەدا. ئەوەندە زانیارییە لە ڕۆژنامەی کاغەزی و تەنانەت لە ئارشیڤەکانیشیاندا دەست ناکەوێ.

هەر وەها ئەنتەرنێت، بە دابینکردنی خەدەماتی سێرچ(گەڕان بۆ زانیاریی جۆراوجۆر)، گۆڕانێکی لە ڕووی چۆنایەتییەوە بێوێنەی لە کاری ڕۆژنامەنووسی و پێوەندییە گشتییەکاندا پێک هێناوە. وای لێهاتوە بەکارهێنەر(کاربەر) بۆ زانیاری دانامێنێ و لە بارەی هەر کەس و هەر شت و هەر بابەت و دیاردەیەکەوە، پێویستی بە زانیاری، وێنە وشتی دیکە هەبوو، بە هۆی خەدەماتی سێرچ لە ئەنتەرنێت دا، دەیدۆزێتەوە.

*٣_ کەڵکوەرگرتن لە دەنگ، موزیک، وێنەی جێگیر و جووڵاو*

لە ڕۆژنامەی کاغەزی دا، نە دەنگ هەیە، نە موزیک، نە وێنەی جووڵاو، تەنیا وێنەی جێگیر(ثابت)هەیە. بەڵام لە ڕاگەیەنی سایبێری دا، گرافیکی جۆراوجۆر و جووڵەدار، وێنەی جێگیر و جووڵاو، دەنگ، مۆسیقا، یارمەتیی هەواڵەکان، ڕاپۆرتەکان و وتارەکان دەدەن بۆ ئەوەی بابەتەکان زۆرترین کاریگەری دابنێن.

*٤_ دروستکردنی پێوەندی بە بێ «واسطە»*

لە ڕۆژنامەنووسیی سایبێری دا، لەنێوان ڕاگەیەن و بەردەنگ هیچ «واسطە»یەک نییە. هەر دوو لا هەموو کات دەستیان بە یەک ڕادەگا و دەتوانن پەیامەکانیان بگەیەننە یەکتر.

*٥_ دوولایەنە بوونی پێوەندیی نێوان ڕاگەیەن و بەردەنگ*

یەکێک لە ڕاکێشەرترین تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەنووسیی سایبێر، دوولایەنە بوونییەتی. هەروا کە ڕۆژنامەی سایبێر دەتوانێ زانیاری بدا بە بەردەنگ، ڕێگاش هەیە بۆ ئەوەی بەردەنگ زانیاریی بگەیەنێتە ڕاگەیەنەکە. واتە زانیاری گەیاندن و زانیاری گۆڕینەوە دوولایەنەیە. ئیمەیل ناردن و کامێنت نووسین لەو ڕێگایانەیە کە بەردەنگ دەتوانێ قسەی خۆی بگەیەنێتە ڕاگەیەنەکە.

**وێبلاگەکان نوێترین جۆری ڕۆژنامەنووسی سایبێرین!**

ڕۆژنامە سایبێرییەکان و ماڵپەڕە ئەنتێرنێتییەکانیش، ڕکابەری تایبەت بە خۆیان هەیە کە تەنگیان پێ هەڵچنیون. ئەوانیش وێبلاگەکانن.

جاران شتێکمان هەبوو بە ناوی ڕۆژنامەی دیوار (روزنامە دیواری) کە نووسەرەکەی یا ئامادەکارەکەی بە پێی حەز و زەوق و بەهرەکانی خۆی ئامادەی دەکرد. وێبلاگەکانی ئەمڕۆ، ڕۆژنامە دیوارییەکەی جارانن لە فۆڕمێکی مۆدێڕن و ئەمڕۆیی دا. لە ڕاستی دا وێبلاگنووس بە کلیک کردنێک، دەقێک دەخاتە سەر جیهانی دەقەکان. وێبلاگەکان یا نووسەرانی وێبلاگ ئەم ترس و نیگەرانی و بەربەستانەشیان لە بەردەم نییە کە ڕاگەیەنە بە ناوبانگەکانی جیهان لەگەڵیان بەرەوڕوون. هەر بۆیە بە بێ ترس و بە دڵی خۆیان، دەنووسن. گرنگترین تایبەتمەندیی وێبلاگەکان، سەربەخۆ بوونیانە لە دامەزراوە ڕەسمییەکان. وێبلاگنووسەکان، پێویست ناکا ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بن یا کارتی پێناسی هەواڵنێری و ڕۆژنامەنووسییان هەبێ. ئەوان بە کردەوە هەن و کاری ڕۆژنامەنووسی دەکەن ، بە بێ ئەوەی لە سەر ئیزن و ئیجازەی دام و دەزگا دەوڵەتییەکان، پەکیان کەوتبێ. دیارە خوێنەر یا بەردەنگی وێبلاگەکانیش، تایبەتمەندیی خۆیان هەیە. ژنان و منداڵان کە لە ڕاگەیەنی نووسراو دا کەمتر بایەخیان پێدەدری، یا کەمتر مەیدانیان هەیە، مامۆستایان و خوێندکارانی توندڕەو، لاوانی نوێخواز و دژە باو، بەردەنگی وێبلاگەکانن. «بلاگێر»(بەڕێوەبەری وێبلاگ)ەکان جگە لەوەی بۆخۆیان بەردەنگی ڕاگەیەنە سایبێرییەکانن، بۆخۆشیان لە بەرهەمهێنانی زانیاری دا بەشدارن.

**پێکهاتنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە دنیای مەجازی دا**

یەکێک لە دیاردەکان و بەرهەمە گرینگەکانی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیای پێوەندییەکان، پێکهاتنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە جیهانی مەجازی دایە. بەکارهێنەران و بەردەنگانی تێکنۆلۆژیای پێشکەوتووی پێوەندییەکان بەتایبەتی ئەنتێرنێت، لە زۆربەی وڵاتان دا لاوەکانن. لاوەکان لایەنگری جۆراوجۆری (تنوع) و نوێخوازین و ئەنتێرنێت، وڵامدەری ئەم حەز و مەیلەی لاوەکانە. ئەم تێکنۆلۆژیایە، لانیکەم زانیاری لە بارەی نوێخوازی و جۆراوجۆرییان پێ دەدا. ئەم تێکنۆلۆژییایە، دەست بەسەرداگرتنی دەوڵەتان و دامەزراوەکانی دیکە بەسەر سەرچاوەکانی زانیاریی دا بەزاندوە و تاکەکان بەهۆی دەستڕاگەیشتنی هەرزان و هاسان بە ڕاگەیەنەکان، دەسەڵاتی دەوڵەتانیان لە بواری چاوەدێریکردن و کۆنترۆڵی زانیارییەکان دا، کەم کردۆتەوە. بەم جۆرە پێوەندیی تاکەکان لە چوارچێوەی وڵاتێکدا، هەروەها پێوەندیی دانیشتووانی وڵاتانی جۆراوجۆر پەرەی گرتوە.

تاکەکان دوور لە چاوی دامەزراوە فەرمییەکان دەتوانن ببنە ئەندامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەم هۆیە لەم جۆرە پێوەندییەدا سانسۆر و کۆنترۆڵ نییە، تاک هەست بە ئاسوودەیی دەکا. بەتایبەتی لەو وڵاتانەی، خەڵک بە ڕاستی لە ئازادی بێبەشن و لە دنیای حەقیقی دا ناتوانن دامەزراوەی مەدەنی و پێوەندیی ئاشکرا و ڕێکخراویان هەبێ، ڕوو کردن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر لە برەو دایە. لە ڕاستی دا لە دنیای مەجازی، لە ئینتێرنێت دا، دامەزراوەی مەدەنی دروست بوە.

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک، تویتێر و هی دیکە دا، بەکارهێنەران بێوەبەرچاوگرتنی سنووورە جوگرافی، نەتەوەیی، ڕەگەزییەکان، پێکەوە ئاڵوگۆڕی بیروڕا دەکەن و لێک فێر دەبن. ئەوان لەم ڕێگایەوە جیهانی پێشکەوتوو دەناسن و هەوڵ دەدەن جیهانی دەوروبەری خۆشیان، وەک جیهانیە پێشکەوتووەکە لێ بکەن. بە سەرنجدان بەم ڕاستییانە و کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بیر کردنەوە و پێکهێنانی گۆڕانەکانە کە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی ئەم دوو ساڵەی دوایی وڵاتانی باکووری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە شۆڕشی فەیسبووکی ناوبانگیان دەرکردوە.

**دیاردەی بوونی خەڵکی ئاسایی بە هەواڵنووس (شهروند خبرنگار)**

لە ئاکامی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیای پێوەندییەکان و دەستراگەیشتنی بە هاسانیی خەڵک بە ئەنترنیت بە تایبەتی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، ئێستا لە نیو خەڵکی ئاساییش دا لە هەر وڵاتێک دا بە سەدان و هەزاران، هەواڵنووس هەڵکەوتوون کە دەتوانن بە هۆی مۆبایلەکانیانەوە، وێنە و فیلمی ڕووداوەکان بگرن و چەند دەقیقە دواتر لە تۆڕێکی وەک یوتوب و فەیسبووک دا بیخەنە بەرچاوی بینەران و خوینەران. لە ڕەوتی خۆپێشاندانەکانی دوو ساڵ لەمەوبەری ئێران و لە کاتی هاتنە سەرشەقام و ڕاپەڕینەکانی ئەم یەک دووساڵەی تونس،میسر، لیبی و سووریە دا، ئێمە کاریگەریی ئەو دیاردەیەمان لە گواستنەوەی خێرای هەواڵ و ڕاپۆرتی ڕووداوەکان دا بینی. ئەمەش پێشکەوتن و گۆڕانێکی گرنگە کە ڕۆژنامەنووسی و کاری میدیایی لە سەردەمی ئێستا دا.

**ئاکام:**

بە خۆشییەوە، پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیای پێشکەوتووی پێوەندییەکان کوردستان و نەتەوەکەی ئێمەشی گرتۆتەوە. دیارە ئەو داپۆشینە یا ئەو گرتنەوەیە لە هەموو بەشەکانی کوردستان وەک یەک نییە. لە هەرێمی کوردستان، بەهۆی بوونی دەسەڵاتی کوردی و هەبوونی دێموکراسی و کەڵکوەرگرتن لە بەروبوومەکانی تێکنۆلۆژیای پێوەندییەکان و کارپێکردنیان، لە بەشەکانی دیکەی کوردستان زیاترە. ئێستا لە کوردستان و لە نێو نەتەوەی کوردیش دا ڕۆژنامەنووسی سایبێر وەڕی کەوتوە. ڕاگەیاندن هەتا دێ پتر پشت بە ئەنتێرنێت دەبەستێ و بڵاوبوونەوەی تۆڕی ئەنتێرنێت و دەستراگەیشتنی خەڵک بە ئەنتێرنێت بووە بەهۆی ئەوە ماڵپەڕ و وێبلاگ و نووسین و کاری ڕاگەیاندن لە دنیای سایبێر دا، لە پەرەگرتن دابێ. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش، جێگای خۆیان کردۆتەوە و کاریگەریشیان هەم لەسەر ڕاگەیاندنی کوردی، پێوەندیی تاکەکان و جموجۆڵە سیاسی وکۆمەڵایەتییەکان داناوە، هەم یارمەتییەکی زۆریان بە گەشە فیکری و پێکهاتنی گۆڕان لە بیر کردنەوەی تاکەکان و پاڵ پێوەنانیان بەرەو خۆرێکخستن لەگەڵ دنیای مۆدێرن دا هەبووە. بەڵام ئەوەندەی من بۆم دەرکەوتوە، کاریگەریی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیای پێوەندییەکان و ڕۆژنامەنووسی سایبێر، لە ڕاگەیاندنی کوردی دا، کەمتر باسی لێ دەکرێ. هەروەها لە ناوەندەکانی تۆژینەوە و لە دامەزراوە ڕەسمییەکانیش دا، لێکۆڵینەوە و پلان و بەرنامە لەم پێوەندییەدا بە کەمی دەبینرێ.

**سەرچاوەکانی ئەم باسە:**

١_ فناوریهای نوین ارتباطی و تاثیر آنها بر ارتباطات انسانی، سایت آیندەنگار

٢_ چالشهای روزنامەناگری الکترونیکی در برابر رۆزنامەنگاری مطبوعاتی، رادیویی و تلویزیونی کنونی _ یونس شکرخواه

٣_ نقش وسایل نوین ارتباط جمعی در توسعە فرهنگی _ موسی کاظم زادە



# پەیامی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە بۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە

**ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیەنکارانی کورد!**

ڕۆژی ٢٢ی ئاوریلی ئەمساڵ، ١١٤یەمین ساڵرۆژی دەرچوونی ڕۆژنامەی «کوردستان» یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییە. ١١٤ ساڵ بەر لە ئێستا بە هەوڵی بەرزەناو میقداد مەدحەت بەدرخان نەتەوەی بێدەوڵەت و ژێر ستەمی کورد بووە خاوەن یەکەم ڕۆژنامەی خۆی. بە دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە، کوردیش بەردی بناغەی کۆشکی زێرینی ڕۆژنامە، واتە ئەم ئامرازە گرنگ و شارستانییەی دانا. کۆشکێک کە لە هەنگاوەکانی دواتردا ئەگەرچی دیسان بێبەش لە سێبەری دەسەڵاتێکی نەتەوەیی، بەڵام لەسایەی هەوڵ و فیداکاریی ڕووناکبیرانی کورد لە دژوارترین هەلومەرجەکاندا شوورە و دیوارەکانی هەروا لە بەرزبوونەوە و هەڵکشان دایە.

ئەم هەنگاوە مەزنەی میقداد مەدحەت و پاشان عەبدولرەحمان بەگی برای و بەگشتی بنەماڵەی نیشتمانپەروەر و ڕووناکبیرپەروەری بەدرخان هەروەک تائێستا جێگای ڕێزو شانازیی هەر کوردێک و سەرجەم ڕووناکبیرانی کوردە، بێگومان بۆ هەمیشە لە بیرو زەینی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورددا وەک خزمەتێکی نەتەوەیی مەزن لێی دەڕوانرێ.

ڕاستە گەورەیی ئەو دەسپێشخەرییەی باوکی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، میقداد مەدحەت خان لە دانانی بەردی بناغەی ئەم کۆشکە بە شکۆیە دایە، بەڵام گومان لەوەدا نییە ئەگەر گەورەیی هەنگاوەکانی ئەو خاوەن پێنووسە نیشتمانپەروەرانەی لە قۆناغەکانی دواتردا و لە دژوارترین هەلومەرجەکان دا ئەم ڕێگا پڕ لە سەروەرییەیان درێژە پێ نەدابایە کۆشکی ڕۆژنامەنووسیی نەتەوەکەمان ئەوەندە بەرز نەدەبوو. هەر ئەوەش گەورەترین خاڵی جیاوازیی نێوان ڕۆژنامەنووسانی کورد و ڕۆژنامەنووسانی نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکانە.

بەداخەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژنامەنووسانی کورد لە ژێر سێبەری ڕەشی سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی دا، لە ئاکامی بێبەش مانەوەی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە مافەکانی، ئەمساڵیش هەر لەو دۆخە دژوارەدا کە تێیدا بوون ئەم یادە بەرز ڕادەگرن. ئەمساڵیش لە کاتێک دا یادی ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی دەکەینەوە کە هەلومەرجی کاری ڕۆژنامەنووسی لە ئێران و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەک بەرەو باشی نەڕۆیشتوە، بەڵکوو خراپتریش بوە.

لە چەند ساڵی ڕابردوواو بەتایبەت دوای سەهەڵدانی ناڕەزایەتی لە ئاکامەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ساڵی ٨٨دا، ژمارەی ڕۆژنامەنووسانی بەندکراو هەروا لە هەڵکشان دایەو ئێران بە گەورەترین بەندیخانەی ڕۆژنامەنووسان و کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرەکەی وەک گەورەترین دژمنی ڕۆژنامەنووسان ناسراون.

لە کوردستان ژمارەی بڵاوکراوە کوردییەکان تا دێ کەمتر دەبێتەوە و لەهەمان کات دا ژمارەی ئەو ڕۆژنامەنووسە کوردانەی لە ژێر فشار و سەرکوت دا ڕوودەکەنە تاراوگە لە زیادبوون دایە. ڕۆژنامەنووسیی ئەلێکترۆنییش هەمان چارەنووسی ڕۆژنامەنووسیی کاغەزیی هەیە. لەم سەردەمەدا کە چاوەڕوان دەکرا لانیکەم ڕۆژنامەنووسانی کورد بتوانن لە ڕێگای تێکنۆلۆژیی پێوەندییەکان و ڕایەڵکەی جیهانیی ئینتێرنێتەوە بتوانن کۆسپەکانی سەر ڕێگای گەیاندنی زانیاری لادەن، کەچی بەداخەوە لە ئاکامی ئەو سانسۆڕو فیلتێرینگەی دەسەڵاتبەدەستانی تاران لەم بوارەش دا سەپاندوویانە، ئەو دەرەتانەش زۆر بەرتەسک بۆتەوە.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی دا ڕێز لە یادی ئەو ڕۆژنامەنووس و خاوەن قەڵەمانە دەگرێ کە بە خەباتی بێوچانی خۆیان لە ماوەی ١١٤ ساڵی ڕابردوودا وشەی کوردییان زیندوو ڕاگرتوەو سەرەڕای سەختیی ڕێگا ئەم کاروانەیان گەیاندۆتە ئێرە و هەروەها بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کورد دەکا.

بە هیوای بەرەوپێشچوونی زیاتر بۆ کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی

**ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان**
**٢٢ی ئاوریلی٢٠١٢**
**٣ی بانەمەڕی ١٣٩١**

# ئامانجدارکردنی یارانەکان، خاڵی هەرە لاوازی دەسەڵات

**ڕەحمان سەلیمی**

**و: ڕێبوار مەعروف زادە**

لە مێژووی سی دەیە دەسەڵاتداریێتیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا گرفتی سیاسی، ئابووری، نیزامی و ئەمنییەتیی زۆرمان بینیوە. هەر لە ڕووداوەکانی سەرەتای شۆڕشی ٥٧ وە تا شەڕی ئێران-عێراق و ناڕەزایەتییەکانی خەڵک و ... بەڵام بە دڵنیاییەوە دەکرێ بڵێین گەورەترین گرفتێک کە ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی بۆتەوە خراپیی دۆخی ئابوورییە کە لە یەکساڵی ڕابردوودا بۆتە کێشەیەکی گەورە و گۆشارێکی زۆر بۆ سەر دانیشتووانی ئێران بە تایبەتی چینی کەم داهاتی کۆمەڵگە هێناوە.

قەیرانی ئابووریی ئێستای ئێران قووڵتر لەوەیە کە بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامی و تەنانەت ڕێبەری ئێرانیش، کە بەردەوام دەیانهەوێ گرفتە نێوخۆییەکان بشارنەوە، بتوانن ئەم دۆخە لەبەر چاو نەگرن و نکۆڵی لێ بکەن. بە چاوخشاندنێک بە ناودێرکردنی ساڵەکانی ٩٠ و ٩١ لە لایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، کە لە ژێر سەردێری «ساڵی جیهادی ئابووری» و «ساڵی بەرهەمهێنان و پشتگیری لە کار و سەرمایەی ئێرانی» بووە، دەتوانین تێبگەین کە ئابووریی ئێران لەو ماوەیەدا دۆخێکی دژوار تێدەپەڕێنێ.

ئاژاوەگێری و دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەروەها تەریککەوتنەوەی زیاتری ڕێژیم و سزا و گەمارۆ ئابوورییەکان لە لایەن وڵاتانی بەهێز و جەمسەرەکانی ئابووری لە فاکتەرەکانی کاریگەر لە پێکهاتنی دۆخی خراپی ئابووری ئێستایە، بەڵام ڕەنگە بتوانین فاکتەری سەرەکیی قووڵتربوونی ئەو قەیرانە بە هۆی پرۆژەی ئامانجدارکردنی یارانەکان لە قەڵەم بدەین. لە ماوەی زیاتر لە یەک ساڵ کە لە بەڕێوەچوونی پرۆژەی ئامانجدارکردنی یارانەکان لە لایەن دەوڵەتی ئەحمەدی نژادەوە تێدەپەڕێ بە نرخی زۆربەی کەلوپەلە سەرەکییەکان زیاتر لە ١٠٠٪ زیاد بووە، بە نرخی دراوی نیشتمانی تا نیوەی نرخی پێشووی خۆی دابەزیوە، یەکە پیشەسازی و بەرهەمهێنەرەکان بە توندی خەساریان دیتوە، ڕادەی هاوردەکردنی کەلوپەل، بێکاری، هەڵاوسان و زیادی کردوە.

هەر چەند کە پرۆژەی نازانستیی ئامانجدارکردنی یارانەکان لەگەڵ هوشداری ئابووریزانەکان ڕووبەڕوو بووە، بەڵام دەوڵەت ڕێک بە بەڵێنی گەشەی ئابووری و پڕکردنی سفرەی هەژارەکان ئەو پرۆژەیەی بەڕێوە برد. فازی یەکەمی ئەو پرۆژەیە لە حاڵێکدا کۆتایی پێدێ کە دەوڵەت پێداگری لە سەر ئەوە دەکا کە بە خێرایی فازی دووهەمی یارانەکان بەڕێوە بەرێ و لە لایەکی دیکە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی بە توندی لەگەڵ ئەو کارە دژایەتی دەکا. کێشەی دەوڵەت و پارلمان لە سەر چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی ئەو پرۆژەیە لە لایەن دەوڵەتەوەیە و نوێنەرانی پارلمان باس لەوە دەکەن کە دەوڵەت لەو بارەوە قانوونی پێشێل کردوە، پرۆژەیەک کە دەبوو لە ماوەی ٥ ساڵدا و بەرەبەرە بەڕێوە چووبا و بە نرخی «حامل» (هەڵگر)ەکانی وزە گەیشتبایە نرخی واقعی لە بازارەکانی جیهانیدا، بەڵام دەوڵەت لە بەڕێوەبردنی دا قانوونی پێشل کردوە.

ئاسەواری هەڵاوسان، کە بەرهەمی ئامانجدارکردنی یارانەکانە لە سەر ژیانی ڕۆژانەی زۆربەی ئێرانییەکان بەرچاوە، بە جۆرێک کە توانای کڕین و ئاستی خوشبژێویی خەڵکی دابەزاندوە.

یەکجار زۆر کە بە دوای گرانکردنی بەهای کەلوپەلە یارانەییەکان کەوتۆتە دەست دەوڵەت، بە شێوەی یارانەی نەغدی دراوەتە دەست خەڵک و بە پێی بەراوردەکان دەبوو ئەو داهاتە جگە لە یارانە نەغدییەکان بۆ بەشی



دانی یارانەی نەغدی بە هەموو بنەماڵەکان، تەرخاننەکردنی یارانە بۆ بەشی بەرهەمهێنان و پیشەسازی و گرینگینەدان بە گەشەی خوشبژێوی کۆمەڵایەتی لە دیارترین ئەو گرفتەکانە کە بەهۆی بەڕێوەچوونی ئەو پرۆژەیەوە بینیومانە. داهاتێکی بەرهەمهێنان و پیشەسازییش تەرخان کرابا تا پێش بە تێکشکانی یەکە بەرهەمهێنەرەکان بگرن. دەوڵەت لە فازی یەکەمی ئامانجدار کردنی یارانەکان نە تەنیا نەیتوانی لە ڕێگەی داهاتی لابردنی یارانەکان پشتیوانی لە بەشی بەرهەمهێنان و پیشەسازی بکا، بەڵکوو بۆ دانی یارانە نەغدییەکانیش لە بانکی ناوەندی و هێندێک لە وەزارەتخانەکان یارمەتی وەرگرت. ڕژاندنی زیاتر لە ١٠٠ هەزار میلیارد تمەن پارەی نەغدی بە بازار بە شێوەی ئەو یارانە نەغدییانەی کە بە خەڵک دراوە، بازاڕی تووشی ڕاچڵەکینێکی گەورە کردوە و گرانییەکی بێ وێنەی لێکەوتۆتەوە.

کۆماری ئیسیی ئێران هەر لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنییەوە سەلماندوویەتی کە هیچ بەرپرسیارەتییەک لە بەرامبەر گرفت و داواکارییەکانی خەڵکدا قبووڵ ناکا و تەنیا لە هەوڵی پاراستنی دەسەڵاتی ئۆلیگارشیی مەزهەبیی خۆی و بە جێگەیاندنی دروشمی «هەناردەی شۆڕش»دا بووە. ئەو گۆشارانەی کە هەنووکە ڕووبەڕووی چینە هەژارەکانی کۆمەڵگە بۆتەوە ژیانی لە ئەوان دژوار کردوە، تەنانەت هاواری یەکیەتیی ماموستایانی ئایینیی قومیشی بەرز کردۆتەوە. ئەو دامەزراوەیە کە لە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی نزیکە لەم دواییانەدا لە نامەیەکدا هوشداری داوەتە دەوڵەت کە پێش بە چوونەسەری لە ڕادەبەدەری هەڵاوسان بگرێ و لە پشێویی بازار کەم بکاتەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لە ٣٠ ساڵە کە بە سیاسەتی نابەرپرسیارانە و هەروەها دژایەتی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی پەرەدان بە تیرۆریسم، هەوڵدان بۆ دروستکردنی چەکی کۆمەڵکوژ، پشتگیری لە گرووپە توندڕەوە مەزهەبییەکان و ... کۆمەڵگەی ئێرانی لە بواری جۆراوجۆر و بە تایبەتی لە باری ئابوورییەوە تەریک خستۆتەوە. هەروەها بە دووپاتکرنەوەی بەردەوامی هەڕەشەی بیانییەکان و پیلانی دوژمنان بە دژی ئێران هەوڵی داوە قەیرانە نێوخۆییەکانی پەردەپۆش بکا و داواکارییە واقعییەکانی خەڵک چەواشە بکا. پێدەچێ لە سەرەتای دەستپێکردنی فازی دووهەمی ئامانجدار کردنی یارانەکان، ڕێبەری ئێران بۆی دەرکەوتبێ کە گرفتەکانی ژیانی خەڵک و گوشارە روحییەکانیان بۆتە هەڕەشەیەکی ئەمنییەتی جیددی بە دژی دەسەڵاتداران و لە ئەگەری بەردەوامی ئەو دۆخە هێزی سەرکوتکراوی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران وەگەڕ دەکەوێ و کۆماری ئیسلامی لەگەڵ گرفتی جیددی ڕووبەڕو دەکەن. دیارە ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن هوشیار بێ دەرفەتێکی بێ وێنە لە خزمەت ئەو پوتانسیەلە خەوتووە دەکەوێ و وەک بزووتنەوەیەکی گشتگیر بە دژی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهە دەردەکەوێ و دواجار پەردە لە ڕەوایی دروینی نیزام لادەدا و دەیەی چوارەمی شۆڕش بۆ ڕێبەرانی ئایینیی ڕێژیم و پیاوانی ئەوان تاڵ دەکا.

هەروەها ئەگەر ناکۆکییەکانی نێو حکوومەت بەو گرفتانەی سەرەوە زیاد بکەین ئاسۆی دەسەڵاتدارانی کەمینەی زاڵ بە سەر ئێران ڕەشتر لەوەیە، کە لە سەدەی سەرهەڵدانی دێموکراسییە ساواکان و سەدەی شۆڕشەکانی وڵاتانی عەرەبی- ئیسلامی دا، ئەو سیستمە بتوانێ بەردەوام بێ.

قەیرانی ئابووریی ئێستای ئێران، کەلێن لە ئاستی سەرەوەی ڕێژیمدا، لێبراویی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ گوشارخستنی زیاتر بۆ سەر کۆماری ئیسلامی و گرینگتر لە هەمووی ئەوانە چوونەسەری ئاستی وشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی ئێران بۆتە «پاشنەی ئاشیلی» ئۆلیگارشیی ئایینیی زاڵ بە سەر ئێران، کە بە لەبەر چاوگەرتنی جەوهەری ئیدئۆلۆژیکی ڕێژیم و لێکترازانی کۆڵەکەکانی بە هۆی کێشە نێوخۆییەکان و پێکهاتنی دامەزراوە بەهێزەکانی وەک مافیای سیاسی- ئابووریی سپای پاسداران، تێپەڕاندنی ئەم دۆخە تێچوویەکی زۆر هەڵدەگرێ هەر بۆیە دەربازبوون لەم هەلومەرجە گەلێک ئەستەمە.

# سپا، گەورەترین کارتێلی ئابووریی ئێران

**مەحموود شەریفی**

**و: سیروان مووساپوور**

٢ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٥٨ بە بڕیاری خومەینی لە جەنگەی ئاڵۆزییەکانی دوای شۆڕش دامەزراوەیەک ڕاگەیەنرا کە بڕیار بوو هەموو توانای خۆی بۆ بەسیج کردنی توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک بە مەبەستی پاراستنی شۆڕشێک بە ئەستۆ بگرێ کە بەرهەمی خەباتی خوێناویی خەڵکی ئێران بە دژی دەسەڵاتداریێتیی ڕەشی پەهلەوی بوو. سپای پاسداران دامەزراوەیەکی ئایدۆلۆژیکی و شێوە سەربازی بوو کە ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێریی ڕێبەری ڕێژیمدا بەڕێوە دەچوو. ئەم دامەزراوەیە لە ماوەی چەند ساڵ چالاکیی خۆیدا، وردەوردە باڵی بەسەر تەواوی ناوەندە سیاسی و ئابوورییەکانی وڵاتدا کێشا و هەنووکەش بە گەورەترین کارتێلی ئابووریی ئێران دێتە ئەژمار. ئەم دامەزراوە بەهێزە، لە ئێستادا گرینگترین هێزی باسکی عەلی خامنەیی، بەرزترین کەس و باڵاترین پلەی دەسەڵاتداریێتیی کۆماری ئیسلامییە و ڕۆڵێکی گرینگی لە بەڕێوەبردنی ئێراندا بە ئەستۆوەیە.

خومەینی و دارودەستەکەی هەر لە ڕۆژەکانی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە متمانەیان بە ئەرتەش نەبوو و لە بیری ئەوەدا بوون بە دامەزراندنی ئەرتەشێکی هاوتەریب بە نێوی سپا، کۆڵەکەکانی دەسەڵات قاییم بکەن. سپا وەک ڕێکخراوێکی سەربازی خاوەنی ڕێکخستنێکی جێگیر و نەزمێکی توند و هیرارکییەتێکی ورد و پتەوە و بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی تایبەت بە شێوەی یەکپارچە و یەکگرتوو لە حاڵی چالاکی و بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی دایە. سپا کەڵک لە خەسڵەتێکی سەمبولیک و ئایدۆلۆژیک وەردەگرێ و بە هۆی ئەوەوە زەینییەتێکی گشتیی دێنێتە کایەوە کە ئەندامەکانی تێیدا نوقم دەبن. هەروەها بە هۆی بودجەیەکی زۆر و دەسەڵاتێکی لەڕادەبەدەر کە هەیەتی، لە توانایەکی ئابووریی گەورە بەهرەمەندە. سپا ڕێکخراوی بەسیجی لەبەردەست دایە و وەک ئامرازی بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی کەڵکی لێ وەردەگرێ. هەر بۆیە دەتوانێ دەست لە گشت کاروبارەکانی وڵات وەربدا و ئەمڕۆکە بەپێکهێنانی یەکەی جۆراوجۆر و دامەزراندنی شیرکەت و کۆمپانیای گەورە، گشت کەرتە ئابووری و سیاسییەکانی وڵاتی تا ئاستێکی زۆر لە کۆنترۆڵی خۆی گرتوە. سپا بە پێی یاسای بنەڕەتیی ئێران مافی دەستێوەردان لە مەسەلە سیاسییەکانی وڵاتی نییە بەڵام دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عێراق بە پەرەپێدانی بەسیج و کەڵک وەرگرتن لە بنەما ئایدۆلۆژیکییەکانی خۆی، توانی خەڵکێکی زۆر لە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە بکاتە ئەندامی خۆی و لە هەڵبژاردنەکاندا بە شێوەی ئاشکرا و شاراوە ڕۆڵی خۆی بگێڕێ. لە دەوری دووهەمی هەڵبژاردنەکانی خولی پێنجەمی مەجلیس لە بەرژەوەندی باڵی کۆنەپارێزدا هاتە مەیدان و توانی ئاکامی هەڵبژاردنەکان بە قازانجی ئەو باڵە بباتەوە. لە ڕەوتی هەڵبژاردنەکانی ساڵانی ڕابردوودا ڕۆڵ و بەشداریی دوو ناوەندی رووحانییەت ( جامعەی روحانیت مبارز و مجمع روحانیون مبارز ) کەمڕەنگ بۆتەوە و هەڵسووڕێنەر و یاریکەری سەرەکیی گۆڕەپانی هەڵبژاردنەکان لەراستیدا هەر سپایە.

سپا و بەسیج ڕێکخراوترین، بەربڵاوترین، ڕێکوپێکترین و بەهێزترین تۆڕی نێو ئێرانن. لە بارودۆخێکدا کە لە ئێراندا هیچ چەشنە ڕێکخراوێکی سینفی و سیاسیی بەهێز بوونی نییە، سپا لە گۆڕەپانی چالاکییە سیاسییەکاندا وەک بەهێزترین ڕەوت دەرکەوتووە و ڕقەبەرەکانی شکست دەدا. لە بەرامبەر دەستێوەردانێک کە سپا لە ڕەوتی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس و سەرۆک کۆماری لە ساڵانی دواییدا کردوویەتی، بەرپرسایەتی جۆراوجۆر و بەرچاوی لە دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردن و یاسادانان بەدەست هێناوە. بەشداریی بەرچاوی بەرپرسە باڵاکانی سپا لە کابینەی ئەحمەدی نژاد و بەڕێوەبردنی پارێزگار و فەرمانداریەکانی ناوچە جیاوازەکانی وڵات بەڵگەی ئەم ئیددیعایەیە. لە ئێستادا بەشێکی بەرچاو لە نوێنەرانی مەجلیسیش لە ئەندامەکانی سپا یان سەر بە سپان. سپا لە ڕێگەی ئەم کەسانەوە وەک حیزبێکی سیاسی لە ڕەوتی پەسندکردن یان ڕەتکردنەوەی پەسندکراوەکانی مەجلیس بەشداریی دەکات و لە ڕێگەی نوێنەرانی بەستراوە بە خۆی بەرنامە و ئامانجەکانی بەرەوپێش دەبات و ئەوەیکە پێویست بێ بە دژی ڕەقیبەکانی دەیکا.

لە ئێستادا سپا ئیددیعای هەبوونی توانایی تەواو بۆ بەڕێوەبردنی وڵات دەکا و ماوەیەکی دووروودرێژە پلان و بەرنامەی بۆ وەها شتێک داڕشتووە. سپا ساڵانێکە بۆ بارهێنانی کادر لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا هەوڵ دەدا و فەرماندەرانی سپا بەردەوام قسە لە هەبوونی کادری بە توانا لەناو سپادا دەکەن. سپا بەشێک لە تواناییەکانی خۆی لەسەر چالاکییە ئابوورییەکان کۆکردۆتەوە و بەو دەسەڵاتانەی کە یاسا پێی داوە و بەو نفووزەی کە لە دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردن و یاسادانانداهەیەتی، توانیویەتی خۆی وەک گەورەترین کارتێلی ئابووریی وڵات نیشان بدات، تا ئەو جێگەیەی کە ئیتر هیچ کۆمپانیا و شیرکەتێکی دەوڵەتی و تایبەتی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەویان نەبێ. ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە سپا لە سەردەمی دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عێراق تا ئێستا زیاتر لە ٨٠٠٠ گرێبەستی لەگەڵ دەوڵەت بەستووە. پێگەی تایبەتی سپا، ئەم دامەزراوەیەی لە بەشداریکردن لە (مزایدە) ئابوورییەکان بۆ کڕینی پشک بێمنەت کردوە و ئەم کارە بۆتە هۆی ئەوەکە هیچ شیرکەتێکی تایبەتی یان دەوڵەتی نەتوانێ ململانێی لەگەڵ بکات. سنووری چالاکییە ئابوورییەکانی سپا زۆر بەرفراوانە. ئەم دامەزراوەیە لە بوارەکانی نەوت و گاز، سازکردنی بەنداو، ڕێگە، تونێل، دەرهێنانی کانگاکان، وەرزێری، تەلەفوون و تێلگراف، بیناسازی، هاوردەکردنی داودەرمان و جگەرە و تەنانەت نەشتەرگەرییە سەرپێیەکانی بە لیزەریش بەشدارییەکی چالاکانەی هەیە. بێجگە لەوە بە هەبوونی لە سەدا ٤٥ی پشکەکانی شیرکەتی بەهمەن لە دروستکردنی «مەزدا»دا شەریکە. سپا هەروەها لە قاچاغی بێنزین و ترانزیتی مادده هۆشبەرەکان و.... دا ڕۆڵی هەیە و دەگوترێ کە داهاتی سپا لە بوارە نایاساییەکانی ئابووریدا لە ساڵدا بە نزیکەی ١٢ملیاردە. سپا پرۆژە ئابوورییەکانی خۆی بە کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوە داراییەکانی دەوڵەت وەک وەرگرتنی وامی کەم بەهرە لە بانکە دەوڵەتییەکان ئەنجام دەدا و بە پشت بەستن بەم سەرچاوانە زۆر شیرکەت و کۆمپانیای گەورەی دامەزراندوە. بنکەی «خاتم الانبیا»لە ئێستادا گەورەترین شیرکەتی فەننی _ موهەندیسی سپا لە بواری نەوت و گاز و دەرهێنانی کانگاکان دێتە ئەژمار و گرێبەستی یەک ملیارد و ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری دروستکردنی هێڵی گاز لە ناوچەی عسلویە بۆ ئێرانشار لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان بەبێ لەبەرچاوگرتنی یاساکانی پێوەندیدار بە خستنەڕێی تەندەر بە شێوەیەکی تایبەت لەژێردەستی خۆی گرت. هەروەها پرۆژەی ٢ ، ٣ میلیارد دۆلاری پەرەپێدانی مەیدانی گازی لە کەنداوی فارس بە سپا سپێردراوە. داهاتەکانی سپا لە بەڕێوەبردنی ئەم پرۆژانە و بڕی ئەو بودجەیەی کە لە خەزێنەی وڵاتی وەردەگرێ، ئاشکرا نییە و ئەم دامەزراوەیە هیچ چەشنە ڕاپۆرتێک لە بابەت بیلانیماڵیی خۆی ناخاتەڕوو. بەڵام ئەوەیکە ئاشکرایە سپا لە ڕێگەی لقی دەرەوەی سنوور ( سپای قودس) هاوکاری دامەزراندن و بەهێزکردنی گرووپە چەکدارە شیعەکانی ناوچە بو وێنە حیزبوڵڵا و حەماس لە لوبنان و غەززە دەکا و لە زۆر تێکهەڵچوون و ئاژاوەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ وێنە عێراق، سووریە و بەحرەین ڕۆڵی گرینگ دەگێڕێ. سپا هەروەها ڕێکخراوێکی ئیتلاعاتی و کۆمەڵێک گرتووخانەی نهێنی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دژبەرانی لە ناوخۆی وڵاتدا هەیە و لە ڕەوتی سەرکوتەکانی ناڕەزایەتییەکانی دوای هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٨٨ و سەرکوتی خوێندکاران لە ساڵی ١٣٧٨دا، ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا. بە وتەی موحسین سازگارا ( یەکێک لە دامەزرێنەرانی سپا) سپا ڕێکخراوێکی تایبەتە لە جیهاندا کە خاوەنی بەدەنەی سیاسی، نیزامی و ئابوورییە و ئەمە بۆتە هۆی ئەوەکە ببێتە گەورەترین کارتێلی ئێران.



### جەعفەر ئیبراهیم، وتەبێژ و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیمۆکراتی کوردستان:

# ئەگەر قەیرانی عێراق چارەسەر نەکرا، هەرێمی کوردستان ناکەین بە قوربانی

**دیمانە: مادح ئەحمەدی**

**ئاماژە: باسی سەربەخۆیی کوردستان و راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی هەرکات هاتبێتە گۆڕێ، ئەوا لەگەڵ دژکردەوەی توندی ناوەند و نەیارانی کورد بەرەوڕوو بۆتەوە. ئەم بابەتە لە ماوەی رابردوودا یەکێک لە بابەتە گەرمەکانی گۆڕەپانی سیاسی عێراق بوو. ئەم بابەتە دوای چەند لێدوانێکی «مەسعوود بارزانی»، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان کە رەخنەی لە بارودۆخی ئێستای عێراق و حکوومەتی مالکی گرت، گەرمتر بوو. هەروەها لە ماوەی رابردوودا سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی وڵاتانی بولگاریا(بولغارستان)، ئەمریکا، هەنگاریا(مەجارستان) و تورکیای کرد. ئەم سەردانانەش ئەوەندی دیکە گرۆتینی بە بابەتەکەدا و هەروەها دژکردەوەی جۆراوجۆری لێکەوتەوە. سەبارەت بە سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ وڵاتانی دەرەوە و ئاڵۆزییەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان و مەسەلەی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لەم ژمارەی «کوردستان» لە چوارچێوەی چەند پرسیاردا، وتوویژێکمان لەگەڵ « جەعفەر ئیبراهیم ئیمینکی» ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و وتەبێژی ئەو پارتە سازداوە.**



**مادح ئەحمەدی: لە ماوەی رابردوودا، «مەسعوود بارزانی»، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی گەشتێکدا بۆ دەرەوەی وڵات سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەنگاریا، بولگاریا و لە کۆتاییشدا تورکیای کرد. سەرەتا پێمانخۆشە باسی ئەم سەردانانەمان بۆ بکەن و هەروەها مەبەستی سەرۆکی هەرێم لەم سەفەرانە بۆ دەرەوەی وڵات چ بووە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** مەبەستی جەنابی سەرۆک مەسعوود بارزانی کە بە ناوی سەرۆکی هەرێمەوە سەردانی ئەو وڵاتانە (بولگاریا، ئەمریکا، هەنگاریا و دواتر تورکیا) ی کردبوو، ئەو بووە کە پێوەندییە سیاسیی و دیپلۆماسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەو وڵاتانە بەهێزتر بکا. ئەم سەردانانەش لە سەر بانگهێشتی فەرمیی ئەو وڵاتانە بوو. خۆی پێشوازیکردن(بەو شێوەیەی پێشوازی لێ کراوە) لە جەنابی سەرۆک بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ئاستی پرۆتۆکولی هەرە بەرزدا، نیشانەی ئەوەیە کە پێوەندییە سیاسیی و دیپلۆماتیکەکان لە ئاستێکی بەرز دایە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی زۆر باشدایە. لە راستییدا پەرەپێدانی پێوەندییەکان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دیارە نیشانەی بایەخدانی ئەمریکایە بە عێراق و کورد و هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان و دەزانن ئەم هەرێمە بۆتە مایەی ئومێدی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان. دیارە بایەخدانی ئەمریکا لە روانگەیەکی ئەخلاقی و سیاسییەوەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رۆڵەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە عێراق بینیویەتی و ئێستاش لە ناوچەکە دەیبینێ، وای کردوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زیاتر متمانەی بە رۆڵی کورد و سەرکردەکانی هەبێ و بۆتە هۆی ئەوەش کە ئەمریکا زیاتر متمانەی هەبێ بە جەنابی کاک مەسعوود بارزانی، وەکوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان. بۆ وڵاتانی دیکەش بە هەمان شێوە. ئێستا هەموو وڵاتێک کە ئەندام بێ لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ کورد، بۆ هەرێمی کوردستان و بۆ دۆزی کورد زۆر گرنگە پێوەندی لەگەڵ هەموو وڵاتان هەبێ. لەم رووەوە ئێمە دەزانین هەم هەنگاریا و هەم بۆلگاریا دوو وڵاتی گرنگن. هەروەها لە گەڕانەوەدا لە سەر بانگهێشتی فەرمیی وڵاتی تورکیا سەرۆکی هەرێم سەردانی ئەو وڵاتەی کرد. لەوێش لە ئاستێکی بەرزدا بایەخێکی یەکجار زۆر بە جەنابی سەرۆک مەسعوود بارزانی درا. دەزانن هەرێمی کوردستان رۆڵی هەیە لە سەر بارودۆخی عێراق، دەزانن پێشتر رۆڵی هەبووە و ئێستاش رۆڵی هەیە و بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانەی رووبەڕووی پرۆسەی دیمۆکراسی بۆتەوە لە عێراق. خۆتان دەزانن پرۆسەی دیمۆکراسی لە عێراق باش گەشەی کردوە، هەندێ پرەنسیپ و رێککەتن و بەشداریی سیاسی نەبێ کە بۆ دواوە گەڕاوەتەوە، ئەمەش عێراقی بەرەوڕووی قەیران کردۆتەوە. تورکیا بایەخ بە بارودۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان و دۆخی کورد چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە تورکیا دەدا. هەروەها رۆڵی سەرۆک مەسعوود بارزانی لە چارەسەرکردنی ئاشتییانەی دۆزی کورد لە تورکیا دەزانن. دەزانن رۆڵی هەبووە و ئێستاش هەمیشە ئامادەیە و دەتوانێ ئەو رۆڵە بگێڕێ لە چارەسەر کردنی دۆزی کورد لە تورکیا و دەتوانێ ئەو قەیرانە بەرەو چارەسەری ببا.

**مادح ئەحمەدی: هەر وەک دەزانن ئێستا عێراق لە قەیراندایە و کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا قووڵ بۆتەوە و لەو دواییانەدا هەندێ لێدوانی توند هەبوو لە نێوان بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و بەغدا دا. لەم بارودۆخەدا کە عێراق پێیدا تێپەڕ دەبێ، ئەم سەردانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو وڵاتانەی کە ئاماژەتان پێدا پێویست بوو؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** لە راستیدا سەردانی بەرپرسان بۆ ئەم وڵاتانە هەمیشە پێویستە. دەبێ هەموو کاتێک ئەم سەردانانە بەردەوام بێ. پاشان ئەو قەیرانەی لە عێراق دایە، قەیرانی ئەمڕۆ نییە، قەیرانی مانگێک لەمەوبەریش نییە. ئێمە دەزانین پاش نۆ(٩) مانگ قەیران حکوومەتی بەڕێز «مالکی» پێک هات. بۆشایی یاسایی دروست بوو. ئەوکاتەش دەزانین بە هۆی رۆڵی سەرۆک مەسعوود بارزانی، رێککەوتنی هەولێر ئیمزا کرا و بە ئامادەبوونی سەرجەم ئەو لایەنە سیاسیانەی کە پێوەندییان بە قەیرانەکەوە هەبوو، قەیرانەکە چارەسەر کرا و کۆتایی پێ هات. لە سەر ئەو بنەمایەش کۆتایی بە قەیرانەکە هات کە حکوومەتی بەڕێز مالکی، حکوومەتێکی تەوافوقی بێ و لە سەر بنەمای بەشداریی سیاسی هەموو لایەک پێک بهێنرێ. بەشداری هەموو لایەک مەحەک بوو بۆ ئەم حکوومەتە کە پەیڕەوی لێ بکا. بەداخەوە هەر لەو کاتەوە کە ئەم حکوومەتە دەست بەکار بووە تا ئەمڕۆ ئەو قەیرانە بەردەوام بووە و لە بەر هەر هۆیەک(چ دەرەکی و چ نێوخۆیی) بووبێ، نەیتوانیوە ئەو رێککەوتننامەیە جێبەجێ بکا. بڕیار وابوو هیچ لایەنێک نەخرێتە پەراوێزەوە، ئەو دۆسییانەی بە چارەسەر نەکراوی لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدادا ماون چارەسەر بکرێن و بایەخیان پێ بدرێ و هیچ پێکهاتەیەک، نە شیعە، نە سوننە، نە کورد و نە ... پەراوێز نەخرێن. ئەم لایەنانە پێکهاتەی سەرەکی عێراقن. لە روانگەی ئێمەوە سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتان، بەتایبەتی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوە بووە کە نیگەرانیی هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان بگەیەنێتە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانەش و تەنانەت تورکیاش. ئێمە ئەو سەردانانەمان پێ باشە و لە داهاتووشدا بەردەوام دەبن. پێمانوایە، دەبێ ئەو وڵاتانەی کە بایەخ بە بارودۆخی عێراق دەدەن، بایەخ بە ئاسایش و سەقامگیری و بەرەوپێشچوونی عێراق دەدەن ئاگاداری بارودۆخی عێراق بن. دەبێ ئاگادار بن کە لە عێراق قەیرانێکی جیددیمان هەیە و بەڕێز «نووری مالکی» بەشێکە لە دروست کردنی ئەم قەیرانەدا. چونکە پاشەکشەی کردوە لە رێککەوتنی هەولێر، پاشەکشەی کردوە لەو خاڵانەی کە پێوەندییان بە پێکهێنان و بەڕێوەبردنی حکوومەتێکی هاوبەش و نیشتمانییەوە هەیە. ئێستا دەبینین حکوومەت بۆتە حکوومەتی تاک حیزبی و لەو حیزبەشدا تاک فراکسیۆن.

**مادح ئەحمەدی: لە پێوەندی لەگەڵ ئەم کێشانەدا کە ئاماژەتان پێدا و بە بڕوای جەنابت مالکی دروستی کردوە و پابەند نەبووە بە رێککەوتی نێوان لایەنەکان لە عێراقدا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە وتەکانی لە پەیامی نەورۆزی خۆیدا، هەم لە چەند وتاری دیکە لە کۆڕ و کۆبوونەوەی جۆراوجۆر و لە واشنگتۆندا، هێرشی کردە سەر نووری مالکی و رایگەیاند کە ئەگەر ئەو بارودۆخە ئاوا بەردەوام بێ، ئەوا دەگەڕێنەوە بۆ رای خەڵکی کوردستان و بڕیاری خەڵکی کوردستان و ئاماژەی بە راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان کرد. ئایا ئەمە تەنیا هەڕەشەیەکی سیاسییە، یان نا بەرهەمی بارودۆخێکە کە لە عێراق دروست بووە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** ئەمە لە خۆیدا، دوو بابەتە. یەکەم جەنابی سەرۆک مەسعوود بارزانی و پارتی دیمۆکراتی کوردستان و لە فەلسەفەی پارتی دیمۆکراتی کوردستاندا بە روونی دیارە کە ئێمە رۆژێک لە رۆژان پاشەکشەمان لە بڕوامان بە دەوڵەتی کوردی و سەربەخۆیی کوردستان نەکردوە. ئێمە بڕوامان بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ میللەتی کورد هەیە. ئەوە کە کەی بەرەو راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی دەچین؟ ئەوە بابەتێکی دیکەیە، ئەو دەبێ هاوپەیمانانی ئێمە، هێز ولایەنە سیاسییەکانی دیکە هاوڕا بن لەگەڵ ئێمە و دەبێ هاوهەڵوێست بین لەوەدا و دەبێ بواری بۆ خۆش بکرێ. ئێمە بۆ دروشم پەلەمان نەکردوە و پەلەش ناکەین. مێژووی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لەوەدا ئاشکرایە، ئەوە بارزانیی نەمر خۆی یەکێک لە فەرماندەکانی کۆماری مەهاباد بوو کە مافی کوردە کۆماری هەبێ، مافی کوردە دەوڵەتی خۆی هەبێ. لێرەدا جەنابی سەرۆک مەسعوود بارزانی ئاماژەیەکی بە دەستووری هەمیشەیی عێراق کردوە. لە دەستووردا دیباچەیەک هەیە. لەو دیباچەدا نووسراوە کە ئەگەر هاتو دەوڵەتی عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێ، دەبێ سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق پابەند بن بەم دەستوورە. واتە ئەگەر عێراق بە یەکگرتوویی بوو، ئاوا سەرجەم پێکهاتەکان، چ شیعە، چ سوننە و چ کورد دەبێ پابەند بن بە خاڵەکانی دەستوور. لە دەستووردا بە راشکاوی ئەوە هاتوە کە کورد لە «ئیتحادێکی ئیختیاری» چۆن بەرەو «ئیتحادێکی ئیختیاری بە مەرج» چووە. کورد بە پێی بارودۆخێک کە هەیبوو، دەیتوانی ئەوکاتە کە عێراق رزگار بوو، دەوڵەتی خۆی رابگەیەنێ. هەموو دونیا دەزانێ کە مافی کورد بوو ئەوە بکا.

**مادح ئەحمەدی: لە پێوەندی لەگەڵ ئەم وتانەی سەرۆکی هەرێمدا، ئەگەر ئاگادار بن، روانگەی وڵاتانی دەرەوە بە تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چۆنە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە گەڵ یەکپارچەیی عێراق و دەستووری هەمیشەیی عێراق دان. لەگەڵ ئەوەدان عێراقێکی دیمۆکراتیک بنیات بنرێ. لەگەڵ ئەوەدان دیمۆکراسی لە عێراق گەشە بکا. لەگەڵ ئەوەدان هەموو پێکهاتەکانی عێراق لە سەر بنەمای رێککەوتن و بەشداریی سیاسیی هەموو لایەک، پێکەوە بژین. ئەوەش لە بەرژەوەندی کوردایە. کورد لە عێراق تا بمێنێ لە بەرژەوەندی دایە. بەڵام کام عێراق؟ عێراقێکی دیمۆکراتی، بەڵێ. عێراقێکی فیدراڵی، بەڵێ. عێراقێک کە کورد تێدا مافەکانی پارێزراو بێ، بەڵێ. عێراقێک کە کورد تێدا نەکەوێتە بەر هەڕەشەوە، بەڵێ. نەک عێراقێک کە کورد بکەوێتە بەر هەڕەشەی ئەم وەزیر و ئەو وەزیر. نەک عێراقێک کە تێدا «شارستانی» بە کەیفی خۆی قسە بکا و مافی ئەوەی کە کورد نەوت و گازی خۆی بەکار بێنێ لە کورد زەوت بکا.یان بەڕێز نووری مالکی هەر رۆژ هەڕەشەی ئەوە بکا کە کورد هێڵی سووری بەزاندوە. نامانهەوێ لە ژێر سێبەری هەڕەشەکانی هیچ دیکتاتۆرێکدا بژین. لە بەر ئەوەیە. جەنابی سەرۆک مەسعوود بارزانی نەیوتوە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی رادەگەیەنم. تەنیا ئاماژەی بەوە کردوە کە لە دیباچەی دستووردا هاتوە. لەوێ هاتوە کە ئەگەر پێکهاتەکانی عێراق پابەند نەبن بە دەستوور، کورد مافی خۆیەتی لە ئاوەها دۆخێکدا بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆی بدا. ئەو ئاماژە پێکردنەش، ئەماژە کردنە بە بنەماکانی دەستووری عێراق و بنەماکانی بەشداریی سیاسی لە عێراق. ئەمە تەنیا بۆ بەڕێز نووری مالکی نییە. ئەمە بۆ بەڕێز «ئەیاد عەللاوی»یە، بۆ شیعەیە، بۆ سوننەیە و بۆ هەموو لایەکە لە عێراق. ئەگەر عێراق لە قەیرانێکی سیاسیی جیددایە وەرن با پێکەوە ئەم قەیرانە چارەسەر بکەین. ئەگەر چارەسەر نەکرا ئێمە هەرێمی کوردستان ناکەین بە قوربانی ئەم دیکتاتۆر و ئەوەی دیکە و... هەرێمی کوردستان ئەوکاتە بڕیاری خۆی دەبێ. مەرج نییە ئاوا بێ. بۆ وێنە ئێستا تایوان سەربەخۆ نییە، بەڵام ئامادە نییە لە ژێر دەسەڵاتی چین دابێ. دەوڵەتی تایبەتی خۆیان نیە. فەلەستینیەکان دەوڵەتی سەربەخۆیان نییە، بەڵام دەسەڵاتی خۆیان هەیە. مەرج نییە دەوڵەتی تایبەتی بێ، بەڵام خۆ کورد دەتوانێ بارودۆخێکی تایبەتی رابگەیەنێ. مەرج نییە راگەیاندنی دەوڵەت بێ. راگەیاندنی دەوڵەت مەرجی خۆی هەیە و جەنابی سەرۆک مەسعوود بارزانی باش دەرکی ئەوە دەکا. بۆ ئەم بابەتە دەبێ هەلومەرجی نێوخۆیی و ناوچەیی و نێو نەتەوەیی رچاو بکرێ.

**مادح ئەحمەدی: لە پێوەندی لەگەڵ ئەم بابەتەدا، واتە بەرانبەر بە لێدوانەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ئاست کوردستانیشدا کۆمەڵێک دژکردەوەمان بینی. بۆ وێنە لە چەند رۆژی رابردوودا ژمارەیەک لە پارلمانتارانی پارمانی کوردستان لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم ئەماژە بەوە دەکەن کە بە پێی یاسا پرسە چارەنووسسازەکان لە دەسەڵاتی پارلماندایە بڕیاریان لە سەر بدا و ئەوە ناچێتە خانەی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمەوە. بۆیە مەسەلەی سەربەخۆییش پرسێکی چارەنووسسازە و بە پێی ئەو نامەیە بڕیاردان لەو بارەوە لە دەسەڵاتی پارلمان دایە و پارلمان مەرجەعە. رای جەنابتان لەم بارەوە چییە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** ٧٠ لە سەدی دەنگەکانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان دایە. من لەو ئەندام پارلمانانە دەپرسم کە هەر یەک لەوان بە چەند دەنگ بوونەتە ئەندامی پارلمان؟ ئەمە لە رووی شەرعییەتەوە. لە رووی سیاسی، لە رووی ئەخلاقییەوە، لە رووی ئەزموون، لە رووی پێگە، سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە پرسە چارەنووسسازەکان باس بکا. ئەدی ئەگەر پرسە چارەنووسسازەکان باس نەکا، باسی چ بکا. ئەی ئەو سوێندە دەستوورییەی کە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەردەم خەڵکی کوردستان و لە پارلمانی کوردستان خواردی. ئەو سوێندە بریتیە لە چی؟ برتییە لە پارێزگاری کردن لە سەروەرییەکان، لە دەسکەوتەکان، لە خاک و نیشتمان. هەڕەشە لە سەر خاکی کوردستان هەیە، هەڕەشە لە سەر دەسکەوتەکان هەیە، هەڕەشە لە سەر سەروەرییەکانی خەڵکی کوردستان هەیە، ئەدی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ چی ئەو سوێندەی خواردوە؟ دووهەم لە دابەش کردنی دەسەڵاتەکان مەسەلەی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاراستەی پارلمانی دەکا و پارلمانیش داوای ریفراندۆم دەکا. ئەوە جارێ نەبووە بە مەوزوع. ئەوەی ئێستا سەرۆکی هەرێمی کوردستان باسی دەکا، ئەوە بابەتی سیاسی و دەستوورییە لە مافەکانی خەڵکی کوردستان. من ئەو یادداشتەم نەبینیوە. یادداشتێک لەو چەشنە ئەگەر پێشکەش کرابێ، لە راستییدا ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ تێنەگەیشتن لە رۆڵی پارلمان و تێنەگەیشتنە لە رۆڵی سەرۆکایەتیی هەرێم.

**مادح ئەحمەدی: هەر لەم بارەوە زۆر جار ئەو رەخنە لە هێزە کوردییەکان دەگیرێ کە وەک پێویست هاوئاهەنگ نین. بۆ وێنە لە بەغدا ژمارەیەک لە پارلمانتاران پێچەوانەی قسەکانی سەرۆکی هەرێم لێدوانیان دا. هەروەها لە نێوان دوو پارتی سەرەکیی باشووری کوردستان، واتە «پارتی دیمۆکراتی کوردستان» و «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان» زۆر جار ناتەبایی و جیاوازی هەیە، بۆ وێنە قسەکانی «مام جەلال» لەم بارەوە جیاواز بوو لە قسەکانی کاک مەسعوود. وتەکانی مام جەلال بەو ئاراستەیەدا بوو کە دەڵێ لە ئێستادا دەوڵەتی کوردی مەحاڵە، لە بەرانبەریشدا قسەکانی کاک مەسعوود بەو ئەراستەیەدا بوو کە دەوڵەتی کورد نە خەون و نە مەحاڵە. لە پێوەندی لەگەڵ ئەم ناتەبایی و جیاوازییانەدا ئایا وەک دابەشکاری و تاکتیکێک، رێککەوتنێک لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کوردستاندا هەیە کە بەم شێوەیە دەجووڵێنەوە، یان نا سروشتییە و شتی وا دێتە گۆڕێ؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** تا ئێستا سروشتی بووە. حەزمان دەکرد بە راوێژ لەگەڵ یەکتر ئەو لێدوانانە بدەین و تەعبیر لە رای جیاوازیش بکەین. پێشریش وتوومە ئاساییە رای جیاواز و تێبینیی جیاواز هەبێ، هیچ نامۆ نییە. ئەگینا ئێمە بۆ هەڵوێست دڵنیام یەک هەڵوێست دەبین. بۆ مەسەلەی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی مام جەلال و کاک مەسعوود شانبەشانی یەکدی پێکەوە دەبن. بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی یان لە بەغدا چ هەڵوێستێک پێویست بکا، مام جەلال و کاک مەسعوود شانبەشانی یەکدی دەبن و هاوهەڵوێست دەبن. ئەوە ئێستا لە عێراق قەیرانێک هەیە، لەم بارەوە رای جیاواز زۆرە، بەڵام بگاتە ئاستی هەڵوێست وەرگرتن پارتی و یەکێتی پێکەوە دەبن. کە گەیشتە ئەو حاڵەتە لە سەد دا ٩٨ی خەڵک دڵنیام کە پشتگیری ئەو هەڵوێستە دەکەن کە هەموو لایەک پێکەوە بن. من دڵنیام بۆ پرسە چارەنووسساز و نیشتمانییەکان هەموو هاوهەڵوێست و هاوڕا دەبین.

**مادح ئەحمەدی: وەک دوا پرسیار، رەخنەیەک هەیە زۆر جار لە میدیاکانی باشووری کوردستانەوە باسی لێ دەکرێ. ئەویش ئەوەیە کە مام جەلال و کاک مەسعوود کاتێک سەردانی وڵاتان دەکەن لە وەفدەکەیاندا تەنیا ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبەکانی خۆیان دەبەن. واتە وەفدێک نییە هەموو لایەکی تێدا بەشدار بێ. بۆ وێنە لە سەردانەکەی ئەم دواییەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دا، جگە لە واشنگتۆن نەبێ کە وەفدەکە نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کورستانی لە گەڵ بوو کە ئەویش سەر بە یەکێتیی نیشتمانییە. ئەوانی دیکە، واتە ئەندامانی وەفدەکە سەر بە پارتی دیمۆکراتی کوردستان بوون. وڵامتان بۆ ئەم رەخنەیە چییە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** لە راستییدا ئێمە ئەو رەخنەیە قبووڵ دەکەین. من ئاگاداری وردەکارییەکانی ئەوە نیم کە چۆنە و بە چ شێوەیەک بووە، بەڵام بە گشتی جەنابی سەرۆک رچاوی ئەوە دەکا. چونکە پێکهاتەکە دەبێ فرە حیزبی و فرە لایەنیی پێوە دیار بێ، تەنانەت زۆر جار لە پێکهاتەی شاندەکاندا نوێنەرانی لایەنی دیکەی تێدا بووە. بەڵام ئەم جارە پەلە کراوە، یان ئەندامانی شاندەکە چۆن دیاری کراوە من ئاگادار نیم. من ناتوانم لە باتی لایەنی دیکە ئەوە رەخنەیە قبووڵ بکەم یان رەتی بکەمەوە. بەڵام لە پارتی دیمۆکراتی کوردستان ئێمە لە قوتابخانەیەکین کە بە واقعبینییەوە چاو لە بابەتەکان دەکەین و ئەگەر رەخنەیەکی بەجێ هەبێ، ئێمە قبوولی دەکەین. هەروەها جەنابی سەرۆکیش رچاوی ئەو بابەتە دەکا کە شاندەکە دەبێ نوێنەرایەتیی راستەقینەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردستان بێ.

**مادح ئەحمەدی: زۆر سپاس کاک جەعفەر بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتەت پێداین.**

**جەعفەر ئیبراهیم:** سپاس بۆ ئێوەش. سەرکەوتوو بن.

# کاریگەریی میدیا لەسەر دروستبوونی رای گشتی و گەشەی هزری نەتەوەیی

ئارام ئیبراهیم خاس



**الف) هۆکارەکانی شکڵ گرتن و کۆنترۆڵی رای گشتی**

رای گشتی دیاردەیەکی سایکۆلۆژیک و کۆمەڵایەتی و لە راستیدا خسڵەتێکی جەمعی و گشتییە و بریتییە لە بەراورد و هەڵسەنگاندنی هاوبەش، شێوەکار و بۆچوونی هاوبەشی گرووپێکی کۆمەڵایەتی لە پێوەندی لەگەڵ بابەتێک کە گشتییەتی کۆمەڵگە گرینگی پێدەدا و عەلاقەی پێیەتی و هاوکات لە کاتێکی دیاریکراو لە نێو ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک، چینەکان یا هێندێک جار هەموو کۆمەڵگە «گشتگیر بوونی رێژەیی» (عمومیت نسبی) پەیدا دەکا. ئەو پرۆسەیە بە سەر سێ بەشدا دابەش دەبێ:

**١– دروستبوونی**
**٢–رێنمایی و هێدایەت**
**٣– (بازداری)**

واتە میدیا لە سەردەمی ئێمڕۆدا لە پێکهێنان، رێنوێنی و کانالیزە کردن و تەنانەت تێکدان و پرش و بڵاوی رای گشتیدا رۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری هەیە. لە سەردەمی نوێ و دوای دوایین شۆڕشی جیهانی کە بە شۆڕشی ئێنفۆرمەیشێن یا زانیاری ناسراوە و هەروەها بوونی دونیا بە رایەڵەیەکی پێوەندی و هاوکات چوونە سەری ئاستی رادەی خوێندەواری گشتی خەڵک، هێزێکی نوێ پێی نایە گۆڕەپان کە نێوی رای گشتی لێ نراوە کە دەتوانێ دەرخەر ئیرادەی گەل و داخواز و ویستەکانی بێ. بە تایبەت لە وڵاتانێک کە سیستمی خەڵکیی و پارلمانیان هەیە و پرەنسیپەکانی دێموکراسیان تێدا بە بنەما وەردەگیرێ کاریگەری بیروڕای گشتی لە سەر ئاراستە بەخشین بە رووداوە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتییەکان بە تەواوەتی دەردەکەوێ کە لە راستیدا تێئۆرییەکەی «یورگێن هابرماس»ە کە باوەڕی بە شکڵگیری رای گشتی لە بیاڤی گشتیدا هەیە. دەتوانین بڵێین گەراکانی رای گشتی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی رۆشەنگەری و ئەو هزرە لەگەڵ فەلسەفەی سیاسی لیبرالی کۆتایی سەدەی هەفدە و هەژدە (واتە جان لاک و ژان ژاک رۆسۆ) تێکەڵاو بووە.واتە تێکەڵاو بوونی دوو وشەی «را»+«گشتی»بۆ یەکەمجار لە لێکدانی واتایی کە هەڵگری مانای سیاسی بێ تەنیا لە فەلسەفەکانی لیبرالیستیدا دەردەکەوێ و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەقدە. دەرکەوتن و پەرەئەستاندنی (وسایل ارتباط جمعی) ئامرازە پێوەندییە گشتییەکان دەبێتە هۆی لە دایکبوونی کۆمەڵگەیەکی نوێ، کۆمەڵگەیەک کە گرینگ نییە تاکەکانی لە کوێ دەژین و چەندە لێک دوورن یا لە کام چینی کۆمەڵگە و کام چینی کۆمەڵگەن، چوون لە رێگەی میدیاوە لە رووداوەکان ئاگادار دەبن، ئەو ئاگادار بوون و بە زانابوونی کۆمەڵگە تا ئاستێکە کە تەنانەت ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا رادەی بەشداری کۆمەڵایەتی یا سیاسی بەرتەسک بێ، دیسان ناتوانی لەگەڵ رابردوو بەراوردی بکەی و لە کۆمەڵگەیەکی لەو چەشنەدا هەموو هاووڵاتیان هێندێک ماف بۆ خۆیان پێناسە دەکەن و هێندێک ماف بۆخۆیان قائلین کە ئەستاندنەوەی ئەو مافانە کە زۆر جار نەنووسراون لە لایەن دەسەڵاتداران کارێکی سادە نییە. هەروەها ئەو دۆخە ئەو هێزە کە نێوی « رای گشتی»یە دەتوانێ لە وڵاتێکی دێموکرات و ئازاد یا لە ئەگەری کرانەوەیەکی سیاسی لە وڵاتێکی دیکتاتۆردا زۆربەی بوارەکان و بڕیارەکانی دەسەڵاتداران تووشی کێشە و رەخنەی جیددی بکاتەوە.

**ب) میدیا و حیزبایەتی کوردی**

بە سەرنجدان بەو شتانەی کە باس کران و چەشنێک کزبوونەوەی دیسکۆرسی ئۆرتۆدۆکسی و کلاسیکی رابردوو کە هەڵگری بیرۆکەیەکی شۆڕشگێڕی لە جۆری توندوتیژەکەی بووە، چەشنە بزاڤێک سەرهەڵدەدا و دێتە ئاراوە کە لە چییەتی و ماهییەتی خۆیدا دەکەوێتە خانەی بزاڤێکی دژ بە توندوتیژی و مۆدێل و مێتۆدی مەدەنی دەکاتە ئامرازی گەیشتن بە ئامانجەکەی. کە میدیا لە سەر ئاراستە بەخشین بەو چەشنە خەباتە و شکڵدانی بیروڕای گشتی ( کە باسی کرا) کاریگەرییەکی حاشاهەڵنەگری هەیە. لێکگرێدانی ئەو بابەتانە لە پێشەکی ئەو بابەتە لە بەر ئەو هۆیەیە کە بزاڤی نەتەوەیی – دێموکراتیکی کوردستان لە دۆخێک دایە کە مێتۆدی مەدەنی هەڵبژاردوە و هەموو سیما و روخساری ئەو حیزبانەش لە نێو خەڵکی کوردستان بە میدیاوە دەناسرێتەوە. کاتێک لە نێوان خەڵک و حیزبەکانی رەسەنی ئۆپۆزیسیۆن دوورییەک ساز دەبێ و بە پێی جەبرێک(ئەویش؛ جەبرێک کە لە دەرەوەی چوارچێوەی ئۆلێنتاریسمە) ناچار دەبین چەمکی «مەودا» لە نێو ئەدەبیاتی سیاسیماندا بە کار بێنین، هاوکات لە سەر بنەمای و پیویستی و ئەو جار بە پێی ئیرادەیەکی ئۆلێنتارەوە دەبێ لە هزری پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە و مەودایەش دابین. پڕکردنەوەی (بۆشایی ئامادەیی فیزیکی) زۆر ئەستەم نییە، بەڵام دەبێ وریا بین... ئاممان ئەو دابڕانە نەکەوێتە خانەی دابڕانێکی سوبژێکتیڤ و مەوداکەمان لە مەودایەکی جوغرافیایی نەبێتە مەودایەکی مەعریفی و (ذهنی). پێناسە و تەعریفی بیروڕای گشتی کۆمەڵگەی کوردستان لە (حیزبایەتی) کوردی پێناسە و لە هێندێک حاڵەتدا شناختێکی میدیایی یە ( بەو هۆیە کە حیزبی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان هیچ کات دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە نەبووە تا بتوانێ پێناسەیەکی جێگیر لە خۆی بە خەڵک و رای گشتی کۆمەڵگە بخاتە روو) .

تەنانەت لەو سەردەمەدا هێندێک جار میدیای حیزبێک (چاپەمەنی، تەلەفیزیۆن، رادیۆ،سایت و ...) دەبێتە پێوانەی خەڵکێک لە دەرەوە بۆ بڕیاردان لە سەر گشتییەتی سیستمی بەڕێوەبەری ئەو حیزب یا بزووتنەوەیە. کەواتە میدیا لە کۆمەڵگەی ئێمەش کاریگەری خۆی نواندووە و بێ شک دەتوانێ زۆر ئەرکی گران کە کورد سەرەڕای فیداکاری زۆر و قوربانیدانی زۆر بە چەک بیکا ئێستا دەتوانێ هەر ئەو ئەرکە قورسانە لە رێگەی میدیاوە ئەنجام بدات. بەڵام بە مەرجێک بتوانێ پلانمەند و خاوەن پرۆژە لەگەڵ مەسەلەکە تعامل بکات و بە دیاریکردنی (دووره دیمەن)و ئاسۆیەکی کاری لە هەوڵی درووست کردنی دیسکۆرسێکی نەتەوەیی هاوبەشدا بێ. هەر چەند بە پێی ماهییەت و جەوهەری وجودی میدیای کوردی کە لە راستیدا میدیای حیزبی کوردییە ئەو کارە تووشی هێندێک کۆسپ و کێشە دەبێ، بەڵام بوونی هێڵێکی یەکگرتووی سیاسی ـ نەتەوەیی و تەنانەت کۆمەڵایەتیش لە نێوان میدیای حیزبە کوردستانییەکان دەتوانێ یارمەتیدەری ئەو پرۆسێسە بێ.

**ج) میدیا و کۆمەڵگەی کوردستان**

ئێمە ئەندامی کۆمەڵگەیەکین کە کۆمەڵێک کێشەی زۆر گەورەمان هەیە و هاتنی مۆدێرنیتە و ئامرازەکانی مۆدێرنیتە وەک میدیا، بۆ کۆمەڵگەکەی ئێمە ئەوەندەی دیکەش ئەو کێشانەی گەورەتر کردۆتەوە. «ئێمە لەگەڵ پێکهاتە کۆنەکانی خۆماندا کێشەی زۆر گەورەمان هەیە، بەڵام ئێستا هاتنی میدیا کۆمەڵێک کێشەی دیکەی بۆ دروستکردووین». رەنگە بەشێکی ئەو کێشانە بگەڕێتەوە بۆ باسی کلتوور، کاتێک تێکنۆلۆژیا پێ دەنێتە کۆمەڵگەیەک (بە تایبەت کۆمەڵگەیەکی رۆژهەڵاتی و دەوروبەری) ئەگەر پەروەردە و کلتووری کەڵک وەرگرتن لەو تێکنۆلۆژیای بوونی نەبێ، بەو هۆیە کە شتێکی هاوردەیە و لە دەرەوەی ئەو کۆمەڵگەیە هاتووە، بە دڵنیاییەوە هێندێک لایەنی نەرێنی لەگەڵ خۆی بۆ ئەو کۆمەڵگەیە بە دیاری دێنێ. بەڵام هونەر ئەوەیە کە چۆن بتوانین ئەو کێشانە بکەین بە دەرفەت و لە پێناو شکڵدان بە کەسایەتی تاکی کورد، درووست کردنی رای گشتی کۆمەڵگەی کوردی و بەرژەوەندی گشتی نەتەوەییدا کەڵک لەو دەرفەتانە وەربگرین.( بە تایبەت کە گوتاری زاڵی راگەیاندن و میدیای کوردی گوتارێکی نەتەوەییە). میشیل فۆکۆ دەڵێ :»میدیا لە کۆمەڵگەیەکی نەریتیدا دەتوانێ دوو دیاردەی قێزەون کەمرەنگ بکاتەوە«:

**١– ناوچەگەرایی**
**٢– عەشیرەگەرایی**

بە دڵنیاییەوە کەمرەنگ بوونەوەی ئەو دوو دیاردەیە لە نێو نەتەوەیەکدا چەشنێک لە یەک نزیکبوون وئەنتێگراسیۆن ساز دەکا کە لە نەبووونی رایەڵەیەکی هەواڵ و زانیاریدا رەنگە بەدی هێنانی زۆر ئەستەم و دژوار بێ. دیارە لەو نیوەشدا دەتوانین میدیا بە سەر دوو چەشندا دابەش بکەین:

الف) میدیای باو وەک:تلویزیۆن و رادیۆ

ب) میدیای نوێ وەک : پێگە ئێلێکترۆنیکییەکان وەک رایەڵە کۆمەڵایەتییەکانی تویتێر، فەیس بووک و گوگڵ پلاس و هتد ...

کە کاریگەری میدیای کلاسیک بە سەر هەموو کۆمەڵگە و کاریگەری میدیای نوێ بە سەر نەوەی گەنجی کۆمەڵگەدا حاشاهەڵنەگر و لە نەوعی خۆیدا جێگەی رامانە.

بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ کە لە (مبحث)ی ڕای گشتی ئەو رای گشتییە بە بەشداری راستەوخۆی هاووڵاتییان خۆیان بڕوو پەیدا دەکا و گشتگیر دەبێ. واتە دەبێ پێوەندییەکی دوولایەنە لە نیوان میدیا و تاکی بەردەنگدا ساز بکرێ.

یەکێک لە مەبەستەکانی میدیا بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان پەرەپێدان و (تعمیق)ی هەرچی زیاتری روانگەی سیاسی گشتی ئەو کۆمەڵگەیەیە، کە رۆژانە لە کێشمەکێشی قەزاوەت و بڕیاراتی سیاسی و هەڵبژاردنی جوراوجۆر دایە.

کاتێک میدیایەک بتوانێ ئەرکی «رەقابەتی» خۆی لەگەڵ میدیاکانی هاوچەشنی خۆی کە هاوتەریب لەگەڵ ئەو کار دەکەن ( ئەوە ئەرکی رقابەتییە کە دەتوانێ کاریگەری پۆزێتیڤی هەبێ بە سەر کۆمەڵگەشدا ئەو رقابەتە سالمە لە نیوان دوو میدیای هاوچەشن. مەسەلەن وەک کوردکاناڵ و تیشک تی وی) بباتە پێش و لە ئەرکی (مبارزاتی) خۆی لەگەڵ میدیای داگیرکەر کە خەریکی شەڕێکی فەرهەنگی و میدیای بەربەرینە لە کوردستان و ئەو شەڕە هەر لە بەرنامەکانی منداڵان لە دەنگ و رەنگی کۆماری ئیسلامییەوە دەست پێدەکا تا ئاستی سەرێ و پرۆگرامەکانی دیکە، دەبێ میدیای کوردی ئەوە وەک ئامانجێکی سەرەکی خۆی دیار بکات و هەوڵی بۆ بدات کە بتوانێ تاکی کورد بگەیێنێتە قۆناغی بڕیاردان و هەڵبژاردن. ئەو شتەی کە تا ئێستا نەمانتوانی وە. یا ئێمە کۆمەڵگەی خۆمان نەناسیوە یا کۆمەڵگەکەمان زۆری ماوە. کە هیچیان نییە. دەزانن چییە؟

فۆنکشێن یا ئەوەی پێی دەڵێن کارکردی میدیای کوردی نەیتوانیوە ئەو کاریگەرییە لە سەر تاک و دواتر کۆمەڵگادا دابنێ! ئێمە ئەگەر بێین لە لای خۆمان ئەو مەسەلەی بۆ خۆمان حەل بکەین کە کوردستان هەر کوردستانە و ئەگەر سەد ساڵی دیکەش لە ژێر دەستی داگیرکەر دابێ و رزگار نەبێ هەر کوردستانە و کەس ناتوانێ پێناسەی کوردستانییەکەی لێ بستێنێ، کەواتە لێرە دەبێ رووی میدیا و بەردەنگی میدیا تاک بێ نەک خاک، کورد بێ نەک کوردستان! چوون تا ئازاد نەبێ، خاک ئازاد نابێ!

# رۆژنامەنووسیی کوردی و پرسی زمان

مستەفا مەعروفی



دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی رووداوێکی ئەوەندە گرنگ بوو کە دەکرێ بە سەرەتای قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی زمانی کوردیی دابنێین.

رەنگە یەکەم رۆژنامەی کوردی کە لە ٢٢ی ئاوریلی ١٨٩٨ دا لە قاهیرە دەرچوو، بە هۆی ئەوەی لە دوورە وڵات بوو و ئیمکانی ئەوەی نەبوو لە نیشتیمانی خۆی بە ئازادی دەربچێ، نەی توانیبێ ئەرکی رۆژنامەنووسیی بە شێوەیی حیرفەیی خۆی بەڕێوە بەرێ. چونکە رۆژنامە پێویستە رۆژانە لە بارەی هەموو مەسەلە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگییەکانی وڵاتدا ئاگاداری و زانیاری بداتە خوێنەرانی. بەڵام یەکەم رۆژنامەی کوردی ئەگەر بە هۆی هەلومەرجەکەی ئەم لایەنانەی لە حیرفەی رۆژنامەنووسی¬دا کەم بوو، سەرەتای قۆناغێکی گرنگ بوو لە تەسبیت و تۆماری زمانی کوردی کە لە هەر چوار لایەوە مەترسیی ئاسیمیلە بوونی لەسەر بوو.

تا دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی نووسین بە زمانی کوردی باو نەبوو و ئەوەندەش کە هەبوو زمانی شێعر و هۆنراوەی شاعیرانی کلاسیکی کورد بوو، لە بواری شیعر و هۆنراوەشدا بەشی هەرە زۆر ئەدەبیاتی زارەکی و بەشی کەمی دیوانی شاعیران بوو کە بە ئیملای عەرەبی دەنووسران. یەکەم رۆژنامەی کوردی یەکەم هەنگاوی کورد بۆ نووسینی پەخشان ( نثر ) بوو، گرنگ نییە ئەو یەکەم هەنگاوە بە کام لەهجەی کوردی بوو، گرنگ ئەوەیە پاش ئەم رێکەوتە لە هەر جێیەک کورد هەلی بۆ رەخسابێ و بە هەر لەهجەیەک بێ بە نووسین گەشەی بە زمانی خۆی داوە و لە قۆناغی زمان و ئەدەبیاتی شیفاهیەوە کە مەترسیی فەوتان و دابەشبوونی زۆری لەسەرە، پەڕیوەتەوە بۆ قۆناغی زمانی نووسین کە قۆناغی تەسبیت و تۆمارە و ئیدی ژیان و مانەوەی دەستەبەر دەبێ.

زمانی هەموو نەتەوەیەک لە لەهجەی جۆاوجۆر پێک هاتوە، بەڵام هەر نەتەوەیەک بیەوێ وەک نەتەوە خۆی پێناسە بکا و چارەنووسی سیاسیی خۆی بەدەستەوە بگرێ دەبێ خاوەنی زمانێک بێ کە زمانحاڵی هەموو نەتەوەکە بێ، واتە زمانی یەکگرتوو یان ستاندارد. لە نێو هەر نەتەوەیەک¬دا دوو رەگەز کاریگەریان لەسەر دروستبوونی ئەو زمانە سەرانسەرییە هەیە: شێعر و هۆنراوە لەگەڵ پەخشان ( نثر ). ئەزموونی میللەتانی دیکەش هەر ئەوە دەسەلمێنن. شاعیرێکی مەزن بە بەرهەمەکانیەوە یان شاکارێکی گەورە وای کردوە کە شاعیرانی دوای خۆی لاسای بکەنەوە و هەر لە سەر رێباز و زمانی ئەوان بڕۆن. پاشان کە رەگەزی رۆژنامەنووسی هاتۆتە نێو ئەو میللەتانە هەر لەسەر ئەو رێچکە و رێبازە زمانییە رۆیشتوون کە شاعیران و شاکارە ئەدەبییەکانی پێشوو لەسەری رۆیشتوون.

بەڵام ئەزموونی رۆژنامەنووسیی کورد و زمانەکەی رەنگدانەوەی بارودۆخە سیاسییەکەی بووە. ئەو ئەزموونانە پچڕ پچڕ و هەر جارەی لە ناوچەیەک بە لەهجەیەک بووە. ئەگەر یەکێک لەو ئەزموونانە درێژەی هەبووایە بێگومان زمانی کوردییش بە بواری رۆژنامە نووسییەکەیەوە شتێکی دیکە دەبوو.

لە یەکەم رۆژنامەی کوردییەوە تا ئیمپراتۆریی عوسمانی لێک هەڵوەشا، رێکخراوە کوردییەکان بە تایبەتی لەسەر دەمی شەڕی یەکەمی جیهانیدا چەند ئەزموونێکی کاری رۆژنامەنووسیان هەیە و بە زاڵبوونی دیکتاتۆریی ئەتاتۆرک ئەو ئەزموونانە کۆتاییان هات. لەو ماوەیەدا رۆژنامە نووسانی کورد بە زاراوەی کرمانجیی ژووروو کاری رۆژنامەنووسیان بەڕێوە بردوە. رەنگە ئەو دەرفەتەی لە شەڕی یەکەمی جیهانی دا بۆ کورد هاتە پێش کە لە پەیمانی سیڤەردا خۆی دەنواند لەدەست نەچووبا، ئەزموونی رۆژنامەنووسیی ئەو قۆناغە درێژەی کێشابووایە و کورد جگە لە دەسکەوتە سیاسییەکانی دەبوو بە خاوەنی زمانی یەکگرتوو کە لە سەرانسەری کوردستان ـ ئەگەر نەڵێین زمانی دەوڵەت دەتوانین بڵێین ـ دەبوو بە زمانی سیاسی و ئیداری.

ئێستا لە باشووری کوردستان و لە رۆژهەڵاتی کوردستان جۆرێک زمانی یەکگرتوو دروست بووە. سەرچاوەی ئەم زمانە رەنگە بگەڕێتەوە بۆ شاکارە ئەدەبییەکانی شاعیرانی کلاسیکی کوردی وەک نالی، سالم، مستەفا بەگی کوردی و وەفایی لە سەدەی ١٩دا. لە بزووتنەوی شێخ مەحموود لە نێوان ساڵانی ١٩١٩ تا ١٩٢٣دا کاتێک دەستیان کرد بە دەرکردنی رۆژنامە، بەو زمانە رۆژنامەیان چاپ کرد. « امید استقلال «، « بانگ حق» لەو رۆژنامانە بوون. ئەو ئەزموونە بە هۆی شاعیرانی وەک پیرەمێرد لە رۆژنامەی « ژین « پاشان نووسەران و رووناکبیرانی کورد لە حیزبی هیوا دا لە دەیەی ٣٠ زایینی درێژەی کێشا. کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦دا تین و تاوێکی دیکەی بە رۆژنامەنووسیی کوردی بەخشی. چەندین گۆڤار و رۆژنامە چاپ و بڵاو بوونەوە کە لە رووی زمانەوە لە راستیدا ئەم رەوتە درێژەی ئەو شێوە زمانە بوو کە لە سەردەمی بزووتنەوە شێخ مەحموود بەم لاوە رەواجی هەبوو. پاشان رەوتی رۆژنامەنووسیی کوردی بەهۆی پەرەگرتنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە رۆژهەڵات و باشووری کوردستان بێ پسانەوە درێژەی کێشا. درێژە کێشانی ئەم رەوتە یارمەتییەکی زۆری بە کامڵ بوون و پێگەیشتنی زمانی یەکگرتوو کرد.

ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی کوردی بە سەدان گۆڤار و رۆژنامە و بە هەزاران کتێب چاپ بڵاو دەبنەوە. بە دەیان رادیۆ و چەندین تەلەڤزیۆن بەرنامە بە زمانی کوردی بڵاو دەکەنەوە کە هەموویان دەکەونە خانەی رۆژنامە نووسییەوە. بە سەدان سایت و وێبلاگی کوردی لە سەر تۆڕەکانی ئینتێرنێتن.

ئەزموونی ئەم قۆناغەی دوایی لەگەڵ هەموو دەسکەوتەکان و لایەنە باشەکانی، بەڵام لە رووی زمانەوە ئاڵۆزییەکی سەیری دروست کردوە، بە چەشنێک کە لە نێو هیچ نەتەوەیەکدا دیاردەیەکی لەم جۆرە بەدی ناکرێ. لە ماوەی ١١٤ ساڵ ئەزموونی رۆژنامەنووسیی کوردی و نووسین بە زمانی کوردی بەگشتی دا بواری رۆژنامە–نووسی گەلێک دەسکەوتی گەورەی بەدەست هێناوە و لە رووی چەندایەتی و جۆاوراوجۆرییەوە هەنگاوی گەورەی هاویشتوون، بەڵام لە دروستکردنی زمانێکی یەکگرتوودا بەداخەوە رێگەیەکی زۆری لە پێشە و ئەگەر دەسەڵاتی کوردی خەمێک لەو مەسەلەیە نەخوا مەترسیی ئەوە هەیە کە زمانی کوردی بەرەو دوو ستانداره بوون بچێ.

راستە دەسەڵات رەنگە نەتوانێ زمانی یەکگرتوو دروست بکا، بەڵام ئەوە دەسەڵاتە کە دەبێ بە رەسمیی بناسێ و پەرەی بدا و کاری پێ بکا. بەم جۆرە ئەم زمانە جێگیر دەبێ و گەشە دەکا و پێ دەگا. ئەزموونی میلەلەتانی دەوروبەریش بەم جۆرە بووە. ئەموونی دوو دەسەڵاتی کوردی ( شێخ مەحموودی نەمر و سەردەمی کۆماری کوردستان ) هەرچەند کورتخایەن بوون، بەڵام ئەو راستییە دەسەلمێنن کە ئەگەر حکوومەت پشتی ئەم رەوتە لە زمان بگرێ، بێگومان لە درێژماوەدا کورد دەبێتە خاوەنی زمانێکی یەکگرتوو.

**زمانی هەموو نەتەوەیەک لە لەهجەی جۆاوجۆر پێک هاتوە، بەڵام هەر نەتەوەیەک بیەوێ وەک نەتەوە خۆی پێناسە بکا و چارەنووسی سیاسیی خۆی بەدەستەوە بگرێ دەبێ خاوەنی زمانێک بێ کە زمانحاڵی هەموو نەتەوەکە بێ، واتە زمانی یەکگرتوو یان ستاندارد**

# بە سیاسی _ ئەمنییەتی کردنی پرسە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان

وریا ڕەحمانی

لە ماوەی کەمتر لە یەک مانگی ڕابردوودا تەرمی بێ گیانی کچێکی تەمەن ١٧ ساڵەی بۆکانی لە ژێر پردی کۆستەی پارکی ساحیلیی ئەو شارە دۆزرایەوە، کە بە جۆرێکی بەرچاو سەرنجی بیروڕای گشتی و بەتایبەت پارێزەران و داکۆکی کەرانی مافەکانی مرۆڤی بەلای خۆیەوە ڕاکێشا. بەپێی زانیاریی سەرچاوەکانی هەواڵ ئەو کچە پاش ئەوەی کە لەلایەن بکوژ یان بکوژەکانییەوە بێ ڕێزییەکی ڕۆحی و جەستەیی دوور لە مرۆڤایەتیی پێ کرابوو، کوژراوە و بە شێوەیەکی ناشیرین فڕێ درابوو. هەر بە پێی ئەو زانیاریانە ئەوە یەکەم تاوانی لەم چەشنەی ئەم دواییانەی نێو شاری بۆکان نەبووە و لەم چەند مانگەی ڕابردوودا ئەوە دەیەمین ڕووداوی لەم جۆرەیە کە ڕوودەدات. کەچی چون لە حاڵەتەکانی پێشوودا ڕەهەندەکانی کارەسات بەم ڕادەیە لە تاوان نەگەیشتوە و کچەکانی دیکە نەکوژراون، هەم لە لایەن حکوومەت و هەمیش بنەماڵەکانیانەوە بە هۆکاری جیاوازەوە سەرپۆشی لەسەر دانراوە و بەر لە بەراگەیاندنی کردنی ئەم تاوانانە گیراوە. کەچی کاتێک کە «سومەییە فەیزوڵڵاهی» هەروەک باس کرا دەکوژرێ و هەواڵەکانی ئەم کردەوە دژە ئینسانییە بە شێوەیەکی بەربڵاو لەلایەن خەڵک و ڕاگەیەنەکانەوە دزە پەیدادەکا و بیروڕای گشتیی لێ ئاگادار دەکرێتەوە، تازە قوڵاییی کارەساتەکە دەردەکەوێ و حکوومەت مەجبوور دەبێ کە ئەگەرچی بەلانیکەمی بەرپرسایەتییەوە بەڵام خۆی لێ بەخاوەن بکا و بەجۆرێک لە جۆرەکان لەگەڵیدا ڕووبەڕوو بێتەوە.

پاش دزەی هەواڵەکانی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنانە بۆ دنیای دەرەوە و ئاگادار بوونی بیروڕای گشتی بەتایبەت خەڵکی بۆکان و کوردستان، کۆمەڵێک لە ژنانی چالاکی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێکی بەرپرسانە داوایان لە خەڵکی بۆکان و دەوروبەرەکەی و هەروەها شارەکانی دیکەی کوردستانیش کرد کە لەئاکامی ڕێپێوانێکی هێمنانە لە پارکی ساحیلییەوە بۆ بەردەمی فەرمانداریی ئەم شارە داوا لە بەرپرسانی ئەمنییەتی و ئینتزامی بکەن کە بەشێوەیەکی جیددی و بە پەرۆشەوە وەشوێن بابەتەکە بکەون و بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە تر وەڵامی ویست و داخوازییە ڕەواکانیان لە هەمبەر ئەم نابەهەنجارییە یەک لە دوای یەکانەدا بدرێتەوە. خەڵکی خۆپێشاندەر و چالاکانی مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی جیددی و تووڕەوە ڕەخنەیان لە سیاسەتی نابەرپرسیارانەی ڕێژیم بە نیسبەت خەڵکی کورد و کێشە و گرفتەکانیان گرت و بێزاریی خۆشیان لە ڕوانینی دووگانەی حکوومەت لە وڵاتدا دەربڕی.

هەرچەند لە ئاکامی خۆپێشاندانەکەدا فەرماندار و بەرپرسی هێزی ئینتزامیی بۆکان بەڵێنی چارەسەری و بەرورووبوونەوەی جیددی لەگەڵ گرفتەکەیان بە خەڵکی دا بەڵام ئەوە بە تێپەڕبوونی نزیک بە مانگێک لە دوای ئەو ڕووداوەوە بەکردەوە دەرکەوت لە هیچ هەوڵێکی بەرپرسیارانەیان لەم پێوەندییەدا نەداوە و تەنانەت لە قەدەر لانیکەمی چاوەڕوانییەکانیشدا دەرنەکەوتوون.

کەچی بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەرانە بابەتەکەیان لە حاڵەتێکی کۆمەڵایەتییەوە بەئاراستەیەکی سیاسی _ ئەمنییەتی دا بردوە و لە ڕەهەندی هەڵوێستەوە لەگەڵ هاوکێشەکەدا جووڵاونەتەوە.



بۆ وێنە پاش خۆپێشاندانە هێمنانەکەی خەڵک بە جۆرێکی ناشایست چەند کەسێک لە چالاکانی بواری مافی مرۆڤ و ئەندامانی خێزانی کچە کوژراوەکەیان گرتوە و دوای چەند ڕۆژ هەڕەشە و لێکۆڵینەوەی بەردەوام داوایان لێ دەکرێ کە پێش لە بە میدیایی کردنی مەسەلەکە بگرن و وەشوێن ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانیشی نەکەون و هەوڵ نەدەن بابەتەکە لە چوارچێوەیەکی دیاری کراو زیاتر شی بکرێتەوە. لەم پێوەندییەدا نوێنەری بۆکان لە توێی دەرکردنی دوو ڕاگەیەندراو بەرامبەر بە خەڵکی شارەکە و دەوروبەری دا دڵنیایی چارەسەری خێرا و مافخوازانەی کێشەکە بە خەڵک دەدا، کەچی بارو دۆخی ئێستای بۆکان دوای تێپەڕبوونی چەند هەفتە پێچەوانەی بەڵێنەکانی نێو ڕاگەیەندراوەکانیمان پێ دەسەلمێنێ. بۆ وێنە لە حاڵێکدا کە لەنێو ئەم ڕاگەیەندراوانەدا باس لە لێکۆڵینەوەی جیددی و هەمەلایەنە لەگەڵ بکەرانی شیمانەیی ئەم تاوانە دەکرێ، بەداخەوە ئەم کەسانە دوای چەند ڕۆژ گیران و لێکۆڵینەوەی سەرەتایی کە زیاتر وێدەچی بەمەبەستی ڕزگارکردنی تاوانباران و چەواشەکردنی بیروڕای گشتی بووبێ، ئێستا ئەوە ئازادانە لە نێو شار دا دەگەڕێن و بەریشی بریندراری خەڵک پێدەکەنن. شایانی باسە کە ئەم کەسانە لە چەقۆ کێش و لۆمپەنە ناسراوەکانی بۆکانن و خۆیان لە مۆرەکانی ڕێژیمن و بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو لەلایەن حکوومەتەوە بە مەبەستی چاوترساندن و سەرکوتی خەڵکی بەتایبەت ناوچەی بۆکان کەڵکی ئامرازییان لێ وەرگیراوە.

لە ئیراداتی بەرچاوی ڕاگەیەندراوەکەی جەنابی نوێنەر ئەوە بووە کە بەجێی ئەوەی ڕووی لە چارەسەریی تەندروست و مەعقولانەی کێشەکە بێ و مافی خەڵکی وەزاڵەهاتوو و بنەماڵەی کچە کوژراوەکە و ئەو کچانەی بێ ڕێزیان پێ کراوە ڕەچاو بکرێ، زیاتر لە بازنەیەکی سیاسی _ ئەمنییەتیی ئاراستەدارانەدا دەخولێتەوە و لەنێو ئاخنەکەیدا جۆرێک لە ترس و هەڵوێست گرتن لە بەرامبەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی تێدایە. بە گوێرەی زانیارییەکان بە فەرمانی ڕاستەوخۆی وەزیری ناوخۆ (کشور)ی کۆماری ئیسلامی، ژمارەیەکی زۆر هێزی چەکدای دژە شۆڕش بە تایبەت لە شارەکانی میاندواو و مەهابادەوە ڕەوانەی بۆکان کراون و سێبەرێکی خەستی ئەمنییەتی و نیزامی باڵی قورسی بە سەر فەزای شارەکەدا کێشاوە. لەڕاستیدا ئەم شێوازی هەڵسوکەوتە نابەرپرسیارانەیەی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پەروەندەیەکی کۆمەڵایەتیی لەم چەشنە بەرامبەر بە خەڵکێک کە ئیدیعای حاکمییەتی بەسەریاندا هەیە، هەر لە ڕێژیمێکی نەخوازراوی ئایدیۆلۆژیکی سەرەڕۆی خۆسەپێنی سەرکوتکەری وەک کۆماری ئیسلامییش دەوەشێتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی نێوخۆ و دەرەوە و هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە تایبەت حیزبی دیموکرات بە گیانێکی بەرپرسیارانەترەوە ڕووبەڕووی ئەم ڕووداوە بوونەتەوە و زیاتر لە ئاستی چاوەدێری کردنی دۆخەکە و هەوڵی ڕاگەیاندنیدا دەوری ئەکتیڤیان گێڕاوە. لە ڕاستیدا لە ئاکامی ناو بە ناو ڕوودانی ئەم چەشنە کارەساتانە و هەڵسوکەوتی جێی گومان و نابەرپرسانە و گوماناویی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا، ئەم واقعییەتە زیاتر لە هەمیشە خۆی دەنوێنێ کە خەڵکی کورد لە چوارچێوەی وڵاتێکی وەک ئێراندا، سەرەڕای نەبوونی ئەمنییەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابووری، بەداخەوە لە سەرەتایی ترین مافەکانی هاووڵاتی بوونیش بێبەرین و ئەمنییەتی گیانیشیان نییە.

# ١٢٠ یاسای جیهانی بۆ سەرکەوتن لە گشت بوارەکانی ژیاندا :

برایان تریسی

بەشی دووەم

و: سمایل سۆهرابی

٢٦- یاسای خۆڕاگری :
پێوانەی باوەڕ بەخۆ بوون، توانایی خۆڕاگرییە لەبەرابەر مەینەتەکان، سەرنەکەوتن وبێ هیواییە کانی ڕۆژگار. خۆڕاگری، تایبەتمەندی بنەڕەتی سەرکەوتنە. ئەگەر ئێوە بە ڕادەی پێویست خۆڕاگر بن، سروشتییە لەئاکامدا سەردەکەون.

٢٧- یاسای ڕاستی و دروستی:
بەختەوەری و کەسایەتیی بەرز کاتێک بۆ ئێوە دێتە دی، کە بڕیار بدەن هاو ئاهەنگ دەگەڵ بەرزترین بەهاکان و قووڵترین باوەڕییەکانی خۆتان ژیان بەرنەسەرێ و بەردەوام دەگەڵ بەنرخترین بەنرخەکان لەناختاندا ڕاست ودروست بن.

٢٨- یاسای سۆزداری:
ئێو لە بیر کردنەوە و تێگەیشتن وبڕیاردانیدا، بە تەواوی بەسۆزەوە کاردەکەن، بڕیار دەدەن و ئاراستەی مێشکتانی دەکەن. چون کۆنتڕۆڵی بیرکردنەوەکان لەدەستی خۆتان دایە، بەختەوەریی ئێوەش پێوەندیی هەیە بەڕاددەی هێزتان لە کۆنتڕۆڵی بۆچونەکانتاندا.

٢٩- یاسای بەختەوەری:
چلۆنایەتیی ژیانتان هەستیاریی ئێوە لەهەر کاتێکدا دیاری دەکات. هەستیاریی ئێوە لێکدانەوەی ئێوەیە لەڕووداوەکانی دەوروبەر نەک ڕێک ڕووداوەکان. هەرگیز دوور نییە بۆ ئەوەی لە ڕۆژگاری مندالی دا ڕووداوی خۆشتان هەبێ، تەنیا ئەوەندە بەسە لێکدانەوەی ڕابردوو، شێوازی لێکدانەوەی ئەزموونەکانتان بگۆڕن.

٣٠- یاسای جێگۆڕکێ: مێشکی هوشیاری ئێوە لە یەک کاتدا تەنها دەتوانێ یەک بۆ چوون لە خۆ بگرێ، ئەرێنی یا نەرێنی. ئێوە دەتوانن بە جێگۆڕکێ کردنی بۆ چوونە نەرێنی بە ئەرێنییەکان، بە بەختەوەری بگەن. مێشک وەک کێڵگە وایە دەتوانی گوڵی لێ بروێنی یا دڕک.

٣١- یاسای دەربڕین: هەر گوتەیەک کاریگەری خۆی هەیە. کاتێک لەپێوەندی بە مەسەلەیەک بەشێوەی لێوڕێژ لە هەستیار دەگەڵ خۆتان دەدوێن، بۆچون ومەرام وکردەوەکانی هاوئاهەنگ دەگەڵ ئەم گوتانە دێنەدی. تەنها لەم شتانە بیر بکەنەوە کە خوازراون، لە بیر کردنەوەی ئەم شتانەی کە نەخوازراون خۆ بپارێزن.

٣٢- یاسای کاردانەوە: بۆچوون وهەستەکانی ئێوە نیشاندەری کردەوەکانتانە، کردەوەکانیشتان بەنۆرەی خۆی نیشاندەری بۆچوون و هەستەکانی هەناوی ئێوەیە، کەواتە ئەگەر هەڵسوکەوتی ئەرێنی، دڵخۆشکەر و گەشبینانەتان هەبێ کەسێکی ئەرێنی ، دڵخۆشکەرو گەشبین دەبن.

٣٣- یاسی مەشق: هەرشتێک کە بەردەوام مەشقی لەسەر بکەن دەگۆڕدرێت بە خوویەکی نوێ. ئێوە دەتوانن ڕوانگە، هێزەکان و چلۆنایەتیی بەختەوەری و سەرکەوتن لەخۆتاندا پەروەردە بکەن، بە شێوەیەک کە یاساکانی سەرکەوتن ئەوەندە دووپات بکەنەوە تا دەبێتە بەشێک لە کەسایەتیی ئێوە.

٣٤- یاسای پابەندبوون: چلۆنایەتیی خۆشەویستی و بەردەوامیی دۆستایەتیی دووکەسان، پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە پابەند بوونی بە هێز هەیە، کە دەخوازن پێکەوە پێوەندیی سەر کەوتوانەیان بەردەوام بێ.سەبارەت بەو کەسانەی کەگرینگێکی زۆریان پێ دەدەن، لەقووڵایی دڵەوە بێ ڕەچاو کردنی هەلومەرج دەگەڵیان پابەند بن.

٣٥- یاسای بەها: ئێوە بەردەوام بەلای کەسانێک دا ڕادەکیشرێن کەدەگەڵ ئێوە لە بەهاکان، بڕوا و ئارمانەکاندا هاوبەش و هاو ئاهەنگن .

٣٦- یاسای هێنانە بەرچاو: دونیای دەورو بەرتان وێنە گرتنە لە دونیای ناخی ئێوە. وێنەکانی ناختان کە سەر قاڵیان کردوون ،لە سەر بۆ چوون و هەستە کان و کردەوەکانی ئێوە کاریگەریان دەبێ. هەر شتێک بە ڕوونی و بەو جۆرەی کە هەیە بیهێننە ڕوو لە ئاکامدا لە ژیانتاندا وەڕاست دەگەڕێ.

٣٧- یاسای پێوەندییەکان: چلۆنایەتی پێوەندی ئێوە ، چلۆنایەتی وچەندایەتی پێوەندیتان دەگەڵ غەیری خۆتان، دەست نیشان دەکات. وەدیهێنان وپاراستنی پێوەندی باش پێویستی بە کار هێنانی کات هەیە.

٣٨- یاسی پێکهاتن : ڕاددەی پێکهاتنی ئێوە دەگەڵ هەر کەسێک پێوەندی هەیە بەوەی تا چ ڕاددەیەک لە بەهاکان ، ڕوانگەکان، ئامانج و بڕواکاندا هاوبەشن.

٣٩- یاسای سەرنجدان: ئێوە سەرنج دەدەنە شتێک کە لاتان خۆشەویستە و بەهای بۆ دادەنێن، بەسەرنجەوە گوێدان بە خەڵک دەبێتە هۆی ئەوەی کە بزانن ئێوە ئەوانتان خۆش دەوێ وئەم کارەش هۆکارێکە بۆ وەدەست هێنانی متمانە ، یانی ئەو شتەی کە بناغەی بنەڕەتی پێوەندیی دۆستایەتییە.

٤٠- یاسای ڕێز لە خۆگرتن: هەر کارێک کە لە ژیانتاندا جێ بە جێی دەکەن بۆ پارازتن ، یا بردنەسەری ڕێز و حورمەتی خۆتانە. ئێوە لە پەنا کەسێک هەست بە بەختەوەری دەکەن، کە هاندەر بێ بۆ ئەوەی لە ناو خەڵکدا گەورەیی خۆتان مسۆگەر بکەن و لێی زیاد کەن و بی پارێزن ، هەر وەها زیاتر هەست بەخۆ شەویستی بکەن و بۆ خۆتان ڕێزێکی زیاتر لە بەرچاو بگرن.

٤١- یاسای هەوڵدانی ناڕاستەو خۆ: لە پێوەندی دەگەڵ کەسانی تردا ، ناڕاستەوخۆ کارکردن زیاتر دەبێتە هۆی سەرکەوتن ، بۆ ئەوەی دۆستێکی باش وەدەست بێنی پێویستە بۆ خۆشت دۆستێکی باش بی. ئەگەر دەتانهەوێ لە سەر خەڵکی کاریگەر بن ، پێویستە ئێوەش لە لایەن خەڵکیەوە کار تێکراو بن . بۆ وەدەست هێنان و پاراستنی پێوەندیی دۆستانە پێویستە بەر لە هەر شتێک بۆ خۆتان کەسێکی خۆشەویست بن.

٤٢- یاسای هەوڵدانی پێچەوانە: چەندی زیاتر هەوڵ بدەن کە بە زۆر پێوەندیی باش دەگەڵ خەڵک وەدی بێنن ،کەمتر سەرکەوتوو دەبن. بۆ وەدەست هێنانی پێوەندییەکی باش تەنها ئەوندە بەسە کە ئاسوودە و بۆ خۆتان بن و لەو چرکە ساتانەی کەدەگەڵ خەڵکین چێژ بەرن.

٤٣- یاسای شوناس: بەڕاددەیەکی زۆر گرینگیدانت بە مەسەلەکان، یا خۆ بەخاوەنکردنیان، هۆکاری سەرەکییە بۆ خولقاندنی گرفت لە بەردەوامی پێوەندیی دەگەڵ یەکتر .تەنیا لە ڕێگەی بە خۆوە گرێ نەدان و خوێندنەوەی ڕاست ودروست لە مەسەلە کان دەتوانن کاریگەر بن لەسەر پێوەندیی دۆستانە دەگەڵ خەڵکی.

٤٤- یاسای لێبوردن: دەروونناسیی ئێوە، تەواو پێوەندی بەوە هەیە کە چەندە دەتوانن بە ئاسانی لەو کەسانە خۆش بن کە بە شێوەیەک ئازاریان داون. بەشی هەرە زۆری گرفتەکان لەوە سەر چاوە دەگرێ کە ناتوانین لێک ببورین. نەبوونی ڕووحی لێبووردەیی دەبێتە هۆی تاوانبار کردنی خەڵکی و دروست بوونی هەستی ڕق وبێزاری بەرامبەر بە خەڵک .

٤٥- یاسای قبووڵکردنی واقعییەت : خەڵکی بەو جۆرەی کە هەن و بیردەکەنەوە قبووڵ کەن. هەوڵ مەدەن بە زۆری ناچاریان کەن بگۆڕێن، یا کە ناگۆڕێن چاوەڕوانی گۆڕانیان بن، ئێوە ئاکامی بۆچوونی خۆتان لە بەرچاو بێ، ڕەمزی پێوەندیی سەر کەوتوانە دەگەڵ خەڵکی ، قبووڵکردنیانە بەو شێوەیەی کە هەن، بێ خۆ بەسەر سەپاندندا.

٤٩ – یاسای کەم هەوڵی: مرۆڤەکان هەوڵ دەدەن داخوازییەکانیان، ئەگەر بکرێ بە کەمترین هەوڵدان وەدەست بێنن . تەواوی پێشکەوتنی مرۆڤ لە دونیای تکنۆلۆژیدا ، لە ڕاستیدا وەدەست هێنانی زۆرترین ئاکامە بە لەدەستدانی کەم ترین وزە.

٤٥ – یاسای لانی زۆر: مرۆڤە کان تێدەکۆشن لە بەرامبەر لەدەستدانی پوول ، کات ، کارکردن و هەستیاریان، زۆرترین بەرهەم وەدەست بێنن . لە هەڵبژاردنی لانیکەم و لانی زۆرتر ، بەردەوام لانی زۆرتر هەڵدەبژێرن، کەواتە ئێمە مرۆڤە کان لە ڕاستی دا تەماعکارین. ئەمە تایبەتمەندی مرۆڤە نە چاکە و نە خەڕاپ ، بەڵکوو مەسەلەیەکی سروشتی و حاشاهەڵنەگرە .

٤٨ – یاسای بەرژەوەندی : ئێوە بەردەوام هەوڵدەدەن بە کەمترین کات و بە ئاسانترین ڕێگا بە ئارەزووکانتان بگەن ، بێ ئەوەی بیر لە دەرەنجامەکەی بکەنەوە . ئێوە لە ئەنجامدانی هەر کارێک ئارەزوو دەکەن لە میتودێک کەڵک وەرگرن ، کە دەردە سەری و گیروگرفتی کەمتر بێ .

٤٩ – یاسای دوو هۆیی: مرۆڤە کان بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک دوو هۆ نیشان دەدەن . یەک – دروست بوونی ئەم کارەیە ، دوو _ هۆی ڕاستە قینەیە ، هۆی یەکەم زیاتر بۆ ڕێز لێ نان لە کارە کەیە. هۆی دووەم واتە هۆی واقیعی ، ئەوەیە ئەم ڕێگایەی کە هەڵبژێردراوە بۆ گەیشتن بە هەدەف خێرا ترین و ئاسانترین ڕێگایە .

٥٠ – یاسای هەڵبژاردن : هەر کارێک کە ئەنجام دەدرێ ، لە سەر بناغەو بنەڕەتی بەهاکانی زاڵ لە ئێستادایە، تەنانەت کارنەکردنیش لە خۆی دا جۆرێک هەڵبژاردنە. لە هەر شوێنێک بی و کێ و چەکەسایەتێکت هەیە ،بە هۆی هەڵبژاردن و بڕیاری خۆتە کە تا ئێستا گرتووتە بەر.

٥١ – یاسای بەهای ڕاستەقینە: بەهای هەر شتێک پێوەندیی بە سەرنجدانی بینەر هەیە ، هیچ شتێک بەهای لە پێشدا دەستنیشانکراوی نییە.

پیوانەی بەهای هەر شتێک نرخێکە کە سەرنجدەر ئامادەیە پێی بدات. کەسێک کە ئامادەیە لە بەرامبەر خەڵکی دیکە دا زۆرترین نرخ بدات، بەهای کۆتایی ئەم شتە دەست نیشان دەکات.

٥٢ – یاسای تالووکەکردن: ئێوە هەمیشە پێتان باشە زووتر بە ئارەزووکانتان بگەن نەک درەنگتر، بۆیە لە تەواوی بەشە کانی ژیانتان دابێ ئۆقرەن .

٥٣ – یاسای بەهای کۆتایی : دەست نیشانکردنی بەهای بنەڕەتی و کۆتایی هەر شتێک ، ئەوەیە کە دوایین کریار چە ڕاددەیەک لەبەرچاو دەگرێ .

٥٤ – یاسای دەرخستن وخواستن: کاتێک هێندێک لە کەلوپەڵ یا کەرەستەی سەرەتایی بەرتەسک و سنووردار دەبن، چوونە سەری نرخ دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی داواکاری، پێچەوانەکەشی هەر وایە . هاندان، هۆکاری چوونەسەری بەرهەمهێنانە ، تەمێکردن بە پێچەوانە. بۆ چالاکانی بەرهەمهێنان، مالیاتە دیاریکراوەکان وەک تەمێکردن وایە ، بۆ چالاکانی غەیرە بەرهەمهێنەر ، قازانج و لە سەربوون بە نیشانەی پاداش دێتە ئەژمێر .

٥٥ – یاسای کۆن: هەموو شتێک جێی دەمەتەقەیە و وەک خۆی نامێنێتەوە. لە کڕین و فرۆشتن دا پێشنیارێک بۆ هەر دوو لایەنی دانوستان جێی پەسەندە کە بازار قبووڵی کا.

٥٦ – یاسای چلۆنایەتی دانوستان : ئەگەر بزانن بە شێویەکی باش بچنە ناو باسی مامەڵە کردن ، دەتوانن ئالووێرچی باش بن . بەردەوام زیاتر لەوەی لە بەرچاوت گرتوە داوا بکە ، هیچ کات نرخی پێشنیارکراو قبووڵ مەکە ، تالووکە مەکە لە پاشان نرخێکی باشترو زیاتر داوا بکە .

٥٧ – یاسای دەست نیشانکردنی کات : دەست نیشان کردنی کات ، لە مەسەلە پێویستەکانی مامەڵە کردنە. هەر کاتێک پێشنیار کرا بۆ قبووڵ کردن یا ڕەدکردنەوەی شتێک، کاتێک دەست نیشان بکەن ، بەڵام ئەگەر لایەنی بەرامبەر دەرفەتی پێ نەدان یا خۆی کاتی بۆ دەست نیشان کردن،هەر ئەوەندە بەسە لەجوابی دا بڵێن ئێمە ئەم مامەڵەیە قبووڵ ناکەین .

٥٨ – یاسای چلۆنایەتی دانی نرخ: مەرجەکان و چلۆنایەتی دانی نرخ لە ناو مامەڵە کردن دا ، لە گشت مەرجەکان گرینگترن ، ئێوە دەتوانن هەر نرخێک قبووڵ بکەن، بەو مەرجەی مەرجەکانی دانەوەی بەهای کەلوپەڵ گونجاو بن .

٥٩ – یاسای ئامادەبوون: ٨٠٪ سەر کەوتوویی لە مامەڵە کردن پێوەندیی بەوە هەیە کە لە پێشدا چەندە خۆت بۆ ئەم مامەڵە ئامادە کردوە . پێش هەر مامەڵەیەک پێویستە زانیاریی تەواو وەدەست بێنن، کاری پێویستی بۆ بکەن و لە دروستیی گریمانەکانی پێشوەخت متمانەتان هەبێ .

٦٠ – یاسای جێگۆڕکێ: پێش مامەلە کردن خۆت لە جێی لایەنی بەرامبەر دانێ و بزانە بۆ سەر کەوتنی خۆی چ دەکات، هەرکاتێک توانیت بۆ چوونی لایەنی بەرامبەر بخوێنیە وە، باشتر دەتوانی مامەڵە بە قازانجی خۆت تەواو کەی .

# هاوبەندییەکی ئێرانی و هێندێک لە بابەتە پێوەندیدارەکان لە ڕوانگەی کوردانەوە

## «یەکپارچەیی خاک، «تمرکز»ی سیاسی، زمانی فارسی و ئاڵای ئێران»

ناسر ئێرانپوور
و: مەسعوود ڕەواندوست

بەشی دووهەم



**٣) پێگەی کۆمەڵایەتی و شوناسی گرووپە بەشدارەکانیش جێگەی باسە.** ئەم ڕەخنەیە دەگرن کە گوایە بەشدارانی ئەم دانیشتنە و دانیشتنەکانی هاوشێوە پێگەی جەماوەرییان نییە، دێموکرات نین و ئەگەریش پێگەیەکیان هەبێ، دوارۆژ هەر ئەوە دەکەن کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردوویەتی. دەگوترێ: «مەگەر خومەینی لە پاریس نەیگوت: لە ئێراندا کۆمۆنیستەکانیش ئازادییان دەبێ، بەڵام ژیانی هەموو جیابیرانی تاڵ کرد، چ بگا بە کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکان؟» بەڵێ ئەوە ڕاستە. بەڵام لەو حاڵەتە شیمانەکراوەدا ئەوەی زەرەر دەکا هەر ئەم هێزانەن، چونکە ئەوکات بێ گومان ئەوەی ئەمڕۆ باسی دەکەن دەچێتە ژێر پرسیار، چونکە دەبێ بزانن کە حیزبە کوردستانییەکانیش دەست لەسەر دەست دانانێن، هەر ئەوجۆرەی لە ڕابردووشدا دەستەوەستان نەماونەتەوە. دوکتور قاسملوو، کاریگەرترین تیۆریسیەنی بزووتنەوەی کوردستان لە چەند دەیەی ڕابردوودا، دەیگوت: «ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ‹دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان›مان دەوێ. بۆ خەڵکی دیکە و نەوەی داهاتووش بڕیار نادەین». کەوابوو هەر هاووڵاتییەک کە خۆی بە «ئێرانی» دەزانێ و بە ڕاستی نیگەرانی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێرانە، دەبێ بزانێ کە پاراستنی ئەم یەکپارچەییە بە زۆر و سەرکوت و پیلان و مافخواردن، یا بێ بەش کردن و کوشتار دەستەبەر نابێ. ئەگەر منیش «یەکپارچەیی خاکی ئێران» بێ هیچ مەرجێک قەبووڵ بکەم خەڵکی کوردستان و ئازەربایجان و خوزستان و بەلووچستان و تورکەمەن سەحرا لە داهاتوودا تەنیا ئەو کاتە لەباری حقووقی و، بە تایبەت عاتیفییەوە دەروەستی ئەم نیشتمانە هاوبەشەوە دەبن کە مافەکانیان تێیدا پێشێل نەکرابێ و هاووڵاتییان پێکەوە یەکسان بن. لە وەها حاڵەتێکدا هیچ هێزێک ناتوانێ لە ئێران دەریان بکا. بەڵام ئەوە مەسەلەیەکی یەک لایەنە نییە، هەر بەو ڕادەیەش ئەگەری جیابوونەوە و سەربەخۆییان هەیە، ئەگەر بێتوو هەلومەرجی ئێستا بەردەوام بێ و پێکهاتەیەکی تەواو فێدراڵی پێکهاتوو لە خۆبەڕێوەبەریی ناوچەیی و بەشداری لە حکوومەتی هاوبەشیان بۆ دابین نەکرێ. سەیری ڕەوتی روو لە زیادبوونی ژمارەی ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن کە ١٠٠ ساڵ لەوەپێش، ٦٥ ساڵ لەوەپێش و ٣٠ ساڵ پێش ئێستا چۆن بوو؟ بە تایبەت پێم خۆشە هاووڵاتییانی فارس زمانم لەوە ئاگادار بن کە بۆ تورکەمەن و ئازەری و کورد و عەرەب و بەلووچ سنووره جیاکەرەوەکانی ئێستا ناتوانن «پرگەوهەر (پرگهر)» بن. بریا ئەم خۆشەویستانە سەرنجێکیان دابا بە ژمارەی ئەو کەسانەی کە ڕۆژانە لە لایەن حکوومەتی کۆماری ئیسلامییەوە لە سنوورەکانی کوردستانی ئێران، عێراق و تورکیە و بە دەستی هێزەکانی ڕێژیم دەکوژرێن. ئەوکات لەوانە بوو هەست بەو ئازارە بکەن کە خەڵک و ڕووناکبیران و چالاکانی کورد هەستی پێدەکەن. بەڵام ئەم بە پیرۆز نەزانینەی ئەو سنوورانەی کە خاکی کوردستانیان پارچە پارچە کردوە و ماوە ماوە گیانی زەحمەتکێشانی ئەم ناوچەیە دەستێنن، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ سەربەخۆییخوازی هەیە.

پێشنیاری من:

- قسەی من بۆ چالاکانی کوردستان ئەوەیە کە زۆربەی کاتەکان سیاسەتی پێشگوویی کێشەخوڵقێنە، ناکرێ بە دڵنیاییەوە بڵێین کە ئەم هێزە یان ئەو هێزە لە داهاتوودا چ هەڵوێستێکی دەبێ. ئەوانیش هەر ئەو قسانە لەبارەی ئێمەدا دەکەن و لە هەڵەدان. بە باوەڕی من هەر ئەوەیکە کەسانێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست و چەپ ئامادەن پێکەوە لەسەر یەکیەتییەک ڕێککەون، ئەوە پێشکەوتنێکە. دڵنیا بن چالاکانی کوردستان دەتوانن هێزەکانی دیکە بخەنە ژێر کاریگەریی بەڵگەهێنانەوە و ڕوونکردنەوە و داخوازە ڕەواکانی خەڵکەکەیان و بە پێچەوانەشەوە. نەک هەر گرووپە سیاسییەکان بەڵکوو دەبێ بۆمان گرینگ بێ کە هەر چالاک و ئۆگرێکی سیاسیی هاونیشتمان چۆن بیر دەکاتەوە. نابێ دەرگای وتوویژ لەبارەی ئەگەرەکانی داهاتوو بە ڕووی هیچ هێز و کەسێکدا دابخرێ. ئێمە لەگەڵ شەیتانیش دانیشتین و وتوویژمان کرد و ئەگەر هەلومەرج بخوازێ لەگەڵ هەر شەیتانێکی دیکەش دادەنیشین و قسە دەکەین، چ بگا بەو هاونیشتمانانەی دەستی دۆستایەتیمان بۆ لا درێژ دەکەن. ئەو بێباوەڕییەی هەیە لەباری مێژووییەوە قابیلی دەرکە بەڵام چارەساز نییە.
- پانی و بەرینایی هیچکام لە پێکهاتە سیاسییەکان نەکەینە مەرجی وتوویژکردن. دەبێ تەنیا پێوانەمان ئەو بەرنامە هاوبەشە بێ کە پەسند دەکرێ. ئێمە هەر چەند هێزی زیاتر لە دەروی دروشمە دێموکراتیکەکان کۆ بکەینەوە باشترە. با لایەنی تەبلیغی و ڕوونکردنەوەی ئەم کارە بە کەم نەگرین.
- ئاشکرایە کە نابێ ڕێکخراوە کاریگەر و خاوەن ڕابردوو و بەهێزەکانیش لەبیر بکەین. کاری سەرەکیی ئێمە دەبێ زیاتر ڕووی لە ڕێککەوتن لەگەڵ کەسایەتی و ڕێکخراوە سیاسییە چەپەکانی ئێران بێ. لایەنە جۆراوجۆرەکانی فدائیان (بە تایبەت «فدائیان اکثریت»)، «راه کارگر»، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆماریخوازان و سەوزە سێکۆلارەکان دەتوانن لایەنی وتوویژ و تەنانەت هاوبەندی بن. مەشرووتەخوازان و گرووپە جۆراوجۆرەکانی سەر بە «جبهەی ملی» و هەروەها بەشە جۆراوجۆرەکانی حیزبی توودەی ئێران و ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق نابێ وەلابنرێن. لە پێوەندی و مامڵەکردن لەگەڵیاندا دەبێ تابۆ و بەربەستە ئایدۆلۆژیکی و دەروونییەکانی ڕابردوو بشکێنین. هەرکام لەم هێزانە ئامادەبن لە دامەزراندنەوەی ئێرانێکی دێموکراتیک و فێدراڵدا هاوڕێمان بن، نابێ لە لایەن ئێمەوە بەربەستێکیان بۆ دروست بکرێ یان سیاسەتەکانی ڕابردوویان بکرێن بە بەربەست.

بەجێ و ڕەوایە کە حیزبەکانی کوردستان ببن بە پاڵنەر و هاندەری یەکیەتییەکی دێموکراتیک لە ئێراندا. هەم ئەزموونی ڕابردوویان هەیە و هەم توانا و پتانسیەلی سیاسی و ئیعتباری پێویست. لە سایەی خەبات و ماندووبوونی ئەوانەوە ئەمڕۆ فێدرالیزم بۆتە ستراتێژییەک کە کەس ناتوانێ وەلای بنێ، ئەگەرچی ناکرێ دەوری ڕێکخراوەکانی وەک ڕێکخراوی «فدائیان خلق ایران» (اکثریت) و دواتر چالاکانی بزووتنەوە میللییەکانی ناوچەکانی ئێران لەم پێوەندییەدا بە کەم دابنرێ. بەڵام بێ گومان ئەمە نەدەهاتە دی ئەگەر کوردستان ئاڵاهەڵگر و پێشەنگی ئەم بزووتنەوە فێدرالیستی و «تمرکززدایی»یە نەبا. (ئازەربایجان لە بزووتنەوەی مەشرووتەدا بە هێنانەگۆڕی گەڵاڵەی «ئەنجومەنە ئەیالەتی و ویلایەتی‌یەکان» دەورێکی بەرجەستەی لەو شێوەی گێڕا.) بە پێی لێکدانەوەی من «فێدرالیزم»ی ئەمڕۆ دوای «دێموکراسی» (واتە دروشمی ٦٦ ساڵەی کوردستان) لە لایەن ئەهلی قەڵەم و نەزەر و سیاسەت و ئۆپۆزیسیۆن زیاتر لە هەر دەستەواژەیەکی دیکە بەکاردەبرێ و چەندین ساڵە وەپێش وشەی «سۆسیالیزم» کەوتۆتەوە. ئەمە هەر لە خۆڕا نیە و بێهۆ ڕووی نەداوە. بەرهەمی هەوڵی بەردەوامی پارێزەرانی ئەم سیستمەیە. دەزانین سەردەمێک لە هێنانەگۆڕی دروشمی «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان»دا کوردستان تاک و تەنیا بوو. ئەمڕۆ کام هێزی بە ڕاستی دێموکراتیک هەیە کە خودموختاریی نەک هەر بۆ کوردستان بەڵکوو بۆ هەموو ناوچەکانی ئێرانی (کە هەمان فێدرالیزمە) بە جۆرێک (بۆ وێنە لە چوارچێوەی جۆرێک ناوەندئاژۆیی و «حکوومەتە ناوچەییەکان»دا) لانیکەم تا ڕادەیەک قەبووڵ نەکردبێ. کەوابوو ئەگەری ئاڵوگۆڕ لە هەڵوێستی هێز و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئێراندا هەیە. درێژە بەم ڕێگایە بدەین. ئەوە مەدەنیترین و کەم تێچووترین جۆری خەباتە.



**٤) دەستەواژەی «یەکپارچەیی خاک» بەردەوام بۆ هەر دوو لا - دیارە لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە - هەستیار بووە.** ئەوەکە حیزبە کوردستانییەکان لە پێوەندی لەگەڵ ئەم باسەدا چۆن هەڵسوکەوت دەکەن پێویستیی بە باس و شیکردنەوەی زیاترە. ئەوەی ڕاستی بێ مەسەلەی یەکپارچەیی خاکی وڵات بەو شێوەی کە تا ئێستا باسی لێکراوە زیاتر لەوەی مایەی یەکگرتن بێ، فاکتەرێکی وروژێنەر بووە. لایەنێک زیاتر ئەم مەسەلەیە دێنێتە بەرباس کە خۆی بە خاوەنی ئێران دەزانێ و لەم پێناوەدا خۆی بە بەرپرسیاری پاراستنی یەکیەتی و یەکپارچەیی ئێران دەزانێ. بە باوەڕی من واباشە ئەم باسە بە تەواوی لە بڕیارنامەکاندا نەمێنێ، چونکە هێنانەگۆڕی ئەم باسە جگە لەوەی سوان و بردنەژێر پرسیاری یەکیەتیی ئێرانە، دەرخستنی پێکهاتەی داسەپاو و نادادپەروەرانەی زاڵ لە وڵاتەکەشمانە لە زمانی ئۆپۆزیسیۆن و، مافی دیاریکردنی چارەنووسی مرۆڤەکان و نەتەوەکان پێشێل دەکا و هەربۆیە نادێمۆکراتیکە و هیچ کێشەیەکیش چارەسەر ناکا. ئەوە چ کەلکێکی هەیە کە من ئەمڕۆ دەروەستی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی وڵات بم، بەڵام سبەی بۆ وێنە بە هۆی ئەوەی مافە نەتەوایەتییەکانم لەم وڵاتەدا وەبەرچاوناگیرێ، لەسەر بنەمای مافی دیاریکردنی چارەنووس کە بە پێی ئەساسنامەی حیزبەکەم باوەڕم پێیەتی و بە ڕاشکاویش ڕامگەیاندوە، لێی پاشگەز ببمەوە. بە وەبەرچاوگرتنی هێندێک فاکتەری دیکەش دەبێ ئەم مەسەلەیە لە دەستووری کار وەلابنرێ، بۆ وێنە و بە تایبەت کە یەکپارچەیی خاکی ئێران هیچکات لە لایەن ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، بە تایبەت ئەوانەی لە دانیشتنەکەدا بەشداربوون، نەکەوتۆتە ژێر پرسیار. هەروەها بەم هۆیە کە لە ڕاستیدا هیچکام لە لایەنەکان مافی ئەوەیان نییە کە ئەم داوایە لە لایەنی بەرامبەر بکا، مەگەر ئەوەکە خۆی بە ڕەسەنتر و خاوەن ماڵتر و ئێرانیتر لەوانی دیکە بزانێ کە ئەویش هەروەک شەهیدی بلیمەت دەیگوت نابێ ڕێگەی ئەمە بە هیچ کەس بدرێ. بەڵام حیزبە کوردستانییەکان، سیاسی و بە ئەزموونن و دەزانن کە دەبێ لە هێندێک شوێن ڕێککەون و سیاسەت و خەبات بێ ڕێککەوتن و سیاسیکاری و دیپلۆماسی نابێ. ئەوەکە جۆری ئەم ڕێککەوتنە چۆن دەبێ، دەکرێ قسەی لەسەر بکەن. ڕێگەچارەی پێشنیارکراو (نەک تەواو دڵخواز)ی من لە حاڵەتێکدا کە لایەنەکان (بێ هۆ) پێی لەسەر دابگرن، بریتییە لە: «پاراستنی یەکیەتی و یەکپارچەیی خاکی ئێران بە وەبەرچاوگرتنی مافی یەکسان بۆ هەموو نەتەوەکانی ئێران». دوو بەشی ئەم بابەتە لێک جیاناکرێنەوە، بەو مانایە کە یەکیەتیی خاکی ئێران تەنیا کاتێک مانای دەبێ کە مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەکانی ئێران وەبەرچاوگیرابێ و، پێچەوانەکەشی هەروایە: ئەگەر مافەکانی ئەم نەتەوانە بە فەرمی ناسرابن، هیچ هۆیەک نییە بۆ بردنەژێر پرسیاری یەکپارچەیی خاکی ئێران. ئەمە شێوەیەک لە ڕێککەوتنە، چون سروشتییە بە باوەڕی من (و دەشزانم هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان) ئەوەی گرنگ و بنەمایە، «مافی دیاریکردنی چارەنووس» و «یەکیەتیی دڵخوازانە«یە. دیارە ئەم دوو فۆرمەلبەندییە لە نێوەڕۆکدا یەکێکن، چون دڵنیام ئەگەر بۆ وێنە مافەکانی خەڵکی کوردستان وەبەرچاوگیرابن، ئەم خەڵکە لە ڕاپرسییەکی ئاگایانەدا دەنگ بە مانەوە لە چوارچێوەی ئێراندا دەدەن و «یەکپارچەیی خاکی ئێران» بێ گوشار و شانتاژ دابین دەبێ. لە نەزەر منەوە گرنگە کە لایەنەکانی هاوبەندییەکە بزانن کە یەکپارچەیی خاکی وڵات تەنیا ئەو کاتە دەکەوێتە مەترسییەوە کە مافەکانی بەشێک لە خەڵکی ئێران تێیدا دابین و گرەنتی نەکرابێ و، دەروەست بوونی کەسێکی وەک من هیچ ئاڵوگۆڕێکی تێدا پێک ناهێنێ. وەختێک لە دوکتور قاسملووی گەورەیان پرسی: «چ گرەنتییەک هەیە بۆ ئەوەی ئەم خودموختارییەی ئێوە داوای دەکەن نەبێتە سەربەخۆیی؟» وڵامی بەڕێزیان زۆر سادقانە و بیرمەندانە بوو و ئێستا لە هەرکاتێک نوێتر و دروستترە: «چ گرەنتییەک هەیە کە ئەو دێموکراسییەی ئەمڕۆ ئێوە باسی دەکەن، سبەی نەبێ بە دیکتاتۆری؟» مانای ئەم قسەیە چییە جگە لەوەی: «ئەگەر ئێوە بەڵێنەکەی خۆتان ژێر پێ نەنێن، هیچ هۆیەک نییە کە من بەو بەشە لە بەڵێنەکەم وەفادار نەبم.» ئەمە لە ڕاستیدا بنەمایەکی کۆمەڵناسانەیە («پەیمانی کۆمەڵایەتی»ی ماکس ڤێبێر) و هەروەها پرەنسیپێکی ناسراوی مافە نێونەتەوەییەکانە. لە مافە نێونەتەوەییەکاندا کاتێک مافی داواکراوی نەتەوەیەک بۆ سەربەخۆیی بە ڕەسمی دەناسرێ کە «مافی دیاریکردنی چارەنووسی نێوخۆیی» و خۆبەڕێوەبەریی ئەم نەتەوە ڕاپەڕیوە زەوت کرابێ. تەنانەت لە ڕوانگەی بڵاوکراوەی جیهانیی مافی مرۆڤیشەوە مرۆڤ تەنیا لە بەرامبەر ئەم دەسەڵاتەدا وڵامدەر و بەرپرسیارە کە مافەکانی تێیدا دابینکرابێ. من لەم باسە تەنیا بەم دەرەنجام و ڕێگەچارەیە دەگەم:

- وەلانانی مەسەلەی «یەکپارچەیی خاکی وڵات» بە گشتی لە باسی هاوبەندییە (دڵخوازە)کاندا یا
- پێوەندیی جیانەکراوەی ئەم مەسەلەیە لەگەڵ پاراستنی مافەکانی نەتەوەکانی ئێران (ڕێککەوتن).
- سروشتییە کە هێنانەگۆڕی ئەم باسە بۆ ئێمەی ئێرانی زۆر نابەجێ بێ، بەڵام دەبێ بزانین کە هەرکەس ئەم باسەی خستەڕوو دوژمنی خەڵکەکەمان نییە، بەڵکوو پرۆپاگەندەی بە وتەی خۆیان «ناسیۆنالیستە پان ئێرانیستەکان» و تێگەیشتنی هەڵە لە دووره دیمەنی سیاسیی کورد ئەم ترسە مێژوویی و ناڕاستەی خستۆتە دڵیان. من خۆم چەندین جار تاقیمکردۆتەوە، بە باس و وتوویژی لەسەرەخۆ و بەڵگەمەند ئەم نیگەرانییانە دەڕەونەوە. بۆیە پێ لەسەر ئەوە دادەگرمەوە کە باس و وتوویژی بەڵگەمەند بە تایبەت بۆ چالاکانی کوردستان زۆر گرنگترە لە دەنگ وەرگرتن لە نێو ساڵۆنێک و کۆمەڵێک خەڵکدا.

**٥) ئاڵای ئێرانیش جاروبار بۆتە هۆی مشتومڕ. سروشتییە کە ئێرانیش دەبێ ئاڵایەکی تاک و هاوبەشی هەبێ.** بە باوەڕی من وەک ئێرانییەکی دێموکرات و لیبراڵ، ئاڵایەک کە نوێنەرایەتیی من و هەموو ئێرانییەکان بکا تا ئێستا بوونی نییە. ئەم ئاڵایە دەبێ ئاکامی ڕێککەوتن و لێک تێگەیشتن بێ. ئاڵای ئێستای ئێران بە پێی ئەو هێمایەی لە نێوەڕاستیدایە نوێنگە و نیشانەی ئایدۆلۆژیا و بەرنامەیەکی سیاسیی جیاواز و دیاریکراوە. هەروەها دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە ئێران لەباری نەتەوەیی یان ئێتنیکییەوە یەکدەست نییە. کەوابێ دەبێ ئەم نەتەوانە خۆیان لەم ئاڵایەدا ببیننەوە. بەڵام ئاڵای ئێستا لە لایەن پارلمانی حکوومەتێکی تەواو ناوەندئاژۆوە پەسندکراوە و هیچ پێوەندییەکی بە خواست و ئیرادەی ئەم نەتەوانەوە نییە. جگە لەوە لە ناوچەکانی وەک کوردستان هێمای سەرکوتیش بووە. کەوابێ سروشتییە کە چالاکانی کورد دژایەتیی ئەم ئاڵایە بکەن چ بگا بەوە کە بە هی خۆیانی بزانن. پێشنیاری من ئەوەیە:

- یا بە هۆکاری بنەڕەتی یان پراگماتیستی و خۆبواردن لە گرژی و ئاڵۆزی لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا دانەنرێ و بڕیاردان لەسەر ئاڵا بۆ داهاتوو دوابخرێ،
- یا هەر کەسێک مافی ئەوەی هەبێ ئاڵای دڵخوازی خۆی بێنێ،
- یان لانیکەم تا ڕێککەوتن لە ئێرانی داهاتوودا لە کۆبووبوونەوەکاندا لە دەوری ئەم ئاڵایە کۆببنەوە و وەک پرەنسیپێک لە پەسندکراوە پێوەندیدارەکاندا بگونجێندرێ. لەم حاڵەتەدا نوێنەرە فکرییەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران لەگەڵ ئەمری واقیع بەرەوڕوو نابن و ئاڵای سێ ڕەنگی ئێران وەک ئاڵای تاکی ئێران دەتوانێ بە فەرمی لە کۆبوونەوەکاندا هەبێ. دیارە باشتر دەبێ ئەگەر ١) لە نێوەڕاستی ئەم ئاڵایەدا هێمایەک بە نیشانەی بوونی فرەچەشنییە نەتەوەیی ـ قەومییەکان لە ئێراندا هەبێ (بۆ وێنە وەک ئەوەی هی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ) بۆ ئەوەی هەم لەگەڵ ئاڵای حکوومەتی پاشایەتی و هەم ئاڵای کۆماری ئیسلامی جیاوازبێ و ٢) لە هەمان حاڵدا بگوترێ کە ئاڵای ناوچەکانی ئێرانیش بە فەرمی دەناسرێن (هەر ئەوجۆرەی لە سیستمی فێدراڵدا ئەمە شتێکی ئاسایی و قەبووڵکراوە؛ تەنیا ئەوە بەسە کە سەیرێکی هێما و ئاڵاکانی ئەیالەتەکانی ئاڵمان بکەین (کە هەمووشیان یەک نەتەوەن)).

# مرۆڤی ژمارە ١٣٥٤٩٠٦٤٨، زیندانی دەسەڵات و ئەدەبیاتی زیندان

ڕێبوار مەعرووف زادە

**«بێ هۆش دەبووم و**
**دوای سەعاتێک لە ژووری ئینفرادی دیسان زیندوو دەبوومەوە و**
**شعرێک بانگی دەکردم» (*)**
**«لە دایکبوونی منالم دیوە، بۆیە دەزانم**
**قیژە و لنگ کوتان**
**یەکەم نیشانەی لە دایکبوونە»(**)**

مرۆڤ و زیندان، ئازادی و زیندان، دەسەڵات و زیندان، هونەر و زیندان پێوەندییەکی نزیک و نادیاریان پێکەوە هەیە کە جۆری ئەو پێوەندییەش، واتە نزیکی و نادیاری، بۆ جەوهەری زیندان دەگەڕێتەوە. زیندان بریتییە لەو دیوارە بڵیندانەی کە بۆیە ئاوا بڵیند دروست کراون کە گاڵتە بە باڵای مرۆڤ بکەن، زیندان بریتییە لەو دابڕانە ناچارەی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگە، بریتییە لەو ژووره تاریکانەی بۆ ئەوە ئاوا تاریک دروست کراون، دووری لە فەزای گشتی و دووری لە هەتاو و ڕەمزی ژیان بکەن بە نزیکییەکی ڕۆژانە و ترسناکی مرۆڤ لە بێ دەنگی و مردنی خۆی. بۆ نزیکبوونەوە لە مردن مەرج نییە ڕاستەوخۆ تامی مردن بکەین، بەڵکوو زور جار دیتنی گیاندانی کەسێک دەتوانێ ترسێکی گەورەی مردن دروست بکا.

هەروەها ململانێی بەردەوامی کۆمەڵگە و دەسەڵات نیشانیداوە کە دواجار هێزی کۆمەڵگە بە بەراورد لە گەڵ هێزی ئیمپراتۆری و دەوڵەت و ئەرتەش و چەکدا باڵادەستە واتە سەقامگیریی پێوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگە هەمیشە لە سەقامگیریی پێوەندی نێوان مرۆڤ و دەسەڵات زیاترە. ئەوە لە حاڵێکدایە زیندان کۆمەڵگەیەکی دەستکردە کە لەودا ناهاوسەنگییەکی ترسناک لە نێوان پێوەندیی مرۆڤ و دەسەڵات پێک دێ. ئەگەر بیرەوەرییەکانی ژیانی کەسێکی ئاسایی کۆمەڵگە بخوێنینەوە لەو نووسراوەیەدا مەوداکانی منداڵی و پیری، شەو و ڕۆژ، پێکەنین و گریان، ژیان و مردن مەودایەکی ئاسایین بەڵام لە نمایشی سەربردەی زیندانییەکاندا، لە هونەر و ئەدەبیاتی زیندان دا مەوداکانی نێوان پێکەنین، هەناسەهەڵمژین، برسێتی و هاوار و مردن بە تێکرا دەشێوێن، تەنانەت زیندان مانای خۆدی مەوداش دەشێوێنێ. دواجار زیندانەکان بۆ ئەوە دروست کراون کە مەودای ژیان و مردنی مرۆڤ، واتە ئازادیی مرۆڤ، لە نێو ببەن و مرۆڤی مردوو دروست بکەن.

ڕەنگە کەسانێک بڕوایان بەوە هەبێ کە زیندانەکان ڕۆلی ئەرێنیشیان هەیە و زور جار زیندان شوێنی ئەو کەسانەیە کە دەستدرێژی دەکەنە سەر ماف و ئازادیی کەسانی دیکە، بەڵام مێژووی زیندان نیشانیداوە کە زیندان ئەوەندەی کە دامەزراوەیەکە بۆ زەوتکردنی ئازادیی خەڵک ئەوەندە لە خزمەت دابینکردنی ئاسایشی خەڵکدا نییە. ئەو بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زیندان لە جەوهەری خۆیدا ئەوەندە کە توانا و بەستێنی پێشێلکردنی ئازادی مرۆڤی هەیە توانای دابینکردنی ئاسایشی مرۆڤی نییە. زیندان بە تاریکی، بێ دەنگی، دیوار، زنجیر، ئەشکەنجە و تەنیاییەوە زیندانە، ئەوەندەی کە لە تاریکی و تەنیایی و شەودا دەستدرێژی دەکرێتە سەری قەت لە ڕۆژدا، لە ڕووناکی و لە پێش چاوی خەڵک دا دەستدرێژی ناکرێتە سەر مرۆڤ، هەر بۆیە زیندان ئەوەندە کە پێویستییەکی دەسەڵاتە قەت پێویستییەکی مرۆڤ و کۆمەڵگە نییە.

بۆ ئەوەی پێوەندیی زیندان، وەک دامەزراوەیەکی دەسەڵات، لە گەڵ مرۆڤ نیشان بدەین مرۆڤی ژمارە ١٣٥٤٩٠٦٤٨ی زیندانی ئێڤین، فەرزادی کەمانگەرمان، هەڵبژاردوە. ئەو هەڵبژاردنە لە بەر ئەوەیە کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی فەرزاد و دەسەڵات دا، دەسەڵات لەوپەڕی هێزی زیندان کەڵک وەردەگرێ، بەڵام دواجار هێزی مرۆڤ سەردەکەوێ. ئەوەی دەسەڵاتی زیندان پێکدێنێ بریتییە لە تاریکی، زنجیر، ئەشکەنجە و ئێعدام، بەڵام هێزی فەرزاد لە خۆراگری، بوێری، مرۆڤدۆستی، دیالۆگ، خەندە و لە ڕاستیدا لە نامەکان و ئەدەبیاتی زیندانی فەرزاد دایە. ئەدەبیاتی زیندان بەرگریی مرۆڤە لە مرۆڤبوونی خۆی. ئەدەبیاتی زیندان هونەری بەرهەمهێنانەوەی ڕەخنە، دیالۆگ، بوێری، ئازادی و دواجار هونەری بەرهەمهێنانەوەی مرۆڤایەتیی مرۆڤە لە بەرامبەر دەسەڵاتی زیندان دا.

لێرەدا با سەرەتا لە ڕێگەی نامەکانی فەرزادەوە تێگەیشتنێکی بەرفراوانتر لە زیندان پەیدا بکەین:

«چەند مانگە کە لە زیندانم ، زیندانێک کە بڕیاربوو ئێرادەم، خۆشەویستیم و مرۆڤبوونم تێک بشکێنێ. زیندانێک کە دەبا وەک «بەرخێکی بەستزمان» ئارام و ڕامی کردبام، چەند مانگێکە ئەسیری زیندانێکم کە بەرزایی دیوارەکانی بە قەت درێژایی مێژوویە. ئەو دیوارانەی بڕیار بوو مەودایەک بێ لە نێوان من و خەڵکەکەم کە خۆشمدەوێن، مەودایەکی هەتاهەتایی بێ لە نێوان من و منالانی وڵاتەکەم، بەڵام من هەموو ڕۆژێک لە درزی سلوولەکەم هەتا شوێنە دوورەکان دەڕوێشتم و خۆم لە گەڵ ئەوان و وەک ئەوان هەست دەکرد و ئەوانیش زامەکانی خۆیان لە منی زیندانیدا دەدیتەوە و زیندان لە نێوان ئێمەدا پێوەندییەکی قووڵتر لە جارانی دروست کرد. بڕیار بوو تاریکی مانای خۆر و ڕووناکی لە من بگرێ، بەڵام من لە زیندان دەرکەوتنی وەنەوشەم لە نێو تاریکی و بێ دەنگی دا بینی. بڕیار بوو زیندان مانا و بەهای کاتم لە بیر بباتەوە، بەڵام من لە دەرەوەی زیندان ژیانم کردوە و خۆم بۆ هەڵبژاردنی ڕێگایەکی نوێ بۆ جارێکی دیکە بە دونیا هێناوەتەوە.»

ئەگەر لەو چەند ڕستەیەی فەرزاد وردبینەوە و تەماشای پێوەندیی کۆمەڵایەتی و سیاسیی وشەکان بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە فەرزاد بە وشەکانی تاریکی، بێ دەنگی، لە یادکردن، دیوار و مەودا باسی زیندان و پێناسەی زیندان دەکا. فەرزاد لەو دەقەدا بە سێ دەستەواژەی «لە یادکردن»، «مەودایەکی هەتاهەتایی» یان «دیوارێک بە درێژایی مێژوو» باسی زیندان دەکا. ئەو بە هۆی پێوەند دان و لکاندنی ئەو وشانە بە زیندانەوە باس لە ڕۆلێکی سەرەکی و نەرێنیی زیندان دەکا. کاتێک تاکەکەسێک تووشی ڕووداوێکی ناخۆش دەبێ هەوڵ دەدا ئەو ڕووداوە ناخۆشە لە یاد بکا. لە ئاستێکی سەرتردا دەسەڵاتێکی نادێموکراتیک و سەرەڕۆش، لە نەبوونی پشتگیریی خەڵکی دا، تووشی سەرکوتکردنی خەڵک دەبێ، هاوکات ئەو دەسەڵاتە پێویستی بە لە یادکردن و سڕینەوەی ئەو سەرکۆت و کارەساتانە لە یادەوەریی خەڵک دا هەیە. بەم پێیە زیندان دەزگایەکە بۆ سڕینەوەی تاوان و سەرکوتە دەوڵەتییەکان لە یادەوەری و هۆشیاریی خەڵک و نەوەی نوێ دا. لە لایەکی دیکە نووسینی شێعر، نامە و کتێب لە لایەن زیندانییەکان، چ لە نێو زیندان و چ دوای ئازادبوون، واتە بەرهەمهێنانی ئەدەبیاتی زیندان پاراستنی مێژوویەکی ڕاستەقینە و بەرگرییەکی درێژخایەنی مرۆڤە لە بەرامبەر سیستمی لە یادکردن و زیندانەکانی دەسەڵاتدا.

خودی فەرزاد لە سەرەتادا، هەر وەک دەیان چالاکی مەدەنی و سەدان زیندانیی سیاسی دیکە، خەباتکارێکی ئاسایی بوو. هەروەها بوونی فەرزاد بە هێمایەکی ئازادیخوازی و مرۆڤدۆستی نەک بەرهەمی زیندانی بوونەکەی، تەنانەت بەرهەمی ئێعدام بوونیشی نییە. هەموو هەرمان و گەورەیی فەرزاد لەو نامانە دایە کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی لە گەڵ زیندان، ئەشکەنجە و ئێعدام دا نووسیوێتی. نامەکانی فەرزاد لە ڕیزی ئەو چەشنە لە ئەدەبیاتی زیندان دایە کە بە هەست و هزری بەرزی مرۆڤایەتی بارگاوی کراوە. ئەدەبیاتی فەرزاد پڕە لە گەڕان بۆ ئازادیی مرۆڤ. فەرزاد بە شێوەیەکی زۆر هونەرمەندانە هزر و تێڕوانینی نوێی خۆی، لە بارەی چۆنییەتیی چارەسەری پرسی کورد، دەخاتە نێو نامەکانییەوە.

### فەرزاد و پرسی کورد

فەرزاد لە یەکێک لە نامەکانی دا لە ژێر سەردێری «نسل سوخته» هەموو فەوتانی خۆی وەک مرۆڤێکی کورد ڕێک بە فەوتانی منالییەکەی دەزانێ. هەروەها زیندوو بوونەوە و ئازادیی خوێشی هەر لە گەڕانەوە بۆ منالی دەزانێ.

«منالیی من( و منالیی نەوەی ئێمە) بە جۆرێک بووە کە کاریگەرییەکی قووڵی بە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانمان داناوە. من شێعرێکم لە منالیی خۆم لە بیر نییە. لە ڕاستیدا هیچ شێعرێکیان فێری ئێمە نەکرد. تازە ئێستا لە دەیەی سێهەمی ژیانم تێگەیشتووم کە دەبوو توپی یارییم وەک خەڵات لە باوکم وەرگرتبا و دەبوو قاچەکانم درێژ کردبا تا دایکم چیرۆکی «اتل متل»ی بۆ کوتبام. مامۆستاکان دەبوو فێریان کردباین کە بۆ هەتاو و ئاسمان شێعر بهۆنینەوە، دەبوو لە گەڵ درەختەکان باڵامان کردبا، دەبوو لە گەڵ ڕووبارەکان ڕێ کەوتباین، دەبوو لە گەڵ پەپووڵەکان ئاسمانمان بڕیبا و دەبوو و دەبوو و دەبوو ....

بەڵام موسیقیی ئێمە مارشی نیزامی بوو، شێعری ئێمە بۆ تفەنگ و سەنگەر بوو و لە ترسی هێلیکوپتێر نەماندەوێرا سەیری ئاسمانیش بکەین. لە دەیەی سێهەمی ژیانم تێگەیشتم کە چیرۆکێک نازانم، نەمدەزانی کە منال دەبێ لە گەڵ خەون و ئاواتەکانی بژێ و لە گەڵ ئەوان گەورە بێ. ئاخر چیرۆکەکانی منالیی ئێمە ئەژماری کوژراوەکان لە فلان کوێستان یان شەڕە قورسەکان لە فلان شاخ دا بوو. بڕوا بکە نەیانهێشت منال بین ڕەنگە هەر بەم هۆیانە بێ کە ئێستاش لە تەمەنی سی و چەند سالیدا حەزم لێیە کایەی منالان بکەم. کایە، خۆشی و چێژیان لە نەوەی ئێمە ستاند، هەر بۆیە شتێکم لە سەردەمی منالی لە یاد نییە. ئێستا تۆ بە من بلێ، ئەگەر لە شێعری تۆ دەنگ، هاوار و خۆشەویستی بسڕنەوە، چ دەمێنێ؟ ئەگەر لە سروشت بەهار و لە شەو، مانگ و ئەستێرە بدزن چ دەمێنێ و ئێستا تو بە من بلێ ئەگەر لە مرۆڤێک منداڵییەکەی بستێنن لەو کەسە چ دەمێنێتەوە؟»

لەو ڕستانە دا بۆمان دەردەکەوێ کە فەرزاد فەوتانی هەموو ژیان، ئازادی و مرۆڤایەتیی مرۆڤ، بە تایبەتی فەوتانی ئازادیی مرۆڤی کورد، بە فەوتانی منالی دەزانێ. بەو پێیە بۆ تێگەیشتن لە ڕوانگەی فەرزاد لە بارەی ئازادی مرۆڤی کوردەوە پێویستە بۆ مانای منالی لە نێو ئەدەبیاتی فەرزاددا بگەڕێین.

### فەرزاد و منالی

جێگای تێرامان ئەوەیە کە فەرزاد، وەک تاکێکی کورد کە سالانێک لە زیندان و لە ژێر ئەشکەنجەدا بووە وبڕیاریشە ئێعدام بکرێ، لە نامەکانی خۆیدا زۆرترین ڕووبەر بۆ منالان تەرخان دەکا.




**لە نامەکانی خۆیدا زۆرترین ڕووبەر بۆ منالان تەرخان دەکا. ئەو نە تەنیا لە زۆربەی نامەکانیدا باس لە منالی دەکا، بەڵکوو چەند نامەش ڕاستەوخۆ ڕوو بە منالان دەنووسێ. دەکرێ بڵێین منالەکان پالەوان و تۆخمە سەرەکییەکانی ئەدەبیاتی زیندانی فەرزاد پێک دێنن**

ئەو نە تەنیا لە زۆربەی نامەکانیدا باس لە منالی دەکا، بەڵکوو چەند نامەش ڕاستەوخۆ ڕوو بە منالان دەنووسێ. دەکرێ بڵێین منالەکان پالەوان و تۆخمە سەرەکییەکانی ئەدەبیاتی زیندانی فەرزاد پێک دێنن. بۆ نموونە فەرزاد بە بۆنەی سالی نوێ نامەیەک لە ژێر سەردێری « **ئەو فریشتانەی کە دووشەممەکان پێدەکەنن**» بۆ منالان دەنووسێ کە دەکرێ بڵێین پڕبایەخترین نامەی فەرزادیشە. ئەو لەو نامەیەدا هزری قووڵی خۆی لە بارەی مانای منالی، پێوەندیی مرۆڤ و منالی دەخاتە ڕوو.

«دووهەمین جار بوو کە قوڵبەست دەکرا، جاری یەکەم بە یەکساڵ زیندان مەحکووم کرابوو، هەموو جۆش و خرۆشەکەی ئەوە بوو کە منالەکان ڕۆژی دووشەممە سەردانی دەکەن. ڕۆژی چاوپێکەوتن بە بێ ئەوەی گرینگی بە کەسانی دەوروبەریان بدەن، لە پێش چاوی دایک و باوک و لە نێو مێز و سەندەڵییەکان سەرموقلاتیان لێ دەدا و لە سەر دەستیان دەڕۆیشتن تا باوکیان بەرەوپێشچوونیان لە وەرزشدا ببینێ. باوک سەرمەست و سەربەرز لە هەڵبەز و دابەزی منالەکان خەندەیەک دەکەوتە سەر لێوی و دایکیش بە ڕۆخسارێکی بێ گۆناهانەوە لە حالێکدا هەولی دەدا دەردی تەنیایی و چاوەڕوانییەکەی بشارێتەوە، بە نیگایەکی گەش، هاوسەر و بە نیگایەکی دیکەش ئاشقانە خۆشحالیی منالەکانی تەماشا دەکرد. منیش کە چەند مانگ بوو لە فەزای منالان و قوتابخانەکان دوور ببووم نوقمی تەماشای زارا و پەریا دەبووم و لە بارەی ئەوان بۆ دایکم قسەم دەکرد. یەکێک لە کاریگەرترین ئەو ساتانەی کە وەک تابلۆیەک لە زەینم دا نەخشی بەستوە، ساتی دیداری ئەو بنەمالەیە لە گەڵ یەکتر بوو. دەتکوت لە بۆشایی، لە ڕۆیا و ئاسمان و لە شوێنێک لە دەرەوەی ئەو دنیایە و لە نێو هەر ئەو بەستراوەییانەدا لە دەوری یەک خڕ دەبوونەوە، هیچ کەس لە دەوروبەریان نەبوو. بە بێ گرینگی دان بە نیگابان و دیوارەکان و زیندانییەکانی دیکە، خەندە و شادییان لە گەڵ یەکتر دابەش دەکرد. هەمیشە خۆزگە دەخواست بنەماڵەی زارا و پەریام لە دەرەوەی زیندان دەدیت یان خۆزگەم دیدارەکە نیو کاتژمێر زیاتری دەخایاند. کاتی مالاواییش هەولم دەدا چاویان لێ هەڵنەگرم تا شکۆ و نەمریی دیدار و پێکەوەبوونیان لە زەینم بە هەمان شێوە نەمر بمێنێتەوە. ئەو کچە جوانانە دەتکۆت بە هەر سەرموقلاتێک کە لێیان دەدا بە زمانی بێ زمانی خەندە و گاڵتەیان بە دنیای دەستکردی دەورووبەری باوکیان دەهات.»

لێرەدا منال لە چاوی فەرزاد دا بە خەندە دەناسرێتەوە. ئەو نە تەنیا هەموو مرۆڤەکان لە خەندەدا هاوبەش و یەکسان دەبینێ، بەڵکوو مرۆڤایەتیی مرۆڤی بە بوونی خەندە دەبەستەوە. ئەو نەک بە سەرسامییەوە باس لە منال دەکا، بەڵکوو دەیهەوێ ببێ بە منال و بتوانێ گاڵتە بە زیندان بکا. توانای خەندە دەتوانێ مرۆڤ لە دۆخە ترسناکەکان تێپەڕێنێ، چۆنکە هیچ دەسەڵاتێک نەیتوانیوە بە خەندە خەڵک بچەوسێنێتەوە و خەڵک بەرەو گەمژەیی و گرژی بەرێ. کلتووری دیکتاتۆری، کلتوورێکی گرژە کە بەردەوام خۆ لە خەندە دەپارێزێ. هەر مرۆڤێک بەدەر لە ئیدئۆلۆژی، ئایین، نەتەوە، چین و ...لە زمانی منالیکەوە، لە خۆشەویستی و خەندەی منالێکەوە، هاوبەشن. گەورەترین هەوڵی زیندانی دیکتاتۆرەکانیش بەرهەمهێنانی گرژی و مونی و تووڕەیی و توندوتیژییە. منال ئەو ڕووبەرە پاک و بێگەرد و پڕ لە خەندە و خۆشەویستییەیە کە هەموو مرۆڤە گەورەکان بۆ دەستخستنی دووبارەی ئازادی و مرۆڤبوونی خۆیان پێویستە بۆی بگەڕێنەوە. ئەوانەی لە زیندان دان، ئەوانەی چەک بە دەست دەگرن و ئەشکەنجەی کەسانی دیکە دەکەن، ئەوانەی دەبن بە دیکتاتۆر، هەموویان گەورەکانن و هیچیان منال نین. لە جارنامەی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە کە هەموو مرۆڤەکان بە ئازادی لە دایک دەبن، بەڵام دروست ئەوەیە کە بڵێین هەموو مرۆڤەکان بە منالی لە دایک دەبن. هەر بۆیە فەرزاد لە نامەکانی دا نمایشی نەتەوەیەکە کە بۆ منالی و خەندە و ئازادی دەگەڕێ.

**سەرچاوەکان :**

١- نامەهای زندان از فرزاد کمانگر
.http://davidiranazad٣
blog-/٠٥/٢٠١٠/blogspot.com
html.٢٢_post
٢- زندان و ادبیات، منیره برادران
http://www.radiozamaneh.
com/library
٣- تولد زندان در غرب، گرداورندە: زینب باب الخانی
http://monadianesolh.
٢٢/persianblog.ir/post
٤- درباره مارکس و هنر، مقالات عباس گویا
٥- عشق، پرندەای ازاد و رها - نویسندە: اشو، مترجم: مسیحا برزگر

تێبینی:

*شێعری دەستپێکی وتار بەشێکە لە شێعرێکی فەرزاد بە ناوی «شێعر، شلاق، شکنجە« کە لە زیندان نووسیوێتی.

**ئەوە شێعری ماموستا ع.پەشێوە کە فەرزاد لە شعرەکەیدا بە کاری هێناوە.

# عەلی ئەشرەفی نەوبەتی ( پەرتەو کرماشانی)

وریا رەحمانی

یەکێک لەو شاعیر و ئەدیبە فەرهەنگدۆست و زمانپاراوانە کە بە حەق دەورێکی گرینگ و حاشاهەڵنەگرانەیان لە گەشە و برەوی هەرچی زیاتری فەرهەنگ و ئەدەبیاتی رەسەنی کوردی بەتایبەت لە ناوچەکانی خوارووی کوردستاندا گێراوە، مامۆستا «عەلی ئەشرەف نەوبەتی» ناسراو بە «پەرتەو کرماشانی» یە. دیارە کە دەسەڵاتی شێعری مامۆستا پەرتەو تەنیا لە نووسینی شیعری کوردیدا نەبووە و لە چوارچێوەی شێعری عەرووزیی فارسییشدا دەسەڵاتێکی کەم وێنەی لە خۆی نیشان داوە. کۆی شێعر و هۆنراوەکانی پەرتەو کرماشانی لە توێی کتێبێکدا بە ناوی «کوچە باغی ها» بە هەوڵی نووسەر و ئەدیبی ناوداری ئێرانی «محمد علی سوڵتانی» کۆ کراوەتەوە و شوێنێکی تایبەت و شایانی لە کتێبخانەی ئەدەبیاتی کوردی و فارسیدا بۆ خۆی دەستەبەر کردوە. ئەگەرچی زۆربەی شێعرەکانی ئەم شاعیرە لێهاتوویە بە زمانی فارسییە، بەڵام هەر ئەو برە شێعرە بە پێز و بە توانایەشی کە بە کوردی هۆنیویەتەوە دەرخەری ئەو پەڕی شارەزایی و دەسەڵاتی باڵای بەرێزیان لە پانتایی شێعر و ئەدەبیاتی کوردی دایە. پەرتەو زۆربەی شێوازەکانی شێعری عەرووزیی وەک غەزەل، مەسنەوی، قەسیدە، چوارینە و...ی تاقی کردۆتەوە و تا رادەیەکی باش و سەرنج ڕاکێشانەی تایبەتیش سەرکەوتوو بووە.



شێعرەکانی پەرتەو لە بواری زمان و دارشتن و تەکنیکە ئەدەبییەکان لە لایەکەوە و لە بواری ناوەرۆک و ورد بینی و سەرنجی تایبەتی شێعرییشەوە لە لایەکی دیکەوە، تێکهەڵکێشێکی شارەزایانەمان لە شێوەکانی عێراقی و هێندی لە شێعری فارسیدا پێ نیشان دەدەن. لە راستیدا ئەگەرچی زۆربەی شێعرەکانی پەرتەو فارسین کەچی تێم و فەزای کوردی بە تەواوی بەسەر شێعرەکانیدا زاڵە و گیانی کوردی و جیاوازیی لەگەڵ شاعیرانی فارسی لە تایبەتمەندییە دیارەکانی شێعرەکانیەتی. حاڵ و هەوای شێعری پەرتەو بە شێوەیەکی سەرنج راکێشانە لە حاڵ و هەوای شێعریی مامۆستا هێمن نزیکە و وەک ئەوەی لە ژێر باندۆڕیدا بووبێ لە خوێندنەوەی شێعرەکانیاندا نزیکایەتیی رۆحیی هەرچی زیاتری ئەم دوو کەڵە شاعیرە کوردەمان بۆ دەردەکەوێ.

شێعری پەرتەو ئەگەرچی وەک فۆرم عەرووزییە و لە چوارۆچێوەی شێعری کلاسیکدا پێناسە دەکرێتەوە، بەڵام لە بواری زمان و ناوەرۆکەوە راشکاوانە شێعری ئەمڕۆیی و مۆدێڕنە و لەگەڵ کەڵکەڵەکانی مرۆڤی سەردەمدا دەدوێ.

«محەممەد عەلی سوڵتانی» لە باسی پەرتەودا دەڵێ: پەرتەو لە شاعیرە کەم وێنەکانی سەردەمی ئێمەیە کە لە بەستێنی روانگە و زمانی شێعریدا شوێنێکی تایبەتی هەیە و زایەڵەی هۆنراوەکانی گشت دەر و دۆڵەکانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆسی داگرتۆتەوە. پەرتەو سەرەڕای سادەیی و ساکاریی دەربڕین و ئەدای شێعری بەڵام لە زمانێکی دەوڵەمەند و قووڵی شێعری کەڵک وەردەگرێ و تەکنیک و جوانکارییە ئەدەبییەکان لە توێی شێعرەکانیدا شەپۆلان دەدەن. ئەگەرچی پەرتەو لە هونەری شێعر نووسیندا زیاتر لە ژێر کاریگەریی شاعیرانی بە توانا و مێژووی ئەدەبیاتی فارسیدا بوو، کەچی هەرگیز ئەرک و بەرپرسایەتییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیشی لە بیر نەکردوە و کۆمەڵێک شێعری بە پێز و خاوەن پێگەی جوانی بە زاراوەی کەلهوڕی پێشکەش بە هۆگران و ئەویندارانی شێعر و ئەدەبیاتی رەسەنی کوردی کردوە. شێعرە کوردییەکانی پەرتەو کە زیاتر لە جۆری غەزەلن لە نموونە کەمیابەکانی غەزەلی غینایی کوردی بە حیساب دێن و دەسەڵاتی بەرینی ئەم شاعیرە هەڵکەوتەیە و زاراوەی کەلهووریمان لە چوارچێوەی شێعر و ئەدەبیاتی کوردی دا پێ نیشان دەدەن.

ئاوارەگەی بیچارەگەی بی خانمانم ئەرمەنی !
ماڵد نیەزانم هالە کوو رووح و رەوانم ئەرمەنی !

ترسم وە گەردم تا نەکەی بیوشی بچوو دەر وا نەکەی
ئمجا مە دی دیوانەگەی ئاگر وە گیانم ئەرمەنی

تە بەو موسلمانی بکە لەی گەورە مهمانی بکە
هەرچی ک خوەدزانی بکەم ناتوانم ئەرمەنی !

بیخود ئرا ترسی خوەمم قورسە دەمم خاتر جەمم
مانگە شەوە سایەی خوەمەها شان وەشانم ئەرمەنی !

نووش ئەوقرە چشتی نیە دە ر وا کە بارم کەفتیە
هەر یەی چکەی نەذری بکە تەر بوو زوانم ئەرمەنی !

ئەر یەی کەسی لە دژمنی پرسی یە لە کوورە سەنی
وە گیان هەر چی کافرە ئیوشم نیە زانم ئەرمەنی !

پشتم لە بار دەرد و خەم شکیا نیەزانم چوە بکەم
دەردم یەسە لە ماڵ خوەم بی خانمانم ئەرمەنی !

رووژ و شە وم جوور یەکە دەر وا کە مایووسم نەکە!
ئاخە و ە ناشەر تازە م جایل جوانم ئەرمەنی !

دەر واکە زیوتر « پەرتەوە» مهمانەگەی ئاخر شەوە
یەی شیشە لە و بەد مەسەوە پر کە بزانم ئەرمەنی !

* * *

# «کورد ل خوراسانێ و پەندا کرمانجی»

ب. هیوا

هێشتا، خەڵکی ئەوتۆ زۆرن کە زانیارییەکی ئەوتۆیان لەسەر کوردانی خۆراسان نییە. کوردان بۆچی گەیشتوونەتە خۆراسان؟

لەکەیەوە لە خۆراسان نیشتەجێ کراون؟ لەکام شار و ناوچە دەژین؟ ئەو ناودارانەی لەوان هەڵکەوتوون و ناو و ناوبانگیان خۆراسان و سەرانسەری ئێرانی داگرتووە کامانەن؟ ژمارەیان چەند و چ کولتوورێکیان هەیە؟ لە بواری ئەدەبیات و مۆسیقا و هونەرەکانی دیکەدا، چەندە پێش کەوتوون؟ پێوەندیان لەگەڵ خوشک و براکانیان لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لە چ، ئاستێک دایە؟ زۆر پرسیاری دیکە لەبارەی ئەوان، لە مێشکی زۆرێک لەمەمانان دان.

«خالە صالح» لەو نووسەر و لێکۆڵەرانەیە کە سەرنجی بۆلای کوردانی خۆراسان راکێشراوە و لە ساڵی ١٩٩٣ ەوە دەستی کردوە بە بڵاو کردنەوەی بابەت لە سەر کوردانی خۆراسان لە گۆڤار و رۆژنامە کوردییەکاندا.

«کورد لە خۆراسانێ و پەندا کرمانجی» لەو کتێبانەیە کە سەیدا خالید سالح ئەرکی بەرهەڤکرن و ڤەژاندنی گرۆتە ئەستۆ. ئەم کتێبە کە لە بڵاوکراوەکانی دەزگای «سپێرێز» بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەیە، ساڵی ٢٠٠٦ چاپ و بڵاو بۆتەوە.

کتێبی ناوبراو لە ١٥٠ لاپەرە پێک هاتووە بریتییە لە پێشەکییەک، باسێک لەسەر «کورد ل خوراسان»، هۆیەکانی راگوێزرانی کوردان لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ خوراسان لەسەردەمی شا عەبباسی سەفەویدا.

دواتر باسی راوەستانی ئەو کوردانە لە بەرامبەر هێرشی ئۆزبەکەکاندا دەکا. هەر لەم باسەدا ئەو هۆزە کوردانە ناو براون کە کوردانی خۆراسان نیان لێ پێک هاتوە. هێندێک لەو کارەساتانەش کەلە درێژایی چەند سەدەی رابردوودا بە سەر کوردانی خۆراسان هاتوون، بەشێکی دیکە لە نێوەرۆکی ئەم باسە پێک دێنن. باسێکی ئەم کتێبەش بۆ یادکردنەوەی «خوداوێردی(خدۆ) لە کوردانی خوراسان تەرخان کراوە کە فەرماندەیی راپەرینێکی چەند مانگە لە دژی دەوڵەتی ناوەندی ئێرانی کردوە.

«کورد لە پاکستان و ئەفغانستان» ناوی یەکێکی دیکە لە باسەکانی ئەم کتێبەیە.

بەڵام زۆرترین بەشی کتێبەکە بۆ پەندی کرمانجی تەرخان کراوە. لەم کتێبەدا، پەندەکان بە پێی پیتەکانی الف و بێ، پۆلین کراون. لە بەشێکی ئەم باسەدا بەم جۆرە باس لە پەندە کرمانجییەکان کراوە.

پەندا کرمانجی

چاخێ مرۆڤی ناڤێ ڤەژاندنێ گوە لێ دبیت، ئێکسەر مرۆڤ وەسا هزر دەکەت کو دەست نەڤیسەکا کەڤن دێ هێتە نویژەن کرن، لێ ڤێرە کتێبەکە سالا (١٩٨٨) ێ یا دەرکەتی ل ژێر ناڤ و نیشانێن (پند کرمانج .... گویشی ضرب المثل مانند از کردان شمال خراسان، یا ترجمە فارسی) یا نڤیسەر (احمد عضدي)، واتە (پەندا کرمانجی .... گوتن ژ پەندێن کوردا ل باکورا خورسان) دگەل وەرگێران بو زمانی فارسی.

مەبەستا سەرەکی ژ ڤێ ڤەژاندنێ وەرگێرانا پەندایە بو سەر رینڤیسا کوردی یا ئەڤرو کو ب تیپێن عەرەبی دخوینن و دنڤیسن. ب راستی دەمێ مروڤ ڤان رەنگە کتێبا دبینیت، مروڤ گەلەک بەختەوەر دەبیت کو هێشتا ئەڤ پەندە دناڤ هندە کوردا دا مابن کو سالەها سالە ژ کوردستانێ دەڤەقەتیای.

دڤێ کتێبێ دا نێزیکی (٦٧٠) ێ گوتنانن، کو ژ بپ (٩٩ _ ١٩٦) ێ ڤەدگریت کو ئەو بخو (٢٠٧ بپ) و پتری یا وان گوتنا یێن هاتینە نویژەن کرن و چەندەکێن کێم یێن ماینە دناڤبەرارا ئەو ژی ژبەر چەند ئەگەرەکا، هیڤی دکەم ئەز دەرحەق دەرکەتبم ب تایبەت ژلایێ ئاخفتنێ ڤە (فونوتیک) و هیڤی دکەم ڤان چەند خالا بەرچاڤ بگرن.

١_ دبیت ل هندە جها دەست کاری ژ نەچاری تێدا هاتبیتە کردن.

٢_ دبیت تیپا (و) ل گەلەک جها (ڤ) بێتە خواندن یان بەروڤاژی.

٣_ ل دویف شیان فەرهەنگوک یا بو هاتی یە دانان و گەلەک پەیڤێن بیانی جهێ خو یێن دناڤ وان گۆتنا دا گرتی.

ل دوماهی یێ جارەکادی هیڤی دکەم کو هندی شیایم شاشی تێدا دکێم بن و ئارمانجا سەرەکی ژ ڤێ نڤیسینێ وەکی ل سەری دیاری کری هەر بو نیاسینا وان کوردایە نەپتر.

تێبینی:

ئەو گوتن یێن هاتینە نڤیسین وەکی چەوان د پەرتوکێ دا و کا چەوان دپەرتوکێ دا چاپ بوینە و دبیت هندەک ژوان هەر ب ناڤ پەندبن وەکی

_ سۆلێ لاستیکی چاقێ یەکی خراڤ دکە.

_صاندوقێ دلێ خوە صاف کە.

_ ل ناڤ فەرمانێ ماشینێ جامێ نەترسی دانینە و .... گەلەکێن دێ.

ل بەرامبەر ڤان هندە گۆتن و پەندێن ب هێز یێن تێدا.

* * *

# لە تیکابەوە بەرەو توزخورماتوو

نزار کوێستانی

هێشتا سەوزەی پشتوێن سووری سفرەی حەوت سینی ، حەوت شارەکەی بابە زەردەشت ، لە هەیوان ساری ئەسیری نێو قەفەسی پەنجێرەیە

هێشتا گەزیزە مزگێنی دەری نەوروزی پیرۆزی کوردەواری گویاغاجیمان داپۆشراوی چەتری رەشی پەروپاڵی بیگانەیە

ئیستا زەنگۆڵەی زوڵاڵی دەنگی پڕ سۆزی «قارەمان»ی بلۆزی «بەیان هەی بەیان بەیان دیارە بە بەرزی بەیان خەم لە دڵم بارە وئەم بەرم شاخە ، ئەوبەرم شاخە پێش سەنگەرەکەم دوو بن قەیاخە

نێو قوناغی قوتویەکی قوفل کراوی ژێر بەرد و ژێر زەمینیە

هێستا لووتکەی قافڵانکۆی روو زەردی ، زەرد هەڵگەراوتر لە رەنگێ زەعفەرانی ، نەی گۆریوە سەروپرچی چەشنی سووروساتی کاکۆل ئەرخەوانی

خوشم دەوێی وڵاتەکەم ئەی وڵاتە بێ نازەکەم ، چونکو ئێستا گۆماوە چاوشینە مەندەکانی جەغەتووی لێوار وبوارە پڕ لە خەندەکەم ، مەلەوانگە وسەیرانگەی قاتڵانی ، میرزا حەمەرەسوول ، حەمە قالە و حاجی ساڵە و ...ئەوانی دیکەن

تازە نەوروزەکەی ژینم لە سنەدا شەڵالی خوناوەی سوور کرا لە نەغەدەم لە باتی مێلاقە وگوڵاڵە ، شەهیدی کورد لە نوێ نەوروزی ئازادیان چەپک ، چەپک ، دەستە ، دەستە هەر بەرەو گورستان برا و هەر دڵداربوو لە دڵبەری دادەبڕا .

بولبولی ئەم دڵە سووکەڵەم نازانم بۆچی هێشتا چریکەی دڵی لە زێرئاوای ئاغدەرە وئەحمەداواکان هەر، هەر بەرنادا، خۆ دەزانێ هەر لێرەوە تا دەشتەکانی تەڵای رەشی توزخورماتوم

دار بەدار و لەم چڵ بۆ ئەو چڵی چوم ، خۆ دەزانێ هێشتا هێڵانەی نوبەرەی خوشی ژینم لە کانیاوە سێحراویەکەی غەیباواکەم بەرنەداوە ، لانەداوە ، تێک نەداوە .و.

نیشتمانم!

لە یەکەم نەوروزی ژیانم بەرەو بینین و بۆنی نێرگسەکانی کرچ وکاڵی گەرمیانم

لە سەر رێگەی بە راستی ناتوانم ،نازانم بڵێم کامیانم پێ لەوانی دیکە لا جوانتر بو ، بەڵام ئەوەندە دەزانم هەرچەند زیاتر بەرەو ناخی کوردستانم دەبوومەوە زیاتر سەرخۆشیی جوانی وخوشەویستی دایدەگرتم ، داگرتنێک چەشنی چاشنی دیسووتاند ، دەروون وگیانم

گەورکانم ، مەنگورانم سوێسنایەتی و ئەوبەری چیای نەستانم ، لە هەموان سە رسام هێنەرتر گەردنی بەرزی گەردەنە کەی گەردەن کەشی زمزیرانم

لەوێوە بوو بۆ یەکەم جار بینیم کەویە بەفرەکانی دیمەنی سەیری قەندیلم ، بیستم هاشەی چومی کەڵوێ کە هێستاش گوێم دەزرینگێتەوە هەر لێرەوە بۆ ئەوێ

لەویوە بوو چوومە گەدە هەر کەس دەچی ودڵی ئەوێ هەرگیز ، هەرگیز هەر بەرنادا.

لەوێوەبوو لە دوورەوە لێرەواری بەروی چاوچناریم بینی ، لە دوورەوە ئاسکە ناسکەکانی سەر باسکەکانی با وا بڵێین ، کێ توانیویە بە دڵی خۆی نەدابێ بەڵێن کە لە بیری ناچێتەوە چاو خوماری بە لەنجەولاری گەردن پڕ خاڵی دەشت ونزاری هەردوو بەری بە شینایی داپۆشراوی دۆڵی نەڵێن .

ئێشتاش نەوروزم لە قەندیلی دیڵ نەبوم وا دەبینم ، پیاوانی بە شان وشکوی جەمەدانەی رەش وسپی لە سەرومل ، وەک رەشانگە خاڵخاڵەکانی ، باڵا سەیرو بێ وێنەکەی خۆ دەنوێنن. لەو دیویەوە شۆرە رێواسەکانی سەوزی کاکۆل سوورم بە هاژە وشنەی شەماڵی سەر هەڵگرتووی بۆ کاتی سەربەخویی نیشتمانم خو پێک دێنن

لە بیرمە لە رانیە لە سەر ئاگری نەوروز لاوی کورد بوو هەر راو دەنرا وچون پێشتریش لە دەورانی عوسمانیدا لە رەواندووز بەم هویەوە لاوی کورد بوو لە داردەدرا .

ئێستا لە
دوڵە جوانەکەی باڵەکایەتی ودەشتە حەوت گوڵە رەنگینە خەملیوەکەی بە گولە ماستی جوانی کەم وێنەی لە جیهان

نەوروزی سەربەستیی دەگیرێ و بێ گومان بە پریشکەکانی ئاگردانی ، دیاربەکرو وان وقامیشلیش ئاگر دەگرن

ئەو ئاگرەی دڵنیام لە تەک ئالاکەمان لە سەر هەموولووتکەکانمان ئەمساڵ وێکرا لە نێو زەماوندا جێ دەگرن

## هەڵە چێنی

# کوو بوو، بوویمە شاحیر!؟

مستەفا شێخە

ئەو بەیانیە وەکی لەناو یاتاغان هاتمە درێ، تەماشام کرد زەوقێکی عەنتیکەم هەیە و بوویمەتە شاحیر. بە پەلە ئەو شەحرەی لۆم هات، نووسیمەوە و گۆتم با لە بیرم نەچیتەوە. لۆخۆم خەنی بوویمە کە هەستاوم بە نووسینی شەحرێکی دردارانە و ئەو شەحرە جوان و قەشەنگەی ئەمن نووسیمە، بە گێی هەر کەسەکی بگاتن، دەیکاتە ریسالەی مۆبایلەکەی و بە مەسیج بەناو گەنجادا براوی دەکاتەوە و بەدەنگی نەرم و نیانان ئەوای دەخوێننەوە:

چەندە خۆش بوو خەونی ئەمشۆ
خەونێکم دی
ساتەکانی پڕ لەخۆشی و
هەناسەکان تێکدەنگووتن
دەستەملان بووم لە باوەش تۆ

گەلەکم پێخۆشە هەمووشەوێ خەونەکی وەها ببینم و بۆ سبیانێ، لە تێنووسی یاداشتەکانمدا بینووسمەوە و ئەگەر زۆر بوون، کۆیان دەکەمەوە و لە پەڕتوکێکی بچووکی گیرفاندا چاپیان دەکەم و جا ئەوجا، دەگەر کتێبی مۆبایلە شەحری شاحیرانی دیکە لە پێش رۆژنامە فرۆشەکان دەیبینمەوە. هەندەک لە کتێبی مۆبایلە شەحرەکانیشم بە تەوقیعی خۆم دەدەمە ئەو کیژ و کارە جوانانەی وەکی کارمامزی خۆشبەز بە پانتۆری دەرینگ کورتەوە دری زەلامی لۆ خۆیان دەبەن.

ئەرێ بەڕاست، پێم سەیرە، چلۆن بوومە شاحیر؟ ئەو شەحرەم کو لۆ هات؟ ئاخر ئەمن و شاحیری کوجا مەرحەبا؟ خۆ ئەمن نە دەزانم کێشی شەحر دەبێ کوو بیتن و نە دەشزانم سەروا چییە؟ راستە جاروبار بیستیتم باسی کێشی برگەیی و حەرووزی و مۆسیقای شەحر دەکەن، بەرام هەر ناویانم بیستییە. ئەدی کوڕە ئەتوو کوو ئەو شەحرەت لۆهات، لۆ پێم نارێی؟

ئەوەندەی خۆی لۆ دەینم و دەبەم و فکرانی لێ دەکەمەوە، نزانم کوو بوو وە لەنەکاو بوویمە شاحیر؟

شەوێ دی چوومە ناو یاتاغان، هەر جولام و خۆم وەرگێڕا سەر کەلەکی چەپ و راست و ئەوەندی کردم خەوم لێنەکەت. لە ناو فکر و خەیاراندا نزانم کوو خەو بردمیەوە. ئەوەی بە فکرو خەیارامدا نەهات، شەحر بوو. هەنووکە وەک شێتانم لێهاتییە، نزانم ئەو شەحرە حیزە بە کێندەرێدا هاتە ناو دەماخم. ئەگەر ئەو قلە شەحرە نەبوایە، کوا عەشق لە لە دەماخی دەدام و تووشی ئەو رۆژە تارەی دەکردم، هەر نزانم کوو بەو شەحەرە عاشق بووم و لە خەیاری خۆمدا ئەو هەموو کیژ و کارە جوانەم ریز کردن؟ کوڕە گەلەک عەنتیکەیە، ئەو کیژانە وەکی مامزی رەوەکن و یەک لە یەکێ جوانترن! حەموویان چاوبەرەک و بەژن زراڤن. ئاخ لۆت نەمینم شاحیرۆکە. بەخوای رەنگە وەزگ بدەی و دەستت نەگاتە نەرمەڕانیان! جا برێم ئەوە دەستت گەیشتێ، خۆ وەکی ماسی زێیە بادینان لە ناو دەستت رادەخوشن! دە ئەوجا منیش وەک شاحیری دی ناوی خوا و رەسورانی لێ دەینم و خۆیان تەناو دەکەم و هەرچی راوەستا لە خوای بەزیاد بیتن.

سوبحانوڵڵا گەلەکم پێ سەیرە، نازانم کوو بوو خۆم تووشی ئەو رۆژەی کرد؟ بەس فکرم لۆ تشتەکی دەچیتن. هەبی و نەبیتن هەر ئەو تشتە وەی کرد ببمە شاحیر. ئەوە تازە بەبیرم دێتەوە، شەوێ دی فکرم لە سەربەخۆیی ئەو کوردستانەی خۆمان دەکردەوە. ئەوندە لە تەلەفزیۆن و رادوێنان بیستیمە یەک دەرێ کورد دەبیتە دەورەتی سەربەخۆ و حوکمەتی خۆی دەبیتن و یەکی دی دەرێ تشتی وەها هەر قەت نابیتن، سەرم دەگەری دەسوورڕێ. شەوێ دی گەلەک درەنگ بوو، تەلەفزتۆنۆکەم پێکردبوو، دوو موزیعی خەبەران لە تەنیشت یەکدی رۆنشتبوون و یەکیان دەیگۆ سەردەگری و ئەوی دی دەیگۆ هەندک کەس درێن سەرناگریتن. خەوم لێ کەت و نازانم پاشان کارەبا رۆیشتبوو یان پیرەژن تەلەفزیۆنەکەی کوژاندبۆوە، بەس ئێستا دەزانم لۆ بویەمەتە شاحیر!

.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 582 4 May 2012

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11604
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC
www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268
تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

## لاوێکی کورد میداڵی زێڕی داهێنانی سویسی بردەوە




قوتابییەکی کورد بەهۆی داهێنانێکی نوێ، لە پێشبڕکێی نێودەوڵەتی داهێنان لە سویس، توانی لەنێو ٧٠ پڕۆژەی پێشکەشکراودا پلەی یەکەم بەدەست بێنێت.

کامیار فەرامەرزی، قوتابیی قۆناغی ٢ی ئەندازیاری پیشەیی لە زانکۆی کرماشان، بە پێشکەش کردنی داهێنانێکی نوێ لە بواری شیرەمەنی، پلەی یەکەمی پێشبڕکێی نێودەوڵەتیی داهێنان لە سویسرای بەدەست هێنا.

پڕۆژەکەی کامیار بۆ درێژخایەن بوونی ماوەی مانەوەی شیری کوڵاو لەناو قوتودا بەبێ لەدەستدانی تایبەتمەنییەکانی، بە داهێنانێکی نوێ هەژمارکرا و لە لایەن لیژنەی پێشبڕکێی خەڵاتی زێڕینی ژنێفی پێبەخشرا.

پێشبڕکێی نێودەوڵەتیی داهێنانی ژنێف باڵاترین پلەی زانستی لەسەر ئاستی جیهاندا هەیە و تەنها لەم ساڵدا ٤ هەزار داهێنانی پێشکەش کراوە.

## ئۆباما ڕۆژنامەنووسێکی کوردی خەڵات کرد



نامۆ عەبدوڵڵا، ڕۆژنامەنووسی کورد و پەیامنێری (ڕووداو) وەک تاکە خوێندکاری ڕۆژنامەگەری لە زانکۆی کۆلۆمبیا، خەڵاتی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی کۆشکی سپی لەلایەن سەرۆکی ئەمریکا باراک ئۆباماوە پێدرا.

بە پێی ڕاپۆرتەکان لە ئێوارەخوانێکدا کە لە کۆشکی سپی بەڕێوەچوو، زۆربەی ئەندامانی ستافی ئەمریکا، وەزیران و کۆنگرێسمان و سیناتۆرەکان ئامادەی بوون، نامۆ عەبدوڵڵا ئەم خەڵاتەی وەرگرت. هاوکات باراک ئۆباما لەگەڵ خانمی یەکەمی ئەمریکا میشێل ئۆباما، پێشوازییان لە نامۆ عەبدوڵڵا کرد.

گۆڤاری پۆڵەتیکۆ، لە ژمارەیەکی تایبەت بە ڕووداوەکانی ئێوارە خوانی کۆشکی سپی دا دەنووسێ: «نامۆ عەبدوڵڵا عەزیز، ڕۆژنامەنووسێکی کوردی باشووری کوردستانە کە ڕاپۆرتەکانی لە باشترین ڕۆژنامە عێراقی و جیهانییەکاندا بڵاو کراونەتەوە. وەک ڕۆژنامەنوسێکی سەربەخۆ، بابەتی بۆ ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، ڕۆیتەرز، پەیمانگەی ڕۆژنامەوانی بۆ جەنگ و ئاشتی، کە ئۆفیسی سەرەکی لە لەندەنە، ئاژانسی هەواڵی مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان نووسیوە. دواجاریش، سەرنووسەری بەشی ئینگلیزی (ڕووداو) بووە، کە ڕۆژنامەیەکی پێشەنگە لە هەرێمی کوردستاندا».

## چەند لاوی شاعیری دێمۆکرات لە کۆڕە شێعرێکدا

دوانیوەڕۆی شەممە ٢ی بانەمەڕ، کۆڕێکی شێعر لە ژێر ناوی «بەهار و گوڵ و شادی» لە لایەن کۆمیسیۆنی فێرکردنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ چەند لاوێکی بەهرەمەند و شاعیر لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک پێک هات.

دوکتور ئەکرەم خامۆش، شاعیری خەڵکی شاری کۆیە یەکەم شێعر خوێنی ئەم کۆڕە شێعرە بوو کە چەند دەقی شێعریی لە ژێر ناوەکانی «باوەڕ»، «یەکگرتنەوە» و «زۆڵی» پێشکەش بە ئامادەبوانی کۆڕەکە کرد.

دواتر شاعیری لاوی نێو ریزەکانی حیزبی دێموکڕات، یووسف قەدیری دوو شێعری لە ژێر ناوی «جوانی» و «دڵتەنگی» بۆ بەشداران خوێندەوە.

سێهەم شاعیری کۆڕەکە شاعیری لاوی شاری کۆیە، سارێژ کۆیی بوو، ئەو شاعیرە لاوەش دوو شێعری بە ناوەکانی «بڕۆ» و «ڤالانتاین» خوێندەوەو کۆڕەکە بە گۆرانیەکی خۆشی محەممەد زێوەیی پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕات درێژەی پێ درا.

نێعمەت مەلا، شاعیری لاوی نێو ریزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وەک دوایین شێعر خوێنی کۆڕەکە بە چەند کورتە شێعر هەستی شاعیرانەی خۆی پێشکەش بە ئامادەبوان کرد و دوای ئەم بڕگەیە لە لایەن بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ داوا لە شاعیری خاوەن بەهرەو هەست ناسک کاک ڕەسووڵ سوڵتانی کرا تاوەکوو بە خوێندنەوەی شێعرێکی خۆی کۆڕەکە پتر بڕازێنێتەوە. لەو بڕگەیە لە بەرنامەکانی ئەو کۆڕە شێعرەدا ڕەسووڵ سوڵتانی بەم بۆنەیەوە دوو پارچە شێعری جوانی بۆ بەشدارانی کۆڕەکە خوێندەوە.





شایانی باسە ئەو کۆڕە شێعرە بە گۆرانیەکی دیکەی محەممەد زێوەیی، پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کۆتایی پێ هات.

## سوڕەیا فەللاح: بەهۆی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ و پێشەنگی لە کار کردندا خەڵات کراوم



ئێوارەی ٩ی بانەمەڕ لە شاری لۆس ئەنجلێس خاتوو سورەیا فەللاح چالاکی مافەکانی مرۆڤ و ژنان بەهۆی هەوڵ و کار و تێکۆشانەکانی لە بواری مافی مرۆڤ خەڵات کرا.

سورەیا فەللاح لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ بەشی کوردیی دەنگی ئەمریکا وتی ئەم خەڵاتەم لە لایەن شووڕای دابەشکاری پۆلیسی لۆس ئەنجلێسی گەورەوە پێشکەش کرا کە ساڵانە ١٥ کەس بۆ خزمەت بە کۆمەڵگە، بەرگری لە مافی مرۆڤ و کاری ڕێکخراوەیی و بەڕێوەبەریی و ئەو ژن و پیاوانەی کە بە وتەی خۆیان خەریکن بە جلکی پولیسەوە خزمەت بە خەڵک دەکەن هەڵدەبژێرن و خەڵاتیان دەکەن. ئەو خاتوونە چالاکە کوردە دەڵێ من ئەو خەڵاتەیان لە بەرامبەر کارەکانم لە بواری مافەکانی مرۆڤ و پێشەنگی لە کارکردندا پێشکەش کردوم.

## کرانەوەی پێشانگای کاریکاتۆر لە شاری سەقز



پێشانگایەکی کاریکاتۆر لە لایەن دوو کەسی شاری سەقز لە نیگارخانەی ئەم شارە کرایەوە.

لەم پێشانگایەدا کە لە لایەن هونەرمەندان ئیسماعیل ڕەزایی و پڕشەنگ ئەمانی یەوە کراوەتەوە، بە بۆنەی ڕۆژی مامۆستاوە سەرجەم ٤٨ بەرهەم خراوەتە بەر چاوی بینەران.

شایانی باسە کە ئەم پێشانگایە تا ١٥ی بانەمەڕ بەردەوام دەبێ.

## بردنەوەی دوو میداڵی زێڕو زێوی ئاسیا لە لایەن کێش هەڵگرێکی کورد

کیانووش ڕۆستەمی کێشهەڵگری کوردی خەڵکی کرماشان میداڵی زێڕی لە یەک زەرب و میداڵی زێوی لە جووڵەی دوو زەرب لە پێشبڕکێیەکانی پاڵەوانیی ئاسیا بردەوە.

ڕۆستەمی کە لە پێشبڕکێیەکانی پێشوودا لە پاریس بە بەرزکردنەوەی قورسایی ٢١٠ کیلۆگەڕەمی بوو پاڵەوانی جیهان، لەم خولەدا کە لە کۆریان بەڕێوە چوو بە بەرزکردنەوەی ٢١١ کیلۆ قورسایی میداڵێکی زێڕو زێوی بردەوە.




جێی وەبیرهێنانەوەیە کە وەرزشکارانی کورد لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین میداڵیان بردۆتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەم هەمووە زەحمەتە لەگەڵ هەڵاواردنی کاربەدەستانی وەرزشیی ئێران ڕووبەڕوو بوونەتەوە




بەر لە ماڵاوایی

# بۆ ئەوەی تاوانی ١٩ی بانەمەڕ دووپات نەبێتەوە!

قادر وریا

بەرەبەیانی ١٩ی بانەمەڕی ١٣٨٩ پێنج مرۆڤی تێکۆشەر و ئازادیخواز کە چواریان کورد بوون، ئێعدام کران. ئەو پێنج مرۆڤە بریتی بوون لە: ١- فەرزاد کەمانگەر ٢- فەرهاد وەکیلی ٣- عەلی حەیدەریان ٤- شیرین عەلەم هولی و ٥- مێهدی ئیسلامیان.

ئێعدامی ئەو پێنج مرۆڤە، کاتی خۆی شەپۆلێکی گەورە لە تووڕەیی، نەفرەت و بێزاری لە ڕێژیمی ئینسانکوژی کۆماری ئیسلامیی وەڕێ خست. هەر پێنج ڕۆژ دوای ئێعدامی ئەو پۆلە لاوە بوو کە خەڵکی کوردستان وەک وڵامدانەوە بە بانگەوازی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چالاکانی مەدەنیی کورد، مانگرتنێکی سەرانسەری و گشتییان وەڕێ خست.

ئێستا کە بەرەو دووهەمین ساڵڤەگەڕی ئەم تاوانە گەورەیەی کۆماری ئیسلامی دەچین، یادکردنەوەی لە چەند بارەوەلە جێگای خۆی دایە:

یەکەم، شەهیدەکانمان بەتایبەتی ئەوانەی بەندیی سیاسی بوون و بە تاوانی تێکۆشان لەپێناوی مافە نەتەوایەتییەکان و داوا کردنی ئازادیی گەلەکەیان، لە سێدارە دراون یا گوللەباران کراون، نابێ هیچ کات فەرامۆش بکەین. ئەگەر دوژمنانمان دەیانەوێ بە لەنێو بردنی ڕۆڵەکانمان، خەباتی ئەوان و بیری ئازادیخوازانە لەنێو نەتەوەکەیان و ورە و ئیرادە و بڕیاری تێکۆشان لاواز بکا، دەبێ ئێمە بە بەرز ڕاگرتنی ناو و یادیان، بیسەلمێنین کە بە پێچەوانە، بەم جۆرە تاوانانە بیری ئازادیخوازی و خەبات لە پێناوی ڕزگاری و ورە و بڕیارمان بۆ بەردەوامیی ڕێگای شەهیدەکانمان دەگەشێتەوە و بەهێزتر دەبێ.

دووهەم، دەبێ یادی ئەم تاوانە و تاوانەکانی پێشتر بۆ وێنە چەند جاری دیکە ئێعدامی بە کۆمەڵی بەندییە سیاسییەکان کە ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهاباد لە جۆزەردانی ١٣٦٢دا نموونەی هەرە دیاریانە، بکەینەوە بۆ ئەوەی هیچ کات دڕندەیی و دڵڕەقیی دوژمنانمان لە بیر نەبەینەوە. با هەمیشە لەبیرمان بێت کە یاسا و دام و دەزگای قەزایی و ڕێوشوێنەکانی دەسەڵاتداریێتیی ڕێژیمی دەسەڵاتداری ئێران و داگیرکەرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان، کە هەر لە جێدا نادێموکڕاتیک و زاڵمانەن، کاتێک دەگاتە سەر تێکۆشەرانی کورد و ئازادیخوازانی دیکە، بە تەواوی وەلادەنرێن و ڕق و بڕیاری دام و دەزگا ئەمنییەتی و سەرکوتکەرەکان، جێگای قانوون و دام و دەزگای قەزایی دەگرێتەوە. لە جیاتی دەسەڵاتی بەڕێوەبەری ملکەچی یاسا و ڕێوشوێنە قەزاییەکان و دادگا بێ، دەزگای قەزایی و دادگا و هتد، دەبێ بە ئەمر و فەرمانی دەزگا ئەمنییەتی و سەرکوتکەرەکان بجووڵێنەوە.

سێهەم هۆ بۆ یادکردنەوەی تاوانی ١٩ی بانەمەڕی دوو ساڵ لەمەوبەر، ڕێزدانان بۆ ئەو هەڵوێستە نەتەوەیی و گشتی‌یەیە کە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، چالاکانی مەدەنی و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کورستان لە خۆیان نیشانیان دا. مانگرتنی گشتی و سەرانسەریی ٢٣ی بانەمەڕی دوو ساڵ لەمەوبەر، وەک بێزاری دەربڕین لەم تاوانە گەورەیەی کۆماری ئیسلامی، لەو ڕووداوانەیە کە دەبێ بە شانازییەوە یادی بکرێتەوە. ئەم هەڵوێستە زۆر پەیامی ڕوونی بۆ بکوژانی ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان تێدابوو. گرینگترین پەیام ئەوە بوو کە مەرگی ڕۆڵەکانمان بەهۆی سێدارەی بێداد، ڕیزەکانمان یەکگرتوو و ورە و ئیرادەمان بۆ کۆتایی هێنان بە ستەم و بێبەشی شێلگیرتر دەکا. خەڵکی کوردستان ئەو پەیامە ڕاشکاوانەیان بە ڕێژیمی ئێران دا کە، بە هاسانی لە مەرگی ڕۆڵەکانمان نابوورین و کوشتنی تێکۆشەرانی کورد، بۆ کۆماری ئیسلامی تێچووی سیاسیی قورسی بەدواوە دەبێ.

چوارەم، بەداخەوە هەر ئێستا چەندین تێکۆشەری دیکەی کوردستان لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدان کە حوکمی ئێعدامیان هەیە. بە دڵنیاییەوە کۆماری ئیسلامی ئەگەر پێویست بکا خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر ئێعدامی ئەوان دا بێ تەفاوت دەبن، سزای زاڵمانەی خۆی لەسەریان بەڕێوە دەبا. یادی دوو ساڵەی تاوانی ١٩ی بانەمەڕ و بیرەوەریی مانگرتنە پڕ شکۆیەکەی ٢٣ی بانەمەڕ، دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی هەموو لایەکمان لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، چالاکانی سیاسی و داکۆکیکاری مافی مرۆڤ لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و بەگشتی خەڵکی کوردستان، داوای ئازادیی تێکۆشەرانی کورد و هەڵوەشانەوەی حوکمی ئێعدامی ئەوان بکەین. هەر لەو کاتەش دا لەگەڵ یەکتر پەیمان نوێ بکەینەوە کە ئەگەر جارێکی دیکە کۆماری ئیسلامی تاوانی لەم چەشنە لەدژی ڕۆڵەکانمان ئەنجام بداتەوە، یەکگرتووانەتر لە جاری پێشوو، بەدژی دەوەستینەوە.